مەودود جەبار

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ئەو پرسیارانەی

مولحید ناتوانێ وەلاّمیان بداتەوە



بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

ئەو پرسیارانەی
مولحید ناتوانێ وەڵامیان بداتەوە

مەودود جەبار

ناوی کتێب: ئەو پرسیارانەی مولحید ناتوانێ وەڵامیان بداتەوە
ناوی نووسەر: مەودود جەبار
دیزاینی بەرگ: ناوەندی ڕێنوێن
دیزاینی تێکست: دانا حەسەن
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢٤
چاپ: ناوەندی ڕێنوێن
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی هەڵەبجە ژمارە (٣٦٥٣)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێ دراوە.

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن©

ناوەندی ڕێنوێن
07511408868 - 07748145964
hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com
سلێمانی - بازاڕی ئاسۆمۆڵ - نهۆمی دووەم
دوکانی ژمارە (٤٥)

پێڕست

پێشەکی ١١

ئەو پرسیارانەی کە ئیماندار دەبێ لە مولحیدی بکات ١٣

بەشی یەکەم: ئایا دەکرێ هەموشتێک لە هیچەوە بێتە بوون؟ ١٧

کوانتەم میکانیک و چەمکی هیچ (Nothingness) ١٧

یەکەم: لۆرانس کراوس و سەرەتای گەردوون ١٨

خودای ستیڤن هاوکینگ ٢٣

خودای ڤیکتۆر جەی ستێنگەر ٣٠

ئایا بیردۆزی فرەگەردوونی هیچ بەڵگەیەکی زانستیی هەیە؟ ٣٣

بۆچی لەناو بێکۆتا گەردوونی شپرزدا، ئەمەیان ڕێکە؟ بۆچی ئێمە لە ڕێکەکەیاندا جێگیر بووین؟ ٣٥

ئایا دەکرێ یاسای کیمایی و فیزیایی هەر ڕۆژە و شێوەیەک بێ؟ ٣٥

ڕیچارد فاینمان و ڕەخنەکەی لە کوانتەم میکانیک ٣٩

پیتەر ئاتکینز و سەرەتای بوون ٤٠

ڕەخنەی مولحیدێک لە مولحیدێکی تر ٤٥

ئایا شتی لێڵ دەتوانێ شتی تر ڕوون بکاتەوە؟ ٤٦

ئایا زانست گۆڕانی بەسەردا دێ؟ ٤٩

کرم ماموّستای پرۆفیسۆرە ٤٩

ئایا مرۆڤ سەدا چەنی گەردوون دەزانیت؟ ٥٠

باسی موعجیزە و کوانتەم میکانیک ٥١

یاسا و دەستوری هۆ و ئەنجام ٥٣
کتێبەکەی ڕاسڵ ٥٣
بۆچی لە کاتی ژماردندا کە بەرەوخوار دێینەوە، لە یەکدا دەوەستین؟ ٥٤
وردکردنەوەی پێکهاتەی خانە ٥٤
کێ دەتوانێ پرسیارێک نۆ جار بکاتەوە؟ ٥٥
باکوری باکوری زەوی کوێیە؟ ٥٦
نموونەی فەرمانی تەقەکردن ٥٧
پوختەی ئەم بەشە ٥٨
ئەو پرسیارانەی لەم بەشەدا پێویستە لە مولحیدان بکرێ ٦٠
دۆعای کۆتایی ئەم بەشە ٦٤

بەشی دووەم ٦٥
داواکارییەکەی دڵ چی بوو؟ ٦٥
داواکاریی جیاواز جیاواز ٦٥
مورتاحی ٦٦
سەرچاوەی خۆشی و خۆشبەختیی مرۆڤی مولحید ٦٧
نیتچە و دڵخۆشی ٦٨
مانا چییە؟ ٧٠
کەی مولحید دەتوانێ لە قوڵاییەوە خۆشحاڵ بێ؟ ٧٠
ئایا مولحید جیهان بە مانادار دەبینێت؟ ٧٠
ئەفسانەی سیزیف و دڵخۆشی ٧١
مرۆڤ چەند ساڵ دەتوانێ بەدرۆوە دڵخۆش بێ؟ ٧٢
هەستەکانم لەسەر کەلەی سەر قیژاندیان ٧٣

کتێبی فەتحکردنی خۆشبەختی کە خۆی پڕیەتی لە دڵتەنگی ٧٣
مولحید کاتێ دەست دەکاتە ملی منداڵە چوار ساڵەکەی ٧٥
کام مولحیدانە دواتر خۆشبەخت دەبن؟ ٧٥
جوتیار کەی دڵی بە دەغڵودانەکەی خۆش دەبێ؟ ٧٦
باخەوان کەی دڵ بە گوڵەهەنارەکان خۆش دەکات؟ ٧٦
بۆچی ئیلحاد لە قوڵاییدا ڕقی لە شتەکانە؟ ٧٧
بۆچی ئیلحاد هەوڵی بڵاوکردنەوەی زینا دەدات؟ ٧٧
ئیلحاد و خۆکوژی ٧٨
هۆش وەک سەرچاوەی خۆشبەختی ٧٩
جۆن ستیوارت میل و ئیلحادەکەی ٧٩
ئایا لەم کتێبەدا بۆچی بەدوای هەستەکانەوەین؟ ٨٠
نموونەیەکی مانادار ٨٢
بۆچی مرۆڤ هەستێکی جیاوازی دوای چاکەکاری بۆ دروست دەبێ؟ ٨٣
ئایا بازرگانی لەگەڵ پەروەردگاردا عەیب یان نوقسانییە؟ ٨٤
ئایا عەیبە لەبەر پاداشت کاری چاکە بکەین؟ ٨٧
نیشانەی دڵخۆشی ئەوەیە شەو موڕتاح بی کە خەوتی ٨٨
بابەتێک کە نێستا توێژینەوەی زۆری لەبارەوە دەکرێ ٨٨
جیاوازیی نێوان منداڵێکی ٣ کیلۆیی و ٣ کیلۆ گۆشتی نەرمەی بازاڕ ٩٠
بۆچی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کار دەکەنە سەر دڵخۆشی؟ ٩١
دەیڤد هیوم و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ٩١
بۆچی مرۆڤ بە ناعەدالەتی دڵتەنگ دەبێ؟ ٩٣
ئایا کێ هەزار ساڵی دەوێ لەگەڵ دایکی، بەڵام دواتر بەرەو نەمان بچن و هەرگیز یەک نەبینەوە؟ ٩٦

دڵی مرۆڤ بیر لە ئەنجام دەکاتەوە ٩٧
دۆزینەوەی نیعمەتبەخش لەناو نیعمەتدا ٩٧
ئایا بیرت لای سێوە یان ئەوەی سێوەکەی بۆ ناردووی؟ ٩٨
خۆشحاڵی و کامەرانی لای شۆپنهاوەر ٩٩
بۆچی لە سەرەوە باسی حەزمان کردووە؟ ٩٩
بۆچی هەمیشە دەوترێ ئیلحاد شەڕە و ئیمان ئاشتی؟ ١٠٠
واجبی ئیماندار ١٠٤
ئایا مولحیدان حەز دەکەن دایکیان مولحید ببێ؟ ١٠٥
خۆشبەختی لای داوکینزی مولحید ١٠٧
ئەی تەماشاکردنی جوانیی جیهان واتای چییە؟ ١٠٩
ئایا دۆزینەوەی پەروەردگار گەورەترین زانست نییە؟ ١١٣
ئایا لەم گەردوونەدا هیچ شتێک پشتگیریی ئیلحاد دەکات؟ ١١٤
دۆعای ئەم بەشە ١١٥

بەشی سێیەم: چەمک و مانای مردن لای مولحیدان ١١٧
نرخی مرۆڤ لای ستیڤن هاوکینگ ١١٩
نرخی مرۆڤ لای ئیمان ١٢٠
ئایا مولحیدە دەتوانێ بە شتێک بڵێ گرنگ و بە شتێک بڵێ ناگرنگ؟ ١٢٣
جیاوازیی چییە لەنێوان گۆشتی منداڵەکەی و گۆشتی بەرخ؟ ١٢٤
بێرتراند ڕاسڵ و دوای مردن ١٢٥
داوکینز و دوای مردن ١٣٦
بوون و نەبوونی سارتەر ١٣٩
کارل ساگان و ئاواتی زیندووبوونەوە ١٣١

نموونەی ئەو منداڵەی دەمی تاڵە ١٣٤
تەنانەت مولحیدیش ناتوانێ هەستەکەی بشارێتەوە ١٣٤
فەیلەسوف ئەی سی گرەیلین و نەمانی دوای مردن ١٣٥
ئایا مولحید بەم قسانە دڵخۆش دەبێ؟ ١٣٦
ئایا گەر زیندوو نەبینەوە، عاقڵی زەرەرە یان قازانج؟ ١٣٧
مرۆڤ توانای هەیە چەند ساڵ نەمرێ؟ ١٣٨
بۆچی مرۆڤ خۆی دەکوژێ؟ ١٣٩
بۆچی ئەجەل شاراوەیە؟ ١٤٠
سیمینارێک بۆ کۆمەڵێک تەلەبەی تایبەت ١٤١

پێشەکی

١- ئەم کتێبە بێلایەنانە نەنوسراوە، وەک ئەوەی زۆرکەس بانگەشەی بێلایەنی دەکەن، بەڵکوو بەتەواوی لایەنگری بۆ ئیمان و سەلماندنی بەڵگەکانی و، ڕووخاندنی ئیلحاد و پوچەڵکردنەوەی ڕەخنەکانیان دانراوە.

٢- لە مەسەلەی ئیمان و ئیلحاددا مرۆڤ، واتە قوڵاییەکانی مرۆڤ ناتوانێ بێلایەن بێ و، بەردەوام هەست و سۆزەکانی، پاشان لێکدانەوە عەقڵییەکانی، حەز و ئارەزووەکانی، کاریگەرییان لەسەری دەبێ کە گرنگترین بەشی گیان و دڵی مرۆڤ بریتییە لە هەستە قوڵەکانی دڵی کە زۆرجار پێشی عەقڵ و لێکدانەوە عەقڵییەکانی دەدەنەوە.. بۆ نموونە لە تێگەیشتن لە قیامەت و زیندووبوونەوە، هێندەی دڵ و قەلب بابەتەکە یەکلا دەکەنەوە، هیچ شتێکی دیکە ناتوانێ یەکلای بکاتەوە.

٣- لەم کتێبەدا گرنگییەکی زۆر بە لایەنە هەستییەکان و پرسیارە قەلبییەکان دراوە و مولحید ناچار کراوە گوێ لە قوڵاییەکانی دڵی بگرێ و بزانێ ئایا ئیلحاد چەندە خۆشبەختیی ڕاستەقینەی پێ دەبەخشێ! ڕاستەقینە نەک کاتی و شتی پێنج دەقەیی!

٤- هەوڵ دراوە قسەی مولحیدە گەورەکان بهێنرێ و لێکدانەوەی قەلبی و ویژدانی و لە هەندێک شوێنیشدا عەقڵی بۆ قسەکانیان بکرێ.

٥- کەمجاریش ڕەخنەی مولحیدەکان لە خۆیان هێنراوە.

٦- سەرچاوەکان و دەقی قسەکانیان وەک خۆی دانراوەتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر تەرجەمەکەشی بەدڵی هەندێک خۆشەویست نەبێ، وەک ئەمانەت دەقەکان هەبن و دواتریش وەک سەرچاوە بەکاربهێنرێنەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ئاماژە بەوەش بدرێ کە لەم کتێبەوە ئەو قسانە دەرهێنراون. دیارە ئەوە نیشانەی نرخاندنی ماندووبوونی کەسانی تر نیشان دەدات.

٧- لە کۆتاییدا بابەتێکی تێدایە کە هەوێن و ڕەحمی کتێبەکەیە. چونکە سەرەتا ئەم بابەتە سیمینار بوو. بۆیە دەقی سیمینارەکەش لەوێ لەلایەن دادە (نوهـا هادی)یەوە نوسراوەتەوە و لە ١٥ لاپەڕەی کۆتاییدا دانراوە و لەوێ کۆمەڵێ پرسیاری گرنگ لە مولحیدان کراوە کە دوای ئەوەشی زۆر خۆیان زەحمەت دەدەن، هەر ناتوانن وەڵامی بدەنەوە!

٨- کتێبەکە تەنها بریتی نییە لە وەڵامدانەوە، بەڵکوو لە چەندین شوێندا چەسپاندن و سەلماندنی ئیمانە کە هەر ئەوەش مەبەستە بنەڕەتییەکە، بۆیەش بەزۆری ڕوو لە دل کراوە.

٩- ڕەخنەگرتن لەم کتێبە، وەک ئەوەیە کەسێک کراسەکەی شتێکی پێوە بێ، تۆش بێی و بۆی لابەری! بەوە تۆ چاکەی خۆت دەکەیت و خاوەنەکەی منەتبار و کراسەکەش جوانتر دەکەی.

مەودود جەبار عبدالله

٢٠٢٤

ئەو پرسیارانەی کە ئیماندار دەبێ لە مولحیدی بکات

١- تێگەیشتنی ئێوە لە گەردوون چییە و چۆن دەتوانن شەرحی ئەوە بکەن کە هەمووشتێک لە هیچەوە بەبێ دروستکەر هاتووەتە بوون؟
٢- چۆن پێناسەی ئەخلاق دەکەیت بەبێ هەبوونی هێزێکی بالادەست؟
٣- ئایا بڕوات بە ڕاست و هەڵە، ماناو مەبەست هەیە لە ژیاندا؟ ئەگەر دەڵێیت بەڵێ، ئایا دەتوانیت سەرچاوەی ئەو ڕاست و هەڵە و مانایە باس بکەیت کە لە چییەوە یان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟
٤- ئازادیی مرۆڤ لەکوێدایە ئەگەر گەردوون لە هەڕەمەکییەت و شپرزییەوە سەرچاوەی گرتبێ؟
٥- ئایا هەستەکانی مرۆڤ لەکوێوە سەرچاوەیان گرتووە؟
٦- ئایا ئاگایی و هۆشی مرۆڤ چۆن لە مەیمونەوە گوازراوەتەوە بۆ مرۆڤ؟
٧- ئایا پێت وایە مرۆڤ ئازادە؟
٨- ئایا هەستی خۆشحاڵیت چۆن بۆ دروست دەبێ لەکاتێکدا دەزانیت لە ژیانێکدایت هیچ مانا و مەبەستێکی تێدا نییە؟
٩- ئایا پێت وایە زانست دەتوانێ وەڵامی هەموو پرسیارە گرنگەکانی ژیان بداتەوە؟ یان لایەن و تەوەرەی دیکە هەیە کە ناکرێ لە ڕووانگەی زانستەوە قسەی لەسەر بکرێ؟

١٠- ئایا لێکدانەوەی تۆ چییە بۆ ئاگایی و ئەزموونە تاکەکەسییەکان کە بەتەواوی سنورەکانی مادده دەبەزێنن و دەچنە شوێن و هەرێمی دوورتر وەک خەون بینین؟
١١- لێکدانەوەی تۆ بۆ دین چییە؟ ئایا بۆچی لە سەرەتای مێژووەوە بە قوولی و بەپانی، دین لە هەموو نەتەوە و کۆمەڵگەکاندا هەبووە و هەیە و زۆرینەی خەڵکیش بڕوادارن؟
١٢- ئایا لێکدانەوەی تۆ بۆ مردنی دوای ئەم ژیانە چییە؟ ئایا لە ڕووی دەروونی و فەلەسەفییەوە چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەرت؟

١٣- ئایا هەرگیز توشی مەوقیفی وا بوویت کە دووڵ بیت لە ئیلحادەکەت؟
١٤- مردن چییە؟
١٥- بۆچی لە مردن ئەترسن؟
١٦- خۆشەویستنی منداڵەکەت یان باوک و دایکت چۆن پێناسە دەکەیت؟
١٧- ئایا چۆن تەفسیری ئەو حاڵەتە تایبەتانە دەکەیت کە توشی دەبیت، بۆ نموونە تەماشاکردنی ئاسمانێکی قوولی پڕ لە ئەستێرە بە شەودا؟
١٨- ئایا لەم کەشە دینییەی سەرزەویدا، هەست بە غەریبی دەکەیت، یان ئیلحاد کەشێکی بۆ ڕەخساندوویت کە هەستی نامۆییت تێدا نەمێنێ؟
١٩- ئایا بەشێک لە ناخت جاروبار هەستی ئەوەت لا دروست دەکات کە ڕەنگە ئەم دین و دینداریە ڕاست بێ؟
٢٠- ئایا کاتێک خەڵکی لە دەوروبەرت نوێژ دەکەن، هەستێکی نامۆتاحیت بۆ دروست دەبێت؟

٢١- ئایا کاتێک دینداران ئیلحاد بە هەژاری و داماویی پێناسەی دەکەن، چ کارێگەرییەکی لەسەر تۆ هەیە؟

٢٢- ئەگەر توشی شتێکی جیاواز ببیت کە بە هیچ شێوەیەک زانست نەتوانێ بۆت لێک بداتەوە، ئایا دووبارە ناگەڕێیتەوە بۆ دین و ئایین و لێکدانەوە ئاینییەکان؟

بەشی یەکەم

ئایا دەکرێ هەموشتێک لە هیچەوە بێتە بوون؟

بیرمەندە موڵحیدەکان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا زیاتر پەنا بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی یان زانستی دەبەن، ئەمەش چەند لێکدانەوەیەکی ئەوانە بۆ ئەم پرسە:

کوانتەم میکانیک و چەمکی هیچ (Nothingness)

لە فیزیای تازەدا و بەتایبەتیش فیزیای کوانتەم، چەمکی هیچ ئەو هیچە فەلسەفییە نییە کە مێشک یەکسەر دەبات بەرەو لای بۆشاییەکی بەتاڵ و خاڵی کە هیچ هیچی تێدا نەبێت، بەڵکوو لێرە هیچ بە مانای کۆمەڵێک وزە یان گەردیلەی شپرز دێت کە تاوێ دیارن و تاوێ نادیار، واتە شەپۆلئاسان و بەرزونزم دەکەن.

هۆی دیاربوون و دیارنەبوونەکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ناجێگیری و بەرزونزمییە کوانتەمییەکەیان. واتە لای هەندێک لەمان گەردوون لە هیچێکی شپرزی ماوەیەک دیاری ماوەیەک نادیارەوە پەیدا بووە، نەک ئەو هیچە فەلسەفییەی کە لە سەرەوە باسمان کرد و مێشکمان

یەکسەر بۆی دەچێت. بۆیە لای ئەو فەیلەسوفە مولحیدانە کە دواتر ناویان دەهێنین، بۆ پەیدابوونی گەردوون، ئەم وزە و مادده ڕێکنەخراوە زۆر وردە، دایکی گەردوونە و پێویستیان بە هێزێکی دەرەکی نییە کە پەیدایان بکات.

بۆ ئەم مەبەستە هاتین و سەردانی کتێبی مولحیدە دیارەکانمان کرد و پوختەی ئەوەی لەم بارەیەوە باسیان کردبوو، خستمانە بەر لێکۆڵینەوە:

یەکەم: لۆرانس کراوس و سەرەتای گەردوون

ئەو لە کتێبێکیدا بەناوی (گەردوونێک لە هیچەوە) (٢٠١٢)، دەڵێ کە کوانتەم میکانیک پێمان دەڵێ کە (هیچ) شتێکی ناجێگیرە و دەکرێ گەردیلە و وزەی لێوە پەیدا ببێ؛ ئەوەش واتە دەشێ گەردوونەکان لە ئەنجامی شەپۆلە کوانتەمییەکانەوە پەیدا ببن و هیچ پێویستیان بە هێزێکی باڵادەستی موتەعال نەبێت.

دەقی قسەکەی کراوس لە کتێبەکەیدا لاپەڕە ١٤٨، ئا بەم شێوەی لای خوارەوە هاتووە: (ڕاستیی ئەوەی ئێمە لە گەردوونێکدا دەژین کە پڕە لە «شت something»، ئەوەیە کە ئەم شتە ئەنجامی ڕووداوێکی لەخۆوەی دۆخێکی مەجازییە –نەک لە حەقیقەوە پەیدا بووبێ. ئەوەتا یاساکانی کوانتەم میکانیک پێمان دەڵێن کە «هیچ» خۆیشی شتێکی ناجێگیرە و، بۆشایی و فەراغ (empty space) دەتوانێ تەنۆلکەی مەجازی وا لێ بکات بێنە بوون و دواتر دیار نەمێنن)[1].

1 - "The fact that we live in a universe dominated by 'something' is an accident

ئەوە جگە لەوەی لە پێناسەکەدا باسی گەردیلەی مەجازی دەکات (virtual particles)، نەک گەردیلەی حەقیقی کە ئەوە بابەتێکی وردترە و باسی ناکەین کە چ هەڵەیەکی گەورەی کردووە، بەڵام لە بەڕێزیان دەپرسین:

ئایا ئەو مادده و وزە شەپۆلییەی کە لە سەرەتادا هەیە و شپرزە و ناڕێکوپێکە، ئەوە خۆی چۆن پێک هات؟
ئایا هەر هەبووە؟
یان لە کاتێکدا دروست بووە؟
یان خۆی خۆی دروست کردووە؟

ناکرێ خۆی خۆی دروست کردبێ، چونکە پێنج خولەک بەر لەوەی خۆی دروست بکات، دەبێ هەبووبێ، بۆ ئەوەی پێنج خولەک دواتر بتوانێ خۆی دروست بکات.

ئەگەر وتمان هەر هەبووە، ئەو کاتە دەڵێین ئایا ئەوەی ئێوە ناوی دەنێن «هەرهەبوو»، زانستی هەبووە بۆ ئەوەی دواتر گەردوون دروست بکات؟
پاشان: دوای زانستەکە، ئایا تواناشی هەبووە گەردوون دروست بکات؟ واتە توانای هەبووە زانستەکەی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە؟

ئەگەر بڵێین زانستی نەبووە، پرسیار دەکرێ کە ئەگەر زانستی

---

of our particular circumstance. The laws of quantum mechanics tell us that nothingness itself is unstable, and empty space can give rise to virtual particles that come into existence and disappear." (A Universe from Nothing, p. 148)

نەبووە، ئەی چۆن زانی دەبێ دوای ئەم شەرزیی و شەپۆلە ناڕێکوپێکانە، ماددەیەکی ڕێکی حەقیقی بەرهەم بهێنێ؟
بۆیە ناکرێ هەم نەزانێ و هەم شتیش بزانێ، کەواتە دەبێ سیفەتی زانینی هەبێ؟!

دووەم دەپرسین ئایا ئەو ماددە سەرەتاییە توانای هەبووە؟ واتە دەیتوانی شتی شەرزی شەپۆلاوی بکاتە شتێکی جێگیر یان شتێکی ڕێکوپێک؟

ئەگەر بڵێ ناتوانێ، ئەڵێین ئەی بۆچی دواتر توانی بیکات؟
یان ئەی بۆچی ئەوەتا شت هەیە؟
یاخود دەڵێن نەخێر خۆی نەبووە، یەکێکی تر پێی کردووە؟
یان دەڵێ بەڵێ توانای هەبووە ئەو کارە بکات!

لەم دوو بژاردەیەش زیاتری لەبەردەستدا نییە.

تا ئێرە مولحید دانی ناوە بەوەی کە ماددە سەرەتاییەکەی گەردوون کە خۆی شەرز و ناڕێکوپێک و ناجێگیر بووە، هەم زانستی هەبووە بە شتەکان، هەم تواناشی بەسەریاندا شکاوە!

پاشان پرسیاری ئەوەی لێ دەکەین ئایا ئەم ماددەی سەرەتا، کارزان بووە؟ واتە حەکیم بووە؟
واتە شتەکانی بە ڕێکوپێکی دروست کردووە؟ ئەوەتا ئێمە گەردوون دەبینین زۆر ڕێکوپێک و بەرنامەڕێژراوە و هەموو شتەکان بە ترازووی وردی هەستیار، عەینی ترازووی زەڕەنگەر

کارەکانیان دەکەن و گەر پێکهاتەی کیمیایی ماددەکان بگۆڕێت، ئەوا دەسبەجێ ناوەکەشی دەگۆڕێت، وەک ئەوەی لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو ئۆکسیجین گازێک دروست دەبێ کە زۆربەی بوونەوەرە زیندووەکان بۆ هەناسەدان هەڵی دەمژن، کەچی هەر ئەوەندەی ئەم دوو ئۆکسیجینە بوونە سێ دانە، خێرا شتێکی دیکە پێک دەهێنن کە پێی دەوترێ ئۆزۆن؛ ئیتر هەم ناوەکەی دەگۆڕێ، هەمیش کارەکەی دەبێتە پارێزگاری کردن لە بەرگەهەوای زەوی و هەڵمژینی تیشکە سەروو وەنەوشەییەکان.

یان جاری وا هەیە پێکهاتەی شتێک گۆڕانێکی بچوکی تێدا ڕوو دەدات، ئیتر تێکڕای سوودەکانی دەبنە زیان.

یاخوود ئەوەتا ئەم ماددە سەرەتاییە ئاگای لەو شتانە نەبووە و دواتر شتەکان خۆیان لە خۆیانەوە ئاوا ڕێکوپێک و ورد و هەستیار دروست بوون!

گەر مولحید بڵێ نەخێر ئاگای لەو شتانە نەبووە، بەڵکوو هەر لە خۆیانەوە ئاوا ڕێکوپێک پێک هاتوون، ئەوە خۆیشی بڕوا بەو قسەیەی ناکات، چونکە ناکرێ هەر یەک شتی دەسەڵاتدار هەبێ، کەچی دواتر شتێکی ڕێکوپێک لە ئەنجامی کارەکانی ئەوەوە پەیدا ببێ و خۆی نەکا بە خاوەنی!

خۆ گەر وتی بەڵێ ئەو ماددە سەرەتاییە حیکمەتیشی هەبووە و خۆی بەرنامەڕێژیی هەموو شتەکانی کردووە، ئەو کاتە پرسیارێکی لێ دەکەین...

پرسیارەکە:

ئایا ئەوەی تۆ باسی دەکەیت کە زانایە، تواناشی هەیە و کارزانیشە، هەمان ئەو سێ سیفەتە سەرەکییە نین کە ئیماندارەکان دەیدەنە پاڵ خالقی ئاسمانەکان و زەوی و شتەکانی نێوانیان؟

کەواتە تۆش بڕوات بە شتێکی زانای توانای کاربەجێ هەیە، بەڵام تەنها ناوەکەیت گۆڕیوە!

لێرەدا مولحید هیچ قسەیەکی بۆ کردن نامێنێ و چەندین جار ئەمەش لە موناقەشە و گفتوکاندا ڕووی داوە و توانای بەردەوامییان لە قسە نەماوە و یەخەی هەندێ بابەتی ئەملاولایان گرتووە وەک ئەوەی ئەی ئەگەر ئەم خوادایە وایە، بۆچی فلانە خزمەمان هەر کە لەدایک بوو، کوێر بوو؟

لێرەدا ئەو پرسیارە ڕووی لە خۆیەتی و ئەو دەبێ پرسیارەکەی لەو گەردوونە بکات کە لە بری خودا بە خودای دەزانێ، نەک خێرا خوداکەی خۆی لێ بەدوور بگرێ و پرسیارەکە ڕووبەڕووی ئەو پەروەردگارە بکاتەوە کە ئێمە باسی دەکەین! واتە دەبێ بە کوانتەم میکانیک بڵێ: بۆچی ئەم خزمەی منت بە کوێری دروست کرد؟

با خۆی لە سروشت بپرسێ بۆچی وای دروست کردووە!

ئەمانەمان لە موناقەشەکاندا لە مولحیدان پرسیوە و هیچ وەڵامێکیان نەبووە؛ نەشیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ ئەو قسەی کە بڵێن گەردوون زانا و توانا و حەکیم نییە، چونکە لە گفتوگۆکەدا ئەو بابەتەمان بڕاندووەتەوە.

کەواتە:

١- ئەو مولحیدانەی بڕوایان بە کوانتەم میکانیک هەیە وەک لۆرانس کراوس، نەیانتوانی پێمان بڵێن گەردوون لە هیچی فەلسەفییەوە پەیدا بووە، بەڵکوو ئەوانیش ناچارن بڵێن لە شتێکەوە پەیدا بووە کە ئەو شتەشیان کردووە بە خوا، لەکاتێکدا شتێکی شپرز و شەپۆلاوی و دیار-نادیارە، واتە تاوێ دەردەکەوێ و تاوێ ون دەبێ.

٢- ئەوانیش بڕوایان بە شتێک هەیە کە زانستی هەبێ، توانای هەبێ و کاربەجێش بێ کە ئەو سێ تایبەتمەندییە هیچ پەروەدگاری زیندووی ڕاگری ئاسمانەکان و زەوییە.

خودای ستیفن هاوکینگ

دوای ئەو دێنە لای ئەو زانا بەناوبانگەی بواری بیرکاری و تۆزێکیش فیزیا کە مولحیدە و دانی بە ئیلحادەکەی خۆیدا ناوە[1].

1 - "Before we understood science, it was natural to believe that God created the universe, but now science offers a more convincing explanation." "What I meant by 'we would know the mind of God' is we would know everything that God would know if there was a God, but there isn't. I'm an atheist." September 2014 interview with Spanish newspaper El Mundo

ئەو هەرچەندە خۆی نەیتوانیوە قسە بکات، بەڵکوو لە ڕێگەی ئامێرێکەوە دەیتوانێ قسەکانی دەربڕێ، لە کتێبێکی خۆیدا بەناوی (دیزاینی مەزن: The Grand Design) لاپەڕە ١٨٠، زۆر ڕاشکانەوە باس لەوە دەکات کە بۆ دروستبوونی گەردوون هیچ پێویستییەکمان بە بوونی خودا یان دەسەڵاتێکی بااڵ نییە، بەڵکوو گەردوون خۆڕسکانە لە ڕێگەی یاسا فیزیاییەکانەوە، بەتایبەتییش یاسایەکی وەک کێشکردن (gravity) دەتوانێت لە هیچەوە خۆی دروست بکات و بێتە بوون؛ ئیتر هیچ نیازێک بە خودایەکی موتەعاڵ نییە کە وەک دروستکەری گەردوون بناسرێت.

ئەمەش دەقی قسەکەی خۆیەتی کە لە کتێبەکەیەوە وەرگیراوە:

(مادەم یاسایەکی وەک کێشکردن هەیە، ئەوا گەردوون ئێستا و دواتریش دەتوانێ لە هیچەوە خۆی دروست بکات. هەر ئەم دروستبوونە خۆڕسکەیە کە وای کردووە لەبری ئەوەی «هیچ» نەبێت، «شت» هەیە؛ هۆی ئەوەش کە ئێمە و گەردوون هەین، هەر ئەوەیە.)[1]

مەبەستی ئەوەیە کە مادەم یاسای کێشکردن هەیە یان پێشتر هەبووە، ئەوا ئەم یاسا و ڕێسایە دەتوانێ گەردوون دروست بکات. نەک هەر گەردوون، بگرە ئێمەش لەلایەن ئەوەوە دروست کراوین.

1 "Because there is a law such as gravity, the universe can and will create itself from nothing. Spontaneous creation is the reason there is something rather than nothing, why the universe exists, why we exist." (*The Grand Design*, p. 180).

: *The Grand Design* (2010), p. 180.

بەکورتی واتە:
بەر لەوەی گەردوون هەبووبێ، ئەبێ یاسای کێشکردن (Gravity) هەبووبێ.

پرسیارێک لێرەدا لە خۆمان دەکەین، ئەویش ئەوەیە: ئایا ئێمە چ کاتێک دەزانین یاسایەک هەیە کە پێمان دەڵێ ئاو لە ١٠٠ پلەی سیلیزییدا دەکوڵێ؟

بێگومان ئەو کاتەی کە ئاو هەبێ، ئەوسا یاساکەش دەزانرێ. واتە لەو شوێنەی کە هەرگیز ئاو نەبینراوە و ئاوی لێ نەبووە، هەرگیز ئەم یاسایە نازانرێ. کەواتە یاسای کوڵان کار لەسەر ئاو دەکات و پێویستە ئاو هەبێ ئەوسا یاساکەش دەزانرێ.

ئێستا: ئایا یاسای کێشکردن کار لەسەر چ شتێک دەکات؟
بێگومان ماددە!
ئێستا یاسای کێشکردن چۆن کەشف کراوە لەکاتێکدا کە ماددە نەبووبێت؟ کێ زانی کە ئەو یاسایە هەبووە بەبێ هەبوونی ماددە؟

ئەم قسە وەک ئەوە وایە یەکێک بێت و بڵێت: یاسای کوڵانی ئاو لە سەدی سیلیزیدا دەتوانێ ئاو دروست بکات!

لێرەدا مولحید دەبێ وەڵامی ئەم بابەتە بداتەوە:
دەبێ بڵێ: یاساکە هەبووە و ئەو یاسایە دواتر ماددەی پێک هێناوە؛ واتە یاسای کێشکردن بەدیهێنەری ماددەیە!

ئەگەر وتی یاسای کێشکردن بەدیهێنەری ماددەیە، کە بەڕاستی ئەم قسەیە هیچ کەسێکی ژیر نایکات و یەکسەر پرسیاری ئەوەی ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە ئایا ئەم یاسای کێشکردنە زانستی هەبووە یان نەبووە لەبارەی دروستکردنی ماددە سەرەتاییەکانی گەردوونەوە؟ واتە ئایا عیلمی هەبووە؟

پاشان ئایا توانای هەبووە بێت و ئەوەی دەیزانێ، بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە؟ چونکە جاری وا هەیە ئێمە شتێک دەزانین، بەڵام ناتوانین بیکەین؟

مولحید ناچارە بڵێ: بەڵێ زانیویەتی و تواناشی هەبووە بیکات.

پاشان دوای ئەوەی تەماشای وردەکارییە پڕ لە حیکمەتەکانی ئەم گەردوونە دەکەین، تێدەگەین دەبێ حەکیمێک ئەم شتانەی ڕێک خستبێت، ئەوسا پرسیاری لێ دەکەین کە ئایا ئەو یاسای کێشکردنەی کە زانست و توانای هەبوو، ئایا ژیر و لەکارزانیشە؟

بێگومان ناتوانێ بڵێ نەخێر ژیر و لەکارزان نەبووە، چونکە ئەگەر ئینکاریی ئەمە بکات، هەموو کەس گاڵتەی پێ دەکەن، چونکە ئەم هەموو عەقڵەی ئێستا هەیە، ئەبێ ئەو دروستی کردبن، واتە لانی کەم دەبێ لە ئێمە عاقڵتر بێ، چونکە هێزی عەقڵ لە عاقڵەوە دەردەچێ.

کەواتە:

مولحید ناچار بوو بڵێ:

هێزی کێشکردن سێ تایبەتمەندیی هەیە:

یەکەم: زانایە و عیلمی بە شتەکان هەبووە.

دووەم: تواناشی هەبووە ئەو عیلم و زانستەی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

سێیەم: حەکیمیشە، واتە زانستەکەی و تواناکەشی گشتی حەکیمانەیە و کارەکانی ڕێکن.

ئێمەش لێرەدا پرسیاری ئەوەی لێ دەکەین کە تۆ بۆ ئەوەی بڵێیت خودا نییە، شتێکی ترت کرد بە خودا، واتە نەتتوانی بڵێی ئەو شتانە هەروا لەناکاو پەیدا بوون، بەڵکوو وتت هێزی کێشکردن خودای ئەو شتانەیە. واتە نەتتوانی خودایەک، یان دروستکەرێکیان بۆ بڕیار نەدەیت، بەڵکوو هەر هەمان سیفەتەکانی پەروەردگارت لە پەروەردگار سەندووەتەوە و دات بە هێزی کێشکردن.

بێگومان لێرەدا ئەگەر وای وت، ئەوە دیارە توشی هەڵەیەکی زۆر گەورەی ئیلحادی بووەتەوە کە پێچەوانەی بیری ئیلحادەکەی خۆیەتی، چونکە هێزی کێشکردنەکەی دەبێ زانستی هەبووبێ، تواناشی هەبووبێ، حیکمەتیشی هەبووبێ، بەمەش بیرۆکەی هەڕەمەکێتی و شپرزی هەڵدەوەشێتەوە.

ئا لەم کاتەدا پرسیاری ئەوەی لێ دەکەین کە ئایا ئەو سێ سیفەتە کە باسمان کرد، لە خودی خۆیدا هەر هەیبووە، یان لە دەرەوەی خۆیەوە پێی بەخشراوە!

ئەگەر بڵێن لە دەرەوەی خۆیەوە پێی بەخشراوە، دەڵێین کێ پێی بەخشیوە؟ خۆ ئێوە دەڵێن ئەو یەکەم شت بووە کە هەبووبێ!

ئەگەریش بڵێن: نەخێر هەر هەیبووە و هی خۆی بووە، ئەوکاتە ئێمەش دەڵێین: تۆ باسی پەروەردگارەکەی ئێمە دەکەیت و ئەوەتا هەموو سیفەتەکانی خودات بەخشیوە بە یاسای کێشکردن و تەنها ناوەکانت گۆڕیوە و بڕوات بە سیفەتەکان هەیە جگە لە زاتەکە.

بێگومان ئەم قسانەی مولحید هیچ شتێکی لەگەڵ ئیلحاددا نایەتەوە، چونکە ئەوان پێیان وایە هیچ شتێکی سەرەتایی نەبووەتە هۆی دروستبوونی شتەکانی دوای خۆی... ئەگەر وا بڵێن، ئەوا دەسبەجێ ڕووبەڕووی ئەو پرسیارانە دەبێتەوە کە ئایا ئەو شتە سەرەتاییە زانستی هەبووە؟ توانای هەبووە؟ لەکارزان بووە یان نا!

کەواتە:

١- ئەوەی پێی وابوو هێزی کێشکردن بەسە بۆ ئەوەی دروستبوونی گەردوونمان بۆ لێک بداتەوە، بابەتەکەی قۆناغێکی دیکەش بردەوە دواوە بێ ئەوەی هیچ شتێکمان بۆ چارەسەر بکات.

٢- نەیتوانی بڵێ گەردوون لە هیچ هیچەوە پەیدا بووە، بەڵکوو بەبێ ئەوەی خۆی بزانێ، بەدیهێنەرێکی بۆ دانا کە هێزی کێشکردنە لەکاتێکدا هێزی کێشکردن لە هەندێک شوێندا هەزاران جار لە هێزەکانی دیکە لاوازترە و لەڕووی فیزیاییەوە ناکرێ بەتەنها هێزی کێشکردن هەبووبێ. ئەوەتا هێزی کارەبایی لە ناوکی خانەدا (١٠ توانی چل) جار لە هێزی کێشکردن بەهێزترە...

خودای ڤیکتۆر جەی ستێنگەر

گەر هەمان پرسیار لە ڤیکتۆر جەی ستێنگەر (Victor John Stenger 1935- 2014) بکەین[1] کە ئەمیش یەکێکە لە مولحیدە سەرەکییەکانی مەیدانەکە و موناقەشەی گەورەی لەگەڵ گەورە فەیلەسوفی ئیمانداری ئەمریکی (ویلیەم لەین کریگ)دا هەیە، دەبینین:

لەبارەی دروستبوونی هەموشتێک لە هیچەوە، کتێبێکی نوسیوە و، بە گاڵتەوە ناوی لێ ناوە (خورافەی دیزاینی ڕێکوپێک یان هەڵەی ڕێکوپێکیی گەردوون) (*The Fallacy of Fine-Tuning*)[2] و دەڵێ ئێمە هیچ پێویستمان بە هێزێکی باڵادەست نییە ئەم گەردوونەی خستبێتە ڕێ، بەڵکوو هەر ئەوەی کە شەپۆلە کوانتەمییەکان و بیردۆزی فرەگەردوونی هەبێ، ئەوانە بەسن بۆ تەفسیرکردنی ئەوەی چۆن ئەم دەزگایەی جیهان و بوونەوەر هاتوونەتە بوون!

---

1 https://www.google.com/search?sca_esv=e6c6a1c4dd3e8b42&sca_upv=1&biw=1093&bih=488&sxsrf=ADLYWIJfwy8Dc1o26eOlRJuRoWiQCwwggw:1727707620392&q=Victor+J.+Stenger&tbm=vid&source=lnms&fbs=AEQNm0A-2qeMemLzzt_2BVemHLFNuCSl5jMwuDXSDytcTb5xOFugulBwSVKrCaczAYRUt2Z5_be3-rr2W2-c6mcvRLEBy7B8QoFBW2ddfwIZ-c2oYTCDQ1iCuvHelksIAXRGLHukGddKBP6yt5C23FV63C6WSY7rsohu2QCQPF_BM43tJgshsEo&sa=X&ved=2ahUKEwiq0_S39OqIAxUvRPEDHehIMGQQ0pQJegQIEhAB#fpstate=ive&vld=cid:264809fb,vid:qbO54ADxomA,st:0

لەو چاوپێکەوتنەدا و لە چرکەی ١٧دەڵێ کە من بڕوام بە خودا نییە.

٢ بەڵگەی شیرازەمەندیی گەردوون (Fine tuning)، یەکێکە لەو بەڵگانەی کە ئیمانداڕەکان دەیهێننەوە بۆ سەلماندنی پەروەردگار و دەڵێن: ئێمە دەبینین ئەم گەردوونە زۆر ڕێکوپێک و شیرازەمەندە، شتی شیرازەمەندیش دەبێت یەکێک ڕێکوپێکی کردبێ، کەواتە ڕێکوپێککەرەکە پەروەردگارە و یەکێکیشە لە بەڵگە زۆر بەهێزەکان.

پەیدابوونی گەردوون لە پڕۆسە سروشتییەکانەوە

ناوبراو دەڵێ دەکرێ بوونی گەردوون لە ڕێگەی پڕۆسە سروشتییەکانەوە لێک بدرێتەوە و هیچ نیازێکمان بە بوونی خودایەک نییە بیهێنینە نێو مەسەلەکەوە. دەشڵێ ئەوەتا لەرەلەری کوانتەمی و بیردۆزی فرەگەردوونی ئەتوانن بۆمان لێک بدەنەوە کە ئەم دەزگای جیهانە چۆن خۆڕسکانە هاتووەتە بوون!

دەقی قسەکەشی بەم شێوەیەیە:

(دەشێ زۆر بەباشی ئەم گەردوونە لە هیچەوە هەڵتوقیبێ بەبێ دەستێوەردانی هیچ هێزێکی باڵا و موتەعال. ئەوەتا فیزیای کوانتەم پێمان دەڵێ دروستبوونی گەردیلەکان لە هیچەوە شتێکی زۆر ئاساییە!)[1]

قسەکانی ستینگەر چەندین مشتومڕ هەڵدەگرێ:

یەکەم: فیزیای کوانتەم ناڵێ هەموو گەردیلەیەک دەتوانرێ لە ڕێگەی لەرەلەری کوانتەم فیزیکەوە بێتە بوون، بەڵکوو تەنها تەنۆلکە مەجازییەکان دەتوانن بێنە بوون، نەک تەنۆلکەی حەقیقی.

گەر ڕاستیشت دەوێ، ئەو قسەیەی کە دەڵێ تەنۆلکەی مەجازی دەتوانێ بێتە بوون، قسەیەکە زیاتر لە مەتەڵ دەچێ تا قسەی زانستی، چونکە شتێک کە خۆی مەجازی بێ و بە مەجازیش بمێنێتەوە، واتە حەقیقی نییە؛ ئیتر کە حەقیقی نەبێ، بوونی خەیاڵی چ سوودێکی هەیە و دەتوانێ چ شتێک بسەلمێنێ؟

1 "The universe may very well have popped into existence from nothing without any supernatural intervention. Quantum physics shows that the creation of particles from nothing is a natural occurrence." (*The Fallacy of Fine-Tuning*, p. 205)

ئەو قسە وەک ئەوە وایە بەڕێزت یان من، لە خەیاڵی خۆماندا هەزاران پارە خەلق بکەین و بمانەوێ لە ڕێگەی ئەو پارانەی کە لە مێشکماندا بە مەجاز دروستمان کردووە، قەرزەکانمان بدەینەوە؟!

بێگومان لەم حاڵەتەدا تەنها دەتوانین قەرزە خەیاڵییەکان بدەینەوە، نەک قەرزە حەقیقییەکان. ماددەیەکیش کە خەیاڵی بێ، هەر لە خەیاڵدا کاری پێ دەکرێ؛ حەقیقەت حەقیقەتە و مەجازیش مەجاز.

خُم‌ها همه در جوش و خروشند ز مستی
وان مَی که در آن جاست حقیقت نه مَجاز است

پاشان ئەو قسە کۆنەی لەگەڵ ئەو زانستەدا ڕێک دەکەوێ کە بەردەوام باسی دەکەن و دەڵێن شتێک خۆمان دەستی لێ نەدەین، یان نەیبینین، بڕوای پێ ناکەین... کەچی لێرەدا خۆیان بە شتێک دەڵێن ناحەقیقی، پاشان لە خۆشیان کردووەتە حەقیقی و دواتریش دەیکەنە سەرچاوە و یەکەی بنەڕەتیی دروستبوونی ئەم گەردوونە ماددییە لەمسکراوە؟!

دووەم: ئەگەر تێبینی بکەیت، ئەمیش هەر شتێک بە دروستکەر و هۆی بوونەکە دادەنێ و ناتوانێ بڵێ هیچ هەر نەبووە و لەخۆوە و بێ هیچ هێزێک هاتووەتە بوون، بەڵکوو فیزیای کوانتەم و بیردۆزی فرەگەردوونیی بوونەتە جۆرێک لە جۆرەکانی خالق لای ئەوان.

سێیەم: بیردۆزی فرەگەردوونی کە مەبەستیان پێی ئەوەیە بێکۆتا گەردوونی لەم گەردوونەی خۆمان هەیە؛ لەوێشەوە دەیانەوێ بڵێن لەناو ئەو ملیارەها گەردوونەدا ئەم دانەیان ئاوا جوان و ڕێکوپێک دەرچووە و ئەوەش شتێکی ئاساییە لەناو ملیارەها گەردووندا دانەیەکیان ئاوا پڕبەرنامە و ورد و ڕێکوپێک بێت!

ئایا بیردۆزی فرەگەردوونی هیچ بەڵگەیەکی زانستیی هەیە؟

لێرەدا دەپرسین ئایا بیردۆزی فرەگەردوونی ج بەڵگەیەکی زانستیی هەیە؟

ڕاستییمان بوێت، ئەوە بابەتێکی تەواو مەعنەویی و غەیبییە و هیچ ئیلاقەیەکی بە زانستەوە نییە کە ئەمان بەردەوام دەڵێن ئێمە بڕوامان بە زانست و شتی بینراو و ئەزمونکراوە!

ئەم بابەتی فرەگەردوونییە تەواو وەک بوونی بەهەشت و دۆزەخ و ژیانی دوای مەرگ وایە و ئیمان قسەی لەبارەوە دەکات نەک زانست! ئەوە تەنها بابەتێکە لە دەرەوەی ئەزموونەوە و، مرۆڤ تا ئێستا بە قسەی خۆی، توانیویەتی ٥٪ لەم گەردوونە کەشف بکات، ئیتر لەکوێ توانیویانە بزانن بێکۆتا گەردوونی دیکە هەیە؟!

هەروەک لەو سەرچاوەیەی خوارەوەدا باس کراوە[1]، دەزگا زانستییەکان دەڵێن ٩٥٪ی ئەم گەردوونەی خۆمان، تەنها ئەمەی

1 - https://bigthink.com/hard-science/95-percent-universe-mystery/
لێرەدا و لە دەیان پێگەی زانستیی دیکەدا باسی ئەوە کراوە کە زانست توانیویەتی سەدا پێنجی ئەم گەردوونەی خۆمان کەشف بکات و نەوەدوپێنجەی دیکەی نەزانراوە کە ئەویش پێک دێ لە وزەی تاریک و مادەی تاریک.

خۆمان، نەزانراو و نەناسراوەو زۆرینەی هەر زۆری بەشە نەزانراوەکەی لە مادده و وزەی تاریک پێک هاتووە، ئیتر لەکوێ زانییان ملیارەها ملیار گەردوونی دیکە، بگرە بێکۆتا گەردوونی دیکە هەیە و بەردەوامیش دروست دەبێ؟ ئەمەیە بیرکردنەوەی زانستیی سەدەی بیستویەک؟! ئەی قوڕ بەسەر زانست ئەگەر بوێرێ لافی وا لێ بدا... دڵنیابە ئەگەر زانست دەم و زمانی هەبووایە، ئەیوت کاکە وازم لێ بێنن، من هەر ئەو سەدا پێنجەی ئەم گەردوونە دەزانم و سەبارەت بە باقییەکەی هیچ شتێ ئاگادار نیم! بۆچی لە خۆتانەوە منتان کردووە بە هەمووشتێ لەکاتێکدا خۆم ڕازیم نییە!

هەموو ئەو قسانەشیان بۆ ئەوەیە بڵێن ئیرە لەخۆیەوە و بێ هیچ پلان و بەرنامەیەک دروست بووە و ئێمەش بێ بەرنامە و پلانین و نابێ بەگوێی پێغەمبەران بکەین، بەڵکوو دەبێ بە دڵی خۆمان چیمان پێ خۆش بێ بیکەین!

پاشان دروستبوونی ملیارەها ملیار گەردوونی شپرزی دیکە، نابێتە پاساو بۆ ئەوەی بوترێ ئەوەی ئێرە بێ مەبەست دروست بووە؟!

تۆ گەر سەد ماڵی شپرز دروست بکەیت و لەپاڵیشیاندا دانەیەکی ڕێکوپێک، دیارە دەتەوێ شتێ بە بینەران بڵێی!

کەواتە:

بۆچی لەناو بێکۆتا گەردوونی شپرزدا، ئەمەیان رێکە؟ بۆچی ئێمە لە رێکەکەیاندا جێگیر بووین؟

هەروەها دروستبوونی شتی شپرزیش پێویستی بە دروستکەرە، چونکە ئێمە لە سەرەتای کتێبەکەوە وتمان ناکرێ شت لە هیچهیچەوە و بێ دروستکەر و پاڵنەرێک بێتە بوون، ئیتر چ رێکوپێک بێت یان لاروچەوت!

ئایا بۆ دروستبوونی سێوێکی گەنیو، هەمان وزە و ماندووبوونمان پێویست نییە کە لە دروستکردنی سێوێکی ساغدا سەرفی دەکەین؟ ئایا بۆ گەناندنی سێوەکە، نابێ سەرەتا سێوەکە ساغ بێ؟ ئایا تا سێوی ساغ نەبینین، چۆن دەزانین سێوێک گەنیوە؟

بۆ گەردوونەکانیش کە مولحیدەکان دەیڵێن، دەبێ سەرەتا بزانرێ گەردوونی رێک چۆنە، پاشان گەردوونی ناڕێک دەناسرێ! هەروەها یاسا فیزاییەکان گەر لەو گەردوونانەی تر هەبن، دەبێ رێکوپێک بن.

ئایا دەکرێ یاسای کیمایی و فیزایی هەر ڕۆژە و شێوەیەک بێ؟

بۆ نموونە بیهێنە بەرچاوت مادەم بە قسەی ئەوان گەردوونەکانی تریش ماددین و ئەوان خۆشیان هەر بەتەنها بڕوایان بە ماددە هەیە، کەواتە دەبێ لەوێش جۆرێک لە جۆرەکان یاسا هەبێ کە بەردەوام و جێگیر بێ؛ بۆ نموونە لەوێش یاسایەکی وەک یاسای کێشکردن هەبێ،

ئێ دەبێ ئەو یاسای کێشکردنەی ئەوێش یان هەر یاسایەکی دیکەی کە تێیدایە بە بەرنامە و ڕێکوپێک بێت، ئەگینا گەردوونە شپرزەکە چۆن توانیویەتی بە درێژایی ئەم هەموو ملیار ساڵە جێگیر بێ و وەک خۆی بمێنێتەوە؟ بێگومان لەناو دەچێت و بەر گەردوونێکی دیکە دەکەوێت و سەرەنجام گشتیان تیا دەچن و هەر ئەم گەردوونە ڕێکوپێکە دەمێنێتەوە... ئەوە ئەگەر یەکێک لەو گەردوونە شێتانە خۆیان نەکێشن بە ئێمەشدا و ئێرەش لەناو نەچێت... بەڵام مادەم ئێرە ماوە، مانای ئەوەیە ئەگەر قسە غەیبییەکەی ئەوان کە هیچ پەیوەندییەکی بە زانستەوە نییە، ڕاستیش بێت، ئەوا لەوێش یاسا و ڕێسای ورد و دەقیق و ترازووی سەرنەکەر هەیە و شتەکان بەجوانی میزان دەکرێن!

کەواتە شپرزییەکەی ئەوێش هەر ڕێکوپێکە، چونکە هەموو ڕێسا و یاساکانی نەگۆڕن و لە ئەزەلەوە هەر هەن! ئێ شتێکیش کە لە ئەزەلەوە هەبووبێ و تێک نەچووبێ و خراپ نەبووبێ، کەواتە ڕێکوپێکە و لەسەر بەرنامەیەک دەڕوات!

کەواتە ئەو گەردوونانەی دیکەش ڕێکوپێکن، نەک شپرز!

ئەگەر شتێکیش لەسەر بەرنامە بڕوات، دەبێ بەرنامەدارێژەرێکی هەبێت! ئەگەر بڵێی بەرنامەدارێژەرەکەی خودی خۆیەتی، ئەوکاتە سێ پرسیارەکەی لێ دەکەین کە ئایا ئەو گەردوونەی کە خۆی بەرنامەدارێژەری خۆیەتی، زانایە بەوەی دەیکا؟

بەر لەوەی خۆی دروست بکات، دەیتوانی خۆی دروست بکات؟ ئایا حەکیمە و کارەکانی بەڕێکی دەکات و بیری لێ کردووەتەوە یان هەروا بە شپرزی دروستی کردووە؟

مولحید لێرەدا ناچارە بڵێ زانستی هەبووە، تواناشی هەبووە چونکە ئەوەتا هێناوێتییە بوون! ناچاریشە بڵێ کارەکانیشی ڕێکوپێک بوون چونکە کارێکی کردووە کە ملیارەها ساڵە هەیە و خراپ نەبووە!

ئەمە بۆ هەر گەردوونێک دەبێ هێزێکی لەو شێوەیە هەبێ کە زانا بێ، توانا بێ، لەکارزانیش بێ!

بە قسەی خۆشیان بێکۆتا گەردوون هەیە، کەواتە بێکۆتا هێزی لەو شێوەیە هەیە کە هەموشتێکی زانیبێ، هەموشتێکی توانیبێ و هەموشتێکیشی بە بەرنامە و حیکمەت دروست کردبێ!

ئەوەش تەنها بریتییە لە تایبەتمەندییەکانی خوای گەورە!

لە ئەنجامدا ئەوان دانیان ناوە بە بێکۆتا خودا و پەروەردگاردا، چونکە لای ئەوان بێکۆتا گەردوونی زانا و توانا و حەکیم هەیە کە ئەوەش دەکاتە هەبوونی بێکۆتا خودا!

ئێستا وەرە و بزانە مولحید چەند هەژار و مایەپوچە لە بیرکردنەوەدا؟! لەبەر ئەوەی لە یەک خودا هەڵبێ، ناچار ملیارەها ملیار خودای دروست کردووە، یان ملیارەها شتی کردووە بە خودا.

مولحید لێرەدا وەک ئەو منداڵە وایە کە لە کەناری دەریادا تەماشای بڵق و کەفەکان دەکات و لە هەر دانەیەکیاندا خۆرێکی

بچووک دەبینێ... ئیتر لەبری ئەوەی بڵێ ئەم خۆرە بچووکانە درەوشانەوە و وێنەدانەوەی خۆرە گەورە تاقانەکەی ئاسمانن، دێت و دەڵێ ئەمانەش هەموویان خۆری ڕاستەقینەن و وا لە عەقڵ و هۆشی خۆی دەکات بڕوا بەوە بکات لەناو ئەو بڵقە بچووکەدا جێگەی خۆرێکی هەزاران هەزار تەن بۆتەوە!

ئایا کاتێ بڵقەکە تەقی، خۆرەکەی ناوی چی لێ دێ؟

ئەوە لە کاتێکدایە خۆرە سەرەکییەکە هەر ماوە و وێنەی خۆی لەسەر هەزاران بڵقی وا لە ڕابردوو و داهاتوودا دەرخستووە و دەردەخات تا تۆ بیناسیت و بیدۆزیتەوە و سەر بۆ شتی باقی بەرز بکەیتەوە و لە شتە کاتی و کەمخایەنەکاندا نەچەقی کە دڵ ئەم شتە باقییە هەتاهەتاییە نەمرەی دەوێ و وێڵە بەدوایدا!

هیچ یەکێک لەو بیردۆزانەی کە تا ئێستا باسی سەرەتای گەردوونیان کردووە، هیچکامیان نەیوتووە گەردوون لە هیچی سفرەوە پەیدا بووە، بەڵکوو هەرکامیان شتێکیان بۆ داناوە، بۆ نموونە لۆرانس کراوس وتی ئەو هیچەی ئێمە لە کوانتەمدا باسی دەکەین هیچە فەلسەفییەکە نییە کە بە مانای نەبوون دێت، بەڵکوو بۆشایی کوانتەمییەکە (quantum vaccum). ئێ دیارە بۆشایی کوانتەمییش لای زانایانی بوارەکە لە چەند شتێک پێک دێت:

یەکەم: شوێن.

واتە شوێنێک هەبووە.

دووەم: وزەیەکی شەپۆلی.

واتە وزەیەکی شەپۆلی هەبووە.

کەوابێ ئەگەر ئەم دوو شتە هەبووبن بە قسەی خۆیان، دەتوانن پێمان بڵێن ئەو دوو شتە چۆن هاتنە بوون؟

ناتوانن وەڵام بدەنەوە.

-

ڕیچارد فاینمان و ڕەخنەکەی لە کوانتەم میکانیک

هەر خودی ڕیچارد فاینمان کە خۆشی مولحیدە، دەڵێ: (بڕوام وایە دەتوانم بێخەم ئەوە بڵێم کە هیچکەس لە کوانتەم میکانیک تێناگات.)[1]

هەر ئەو نا، بەڵکوو دەیڤد ئاڵبێرت، کە فەیلەسوفێکی بەناوبانگە و پێی وا نییە کە خودا گەردوونی دروست کردبێ، لە چاوپێکەوتنێکیدا دان بەوەدا دەنێ کە کەس لەم کوانتەم میکانیکە تێ ناگا.[2]

بەڕاستی دەمانەوێ زیاتر ورد بینەوە لە قسەی مولحیدان و بزانین ئایا کەسیان قسەیەکیان کردووە نەتوانین ڕەخنەی لێ بگرین؟

---

1 («I think I can safely say that nobody understands quantum mechanics.») · *The Feynman Lectures on Physics*, Volume 3 (Quantum Mechanics), Chapter 1 - *Quantum Behavior,* In many editions, this quote appears early in the chapter, around **page 1-8**.

* ئەم بابەتە لە یوتیوبیش بە ڤیدیۆ هەیە کە وەک بەڵگە دەتوانرێ دانرێ و کەس نەڵێ لەوانەیە دەسکاری کتێبەکەی کرابێ.
https//:www.youtube.com/watch?v=w3ZRLIlWgHI

2 https://www.youtube.com/watch?v=tyfIm9tWIT8
لە خولەکی سێ بەدواوە.

بۆ ئەو مەبەستە خەریکین و بەناو کتێب و بابەت و سەرچاوەکانیاندا دەگەڕێین و ئەو باسانە دێنین کە پەیوەندییان بە سەرەتای دروستبوونی گەردوونەوە هەیە لە سفرەوە، واتە ئەوەی کە خۆیان دەڵێن گەردوون لە هیچەوە دروست بووە! وا گەشتین بە یەکێکی دیکە...

پیتەر ئاتکینز و سەرەتای بوون

لە درێژەی گەشتەکەدا گەشتینە لای یەکێکی دیکە لە فەیلەسوفە مولحیدەکان بەناوی پیتەر ئاتکینز (Peter Atkins: 1940-2024 ماوە).

ناوبراو لە کتێبەکەیدا کە ساڵی ٢٠١١ بڵاوی کردووەتەوە و ناوی لێ ناوە (لەبارەی بوونەوە)، قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکات کە چۆن دەکرێ شت لە هیچەوە بێتە بوون!

ئەم پیاوە یەکێکە لە هەرە بەتەمەنترین مولحیدەکانی ئێستا و لە دەمی ئەم نوسینەدا تەمەنی ٨٤ ساڵی خۆری و ٨٧ ساڵی مانگییە. ئەو بۆ ئەوەی بڵێ پەروەردگارێک نییە، یان دەسەلاتێکی موتەعاڵ ئەم گەردوونەی نەهێناوەتە بوون، ناچار بووە زۆر لە خۆی بکات و بڵێ: پڕۆسە سروشتییەکان و یاسا نەگۆڕەکانی فیزیا، بەتایبەتییش فیزیای کوانتەم دەتوانن ڕێ بۆ گەردوون خۆش بکەن تا لە هیچەوە بێنە بوون!

ئیدی بە بڕوای ئەم زانا کیمیاییە، یاساکانی گەردوون، واتە هەم یاسا سروشتییەکان و هەم فیزیاییەکان لە دەرەوەی سروشت هەبوون، ئینجا دواتر ئەمان یەکیان گرت و بڕیاریان دا گەردوون دروست بکەن!

تێبینی دەکەین کە ئەم زانا بەناوبانگە چۆن هەزاران یاسای کردووە بە خودا، لەبری ئەوەی دان بە یەک پەروەردگاردا بنێت!

واتە لای ئەم: سەدان یاسای سروشتی، لەگەڵ سەدان یاسای فیزیایی و فیزیای کوانتەم پێکەوە کۆبوونەوە (لە شوێنێکدا) لە (کاتێکدا) بۆ ئەوەی گەردوون دروست بکەن!

پرسیارەکە لێرەدایە: ئایا ئەم یاسایانە هەموویان پێشتر هەبوون؟ ئەگەر هەبوون کێ دروستی کردوون؟ ئایا خۆیان خۆیانیان دروست کردووە؟ یان سروشت دروستی کردوون؟ ئایا سروشتێکی بێگیان، چۆن توانی گیان بخاتە نێو شتەکانەوە؟ ئەگەر شتێک خۆی خاوەنی هێزێک نەبێت، چۆن دەتوانێ لە نەبوون ببەخشێ؟

ئەگەر ئەمانە هەموویان هەر لە سەرەتاوە هەبووبن، ئەوا دەپرسین بیرۆکەی دروستکردنی گەردوون هی کامیان بوو؟ ئایا کامیان بەسەر هەموویاندا سەرکەوت و قسەکەی خۆی بردە سەر؟

بێگومان دیارە ئەگەر ئێمە واشمان دانا ئەم یاسایانە هەموویان ژیر و هۆشمەند بووبن، ئەوا هەرگیز ناکرێ هەموویان یەک بیرۆکە بە تەواوی وردەکارییەکانییەوە لە میشکیاندا دروست بێت، چونکە هەرگیز دوو کەسمان بۆ پەیدا نابێت کە بە یەک شێوە پلان دانێن، ئیتر چۆن دەکرێ هەزاران یاسا (ئەگەر وا دانێین ئاقڵن و بیر دەکەنەوە) بیریان لە دروستکردنی گەردوونێک کردووەتەوە

و هەمووشیان لە هەموو وردەکارییەکاندا وەک یەک بیریان کردووەتەوە. واتە سەبارەت بە پەنگی سێو و بالای دانە دانەی درەختەکان و قەبارە و تام و بۆن و تەمەنی درەختەکان و ژمارەی گەلاکانیش لە هەر بەهارێکدا وەک یەک بیریان کردبێتەوە!

هێزی بالادەست ئەوەیە هەمووشتێ بتوانێ و هیچ شتێکی لەدەست دەرنەچێ!

گریمان دانەیەکیان وتوویەتی با لیترێک ئاو ١٠٠٠ گرام بێت، دانەیەکی دیکەیان وتوویەتی با ١٢٥٠ گرام بێت، ئەو کاتە ئێمە دەبینین قسەی یەکێکیان ڕاست دەرچووە!

ئەوەیان کە گەردوونەکەی لە میشکی خۆیدا دروست کردووە و واشی داناوە لیترێک ئاو ١٢٥٠ گرام بێت، دیارە بیرۆکەکەی هەر لە سەرەتاوە فەشەل دێنێت چونکە ئێمە دەبینین بەشێکی زۆری ئەم جیهانە هەڵم و دوکەڵە و ئەو ئاوەش نییە کە ئەو وای دانابوو. کەواتە ئەو بالادەست نەبووە! کەواتە ئەو نەبووە.

لەدوای گریمانەکردنێکی زۆر و ئا بەو شێوەیە وردکردنەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی قسەی یەکێک لەو یاسایانە لە سەروو هەموویانەوە بووە و ئەوەی ئەو بووەتە ئەم گەردوونە و قسەی یاساکانی تر پووچ بووەتەوە و سیفەتی دەسەلاتدارێتییان لەدەست داوە و ئیتر بۆ بوونە خواش نەشیاون.

ئێمە دەپرسین چۆن هێزی کێشکردن و هێزی کارەبایی و هێزی ئەتۆمیی بەهێز و لاواز لە یەک شتدا کۆبوونەوە و ڕێکیش کەوتن ئەگەر هەرکام لەمانە لە سەرەتای سەرەتاوە هەبووبن؟ بۆ نموونە لە گەردیلەیەکدا!!

ئەگەر ئەم پرسیارە لە هاوکینگ بکەین، ئەوا دەڵێ ئەو یاسایەی کە دەتوانێ پێمان بڵێ گەردوون چۆن دروست بووە، بریتییە لە یاسای کێشکردن. بەڵێ ئەمە بەهێزترین یاسای نێو گەردوونە لە شتە گەورەکاندا (جیهانی ماکرۆ)، بەڵام خۆ لە شتە بچووکەکاندا (جیهانی مایکرۆ) بەهێزترین یاسا بریتی نییە لە هێزی کێشکردن، چونکە هێزی کارەبایی نێوان ئەلیکترۆن و پرۆتۆن لە گەردیلەی هایدرۆجیندا ١٠ توانی ٤٠ جار لە هێزی کێشکردن بەهێزترە[١]، واتە ژمارە ١٠ بهێنین و چل جار زەڕبی خۆی بکەینەوە. دیارە هایدرۆجینیش یەکێکە لە سەرەکیترین توخمەکانی دروستبوونی گەردوون و لە قۆناغەکانی سەرەتای گەردوونەوە هەبووە. واتە بەشێکە لە منداڵیی گەردوون!

.

پاشان ئێمە وتمان ناکرێ یاسا لە دەرەوەی ماددەوە بزانرێ، بێگومان دەبێ ماددە هەبووبێ، ئەوسا یاساکە کاری لێ کردبێ، کە ئەمەش ڕاست نییە بۆ ئەم گەردوونەی خۆمان، چونکە ئەم گەردوونە بەردەوام بە بەرنامە ڕۆیشتووە؛ ڕاستتر ئەوەیە بوترێ: یاساکە لەناو ماددەکەدا شاراوەتەوە. یاساکان ڕۆحی ماددەکانن.

---

١ گەڕی گەردوون، محمد باسل ئەلتائی، و. مەودود جەبار، ناوەندی ڕێنوێن، چاپی یەکەم، ٢٠١٨، ل ٣١٠

کەواتە پێکەوەن. کەسیان پێش کەسیان نەکەوتوون، بەڵکوو یەکێک دەستی هەردووکیانی کردووتە ملی یەکتر و پێکی خستوون و، کاتێک ئاوی دروست کردووە، یاسای کوڵان و بەستن و بونەهەڵم و هەموو شتەکانی دیکەی تێدا نەخشاندووە ﷺ.

لە لاپەڕەکانی پێشتریشدا وتمان و دەیڵێینەوە کە ئایا ئەو ماددەیە زانستی هەبووە؟ توانای هەبووە؟ لەکارزان بووە؟

بەڕێزان! ئەم سێ پرسیارە بۆچی هێندە دوبارە دەکەینەوە؟
وەڵام: لەبەر گرنگییان.
مولحید ناتوانێ لێیان هەڵبێ.
ئەوەی ئەم سێ پرسیارە لە مولحید بکات، دەزانێ کەسە مولحیدەکە چەن کز و لارەمل دەبێ لەبەردەمیدا! بۆیە وەک چۆن نانخواردن گرنکە و هەرگیز ناڵێین خۆ دوێنێ نانمان خوارد، ئیتر ئەمڕۆ بۆچیمانە؟! ئاواشین بۆ ئەم سێ پرسیارە.

هەرچەندە کەس نییە بڵێ بەڵێ ئەو ماددەیە، یان ئەو یاسایە ئەو سێ سیفەتە سەرەکییەی تێدا بووە، بەڵام گریمان توانیشی وا بڵێ! خۆ ناتوانێ بڵێ گیانی تێدا بووە! چونکە گیان شتێکی ماددی نییە تا بە زانست بسەلمێنرێ!

جا لێرەدا دەقی قسەکەی پیتەر ئاتکینز وەک خۆی تەرجەمە دەکەینەوە کە لە لاپەڕە ٩٢ی کتێبەکەیدا دەڵێ: (پەیدابوونی گەردوون لە هیچەوە، هیچ پێویستی بە دەستێوەردەر، یان دروستکەر، یاخوود چاودێرێک نییە. هەر یاساکانی سروشت بەسن بۆ ئەوەی پێمان

بڵێن و بۆمان لێک بدەنەوە کە جیهان چۆن لە «هیچ»ـەوە هاتووەتە بوون)[1].

گریمان یاساکانی جیهان وتیشیان کە ئەم گەردوونە چۆن لە هیچەوە دروست بووە، ئەی یاساکانی جیهان خۆیان لەکوێوە دروست بوون؟ چەند دانەن؟ تا ئێستا توانیویانە بیانژمێرن و پێمان بڵێن کامیان لەپێش کامی تریانەوە هەبووە؟

مایکەکەمان دا بە پیتەر ئاتکینز و یەک چارەک قسەی کرد، هیچ تێنەگەیشتین.

بێگومان هەر لەناو مولحیدان خۆیاندا هەندێکیان وەڵامی هەندێکی دیکەیان دەدەنەوە و قسەکانی یەکتر پەسەند ناکەن؛ بۆ نموونە کاتێک دێین و گوێ لە پرۆفیسۆری بواری فەلسەفە، دەیڤد ئالبێرت دەگرین کە تەمەنی حەفتا ساڵی خۆری و حەفتاودوو ساڵی مانگیی تێپەراندووە، ڕاپۆرتێکی لە وەڵامی کتێبەکەی لۆرانس کراوسدا نوسیوە بەناوی (ڕەخنە لە بابەتی گەردوون لە هیچەوە)...

ڕەخنەی مولحیدێک لە مولحیدێکی تر

هەرچەندە ئەم پیاوە لەوەدا هاوڕای کراوسە کە بۆ پەیدابوونی گەردوون پێوستمان بە دروستکەرێک نییە، بەڵام کێشەی لەوەدایە کە فیزیای کوانتەم و زانست بەتەنها ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە

1 - "The emergence of the universe from nothing requires no intervention, no creator, no overseer. The laws of nature themselves are sufficient to explain how something can emerge from nothing." (*On Being*, p. 92)

فکرییە فەلسەفییەمان بدەنەوە کە بۆچی لەبری نەبوونی شتێک، هەبوونەکەی هەڵبژێردراوە؟ واتە لەبری نەبوون بۆچی هەبوون هەیە؟

هەروەها فەیلەسوفی ناوبراو ڕەخنە لە بیرۆکەکەی کراوس دەگرێت و دەڵێت: ئەو «هیچ»ەی ئەو باسی کردووە، لەڕاستییدا هیچە فەلەسەفییەکە نییە کە بە واتای نەبوون دێت، بەڵکوو لە فیزیای کوانتەمیشدا ئەوەتا خۆتان دانتان بە هەبوونی ماددە و وزە و شەپۆل و شپرزیدا ناوە؛ هەر بۆیە دەستەواژەی «هیچ» لە ڕووە فەلسەفی و فکرییەکەیەوە هەر وا بە ئاڵۆزی و جواب نەدراوەیی دەمێنێتەوە.

ئایا شتی لێڵ دەتوانێ شتی تر ڕوون بکاتەوە؟

کەوابێ ئەگەر بیرۆکەیەک لەسەر وشەیەک بنیات نرابێ، ئەو وشەیەش خۆی لە خۆیدا ڕوون نەبێ و نەتوانرێ ڕوون بکرێتەوە، ئەو کاتە بیرۆکەکەش بە لێڵی و ناڕوونی دەمێنێتەوە و ناتوانێ وەڵامی هیچ شتێک بداتەوە، کە خۆی هێشتا پێویستی بەوەیە ڕوون بکرێتەوە، ئیتر چۆن بتوانێ شت ڕوون بکاتەوە.

دەقی قسەکانیشی بەم شێوەی لای خوارەوەن:

(ئەو «هیچ»ەی کە کراوس باسی دەکات، لەڕاستییدا بنەمایەکی فیزیایی هەیە و توانا و پۆتێنشیاڵێکی شاراوەشی تێدایە. هەرگیز مانای هیچە فەلسەفییەکە نادات. تەنانەت گەر فیزیاش دروستبوونی گەردوونمان بۆ باس بکات، هێشتا نەیتوانیوە بەتەواوی پێمان بڵێ بۆچی لەبری «نەبوون»، «هەبوون» هەیە، یان لەبری «هیچ»، «شت» هەیە؟»[1]

1 "Krauss's 'nothing' is really a physical structure with potentialities. It is not

پرسیاری ئەوەی بۆچی لەبری نەبوون هەیە، پرسیارێکە هیچ مولحیدێک تا ئێستا نەیتوانیوە وەڵامی بداتەوە، بەڵکوو لەو کاتەی ئەو پرسیارەیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، خێرا چیرۆکێک باس دەکات کە بۆچی لە ئیسلامدا فلانە شت وایە! یان باسی سەردەمی عوسمانییەکان دەکات بەڕەحمەت بن کە بۆچی سوڵتانەکەیان وای کرد لە فلانە شەڕدا، یان بۆچی لە ئیسلامدا دەستی دز دەبڕدرێت؟ واتە لەسەر دزیش دەکاتەوە و خۆی دەکاتە پارێزەری دزەکە و... ڕەنگە حەزی لێ بێ دارکاریی ئەو کەسە بکەن کە دەستی دزێک لەسەر دزینی مااڵی خەڵکی دەبڕدرێت! سەیرن ئەم مولحیدانە...

دانەیەکیان ڕۆژێک دەڵێ: بۆچی ئەو پیاوە دەخەنە سجن کە ئەو منداڵەی کوشتووە! ڕەنگە لەو کاتەدا کە کوشتوویەتی ئاگای لەخۆی نەبووبێ، یان سەرخۆش بووبێ و نەیزانیبێ!

ئیلحادی بەبەردبوو

خۆی لە بنەڕەتدا دەبێ مرۆڤ تا گەورەتر بێ، واتە لە ڕووی تەمەنەوە زیاتر هەڵکشێ، جوانتر بیر بکاتەوە و هۆشمەندتر بێ، کەچی ئەم فەیلەسوفە مولحیدانە وا نین، بەڵکوو لەسەر ئیلحادەکەیان زۆر سوڕن و گەر هەزاران ساڵی دیکەش بژین، هێندە ئیلحادەکەیان ئەستوور دەبێ، دەبێتە بەبەردبوو.

'nothing' in the philosophical sense. Even if physics explains the creation of the universe, it doesn't quite explain why there is something rather than nothing at all." (*The New York Times*, March 23, 2012)

یەکێکی دیکە لەو فەیلەسوفە بێباوەڕانەی کە ئەمساڵی ٢٠٢٤ کۆچی دوایی کرد پاش ئەوەی ٨٢ ساڵ ژیا، سەبارەت بە سەرەتای گەردوون هەمان قسەی هاوڕێکانی دەکات و نایشارێتەوە کە بۆ دروستبوونی شتێک لە هیچەوە، پێویستمان بە خودا و کردگارێک نابێت.

ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی ((Breaking the Spell (2006 باسی کردووە کە

لێکدانەوە سروشتییەکان، بەتایبەتییش بیردۆزی پەرەسەندن و گەردوونناسی، ئەم دوانە بەسن بۆ ئەوەی تێمان بگەیەنن کە جیهان و ژیان و ئاگایی چۆن پەیدا بوون، یان چۆن هەن؟ هەرچەندە ئەو بەتەواویش خۆی هەڵنەداوەتە نێو گۆمی پرسیارەکەوە! ئەو پرسیارەی کە بۆچی لەبری نەبوون، هەبوون هەیە... ئەو خۆی لێ بووارداووە و بەسەریدا بازی داوە.

دەقی قسەکەی لە کتێبەکەیدا بەم شێوەیە:

(ئێمە پێویستمان بە موعجیزەی ناسروشتی نییە بێت و گەردوونمان بۆ لێک بداتەوە. هەر زانست بەسە بێت و سەرەتای جیهانمان بۆ باس بکات کە دیارە زانست لەبارەی تێگەیشتن لە یاسا سروشتییەکانەوە هەمیشە لە گەشەدایە.)[1]

1 "We need no supernatural miracles to explain the universe. Science, with its ever-expanding understanding of natural laws, is enough to explain how something as complex as the universe could emerge." (*Breaking the Spell*, p. 243)

ئایا زانست گۆڕانی بەسەردا دێ؟

پرسیارێکی سادە لێرەدا دروست دەبێت کە ئایا ئەو شتانەی پەنجا-ساڵ لەمەوبەر زانست باسی دەکردن، ئێستا چەندیان وەک خۆیان ماون؟ ئایا زانست چ کاتێک دەگۆڕێ؟

بێگومان زانست ئەو کاتە دەگۆڕێ کە شتێکی نوێ دەبینرێ. ئەو کاتە بەهۆی ئەو بینینە تازەیەوە، سەرلەنوێ لێکدانەوە بۆ زانستە کۆنەکە دەکرێ و دادەڕێژرێتەوە.

ئەی ئایا دەکرێ لێرەدا زانست بکەین بە خودای ئەو شتەی کە تازە بینراوە و چوار ملیار ساڵە نەدۆزراوەتەوە؟![1]

کرم ماموستای پرۆفیسۆرە

کەواتە زانست شوێنکەوتەی زانراوە و هەمیشە ئەوەتا بەشوێن شتەکانەوە کە هەبوون، بەڵام ئێمە نەمانبینیون! دەکرێ لێرەدا بڵێین: ئەو کەسەی کە لە کرمدا پرۆفیسۆرێتیی بەدەست هێناوە، لە هەموو کردمدا نا، بەڵکوو تەنها مەعیدەی کرم، ئەو کەسە لەبەردەم کرمیشدا زانستی تەواوەتیی نییە.

ئەو گەرچی لای ئێمە پرۆفیسۆرە، بەڵام کە ڕووی کردە کرمەکە، دەبێ بڵێ:

---

١ - بەندە وەک نوسەر، هیچ متمانەیەکم بەو ژمارانە نییە کە زانستی ئیلحاد باسی دەکات و لە خۆیەوە ژمارەی سەیروسەمەرە دەڵێ. بۆ نموونە تەمەنی گەردوون ١٣,٧ ملیار ساڵە و زەوی ٤ ملیار ساڵ و ... ئەمانە گشتی غەیبن، دەی زانست چی داوە لە غەیب و بۆچی بە دەردی خۆیەوە دانانیشێ؟!

ئەی کرم، من تەنها لەبارەی مەعیدەی تۆوە هەندێ شارەزاییم هەیە...

کەواتە کرم مامۆستایەتی. دەبێ لەبەردەم کرمدا دانیشێ تا ئەو تۆزێ شت بخوا و نیشانی ئەمی بدات کە مەعیدەی چۆن ئیش دەکات!

ئەوە حاڵی زانستە کاتێ ڕوو دەکاتەوە خودی شتەکان... بەڵێ بێگومان زانا کە ڕووی لە ئێمە بێ، گەورە و گرنگە، بەڵام کە ڕووی کردە یەک شتی سادەی پەروەردگار، دەبێ دان بە سنووردارێتیی زانینەکەی و شتەکانیدا بنێ و بە کرمەکەش بڵێ: تکایە ئەو کاتەی من لێت ورد دەبمەوە، زۆر مەجوڵی بۆ ئەوەی شتێک زیاترت لێ تێبگەم.

ئایا مرۆڤ سەدا چەند گەردوون دەزانێت؟

بە قسەی زانست خۆی، دوای ١٤ ملیار ساڵ، توانراوە ٥٪ لە گەردوون بزانرێت! ئایا بۆ ئەوەی سەدا سەدی بزانرێ، پێویستمان بە زیاتر لە ٢٨٠ ملیار ساڵ دەبێت (کە ئەمەش خەیاڵە) چونکە کاتێک تۆ شتێک هەمووی نەزانی، ناتوانی بزانی چەند ئەزانی!

ئەو قسەیەی سەرەوە وەک ئەوە وایە چاوت نوقاندبێ و مشتێک برنج لە عەمبارێکدا هەڵگری؛ پاشان لە خۆتەوە بێیت و بڵێیت ئەوەی هەڵمگرت سەدا پێنجی کۆی برنجەکەیە! ئەم قسەیە کوێی ڕاست دەردەچێ لەکاتێکدا مرۆڤ نازانێ ئەمسەر و ئەوسەری بوون چۆنە و لەکوێیە تا بێت و بڵێ سەدا پێنجی کەشف بووە!

مەسەلەیەکی دیکە لە قسەکانی بەڕێز «دانیاڵ دێنێت» دا دەخوێنرێتەوە، ئەویش باسی موعجیزەیە:

باسی موعجیزە و کوانتەم میکانیک

ئەگەر بە قسەی لایەنگرانی کوانتەم میکانیک بێ کە دەڵێن جوڵەی گەردیلەکان جێگیر نییە و کەس ناتوانێ پێشبینیی ڕووداوەکان بکات و، دەکرێ لە ڕێگەی تونێلکردنەوە (tunnelling) کە لقێکە لە بیردۆزی کوانتەم میکانیک، پارەیەکی ئاسن لە دیواری دەخیلەیەکەوە بێتە دەرەوە، یان مرۆڤێک بتوانێت بە دیوارێکدا تێپەڕ ببێت! یان تۆ بتوانیت بەناو دەرگایەکدا بچیت بێ ئەوەی بیکەیتەوە! ئەی لەبارەی موعجیزەکانەوە چی دەڵێن؟

ئەوان هاتوون ئەمەیان کردووە بە زانست و بەناوی زانستەوە بە خەڵکی سەرزەویی دەفرۆشنەوە، کەچی نەفیی موعجیزە دەکەن و دەڵێن شتێکی زانستی نییە و زانست عاجز ئەبێ ئەگەر لە تەنیشتیدا قسەی وا بکەیت! هیوادارم زیاتر بیر لەم بابەتە بکرێتەوە و ئەم پرسیارەش ڕووبەڕووی مولحیدان بکرێتەوە کە چۆن ئەوەی یەکەم ئەگەری هەیە ڕوو بدات، کەچی ئەمەی دووەم ئەستەمە و زانست پێی خۆش نییە ڕوو بدات!

ئەگەر ئەوە زانست بێ کە تۆ بتوانی بەناو بەردێکدا بڕۆیت و لەوسەرەوە بێیتەوە دەرەوە، ئەی کێشەکەی لەچیدایە بەردێکیش ببێ بە وشترێک و لە ئاو و گیای بەهار بخوات؟

یاسا و دەستوری هۆ و ئەنجام

یەکێکی تر لە بەڵگەسازییەکان لەبارەی سەرەتای کەونەوە بریتییە لە یاسای هۆ و ئەنجام. ئەم بەڵگەسازییە هەم لەلایەن خۆمانەوە بەکار دێ، هەمیش لەلایەن مولحیدەکانەوە. بەڵام شێوازی بەکارهێنانەکەی ئەوان هەڵەیەکی تێدایە و ئەو هەڵەیەش وا دەکات بانگەوازەکەی ئێمە مانادار بێ و بانگەشەکەی ئەوان بێمانا.

زۆر پێویستە لێرەدا قسە لەگەڵ پیرترین فەیلەسوفدا بکەین کە لە تەمەنی ٩١ ساڵیدا ئەم دنیایەی بەجێ هێشت. ئەو کتێبی زۆرە و بابەتی ئیمان ئیلحادیی زۆریشی موناقەشە کردووە.

بەڕێزی توشی هەڵەیەکی مەعریفی بووە و لە کتێبەکەشیدا کە ناوی (بۆ من مەسیحی نیم؟) ئاماژەی پێ داوە.

خۆی ئێمە دەستورێکمان هەیە دەڵێ: «هەموو دروستکراوێک دروستکەرێکی هەیە». بەڵام ئەم و تێکڕای مولحیدان کە قسە دەکەن، دەستورەکە بە شێوەیەکی دیکە باس دەکەن و گۆڕیویانە و دەڵێن: «هەموو بوونێک دروستکەرێکی هەیە» کە ئەم دوو قسەیە زۆر زۆر لێک دوور و جیاوازن.

ئەگەر تۆ بڵێی هەموو دروستکراوێک دروستکەرێکی هەیە، ئەو کاتە بڕگەی یەکەمی قسەکە باسی دروستکراو دەکەیت، دروستکراویش هەر لە بەرگە زمانەوانییەکەیەوە کە بەرکارە، تا مەفهومە زیهنی و فەلسەفییەکەی، هەموویان پێکەوە هاوار دەکەن کە ئەمە لەلایەن یەکێکی ترەوە دروست کراوە، چونکە وشەی دروست + کراو، واتە خۆی دروست نەبووە، بەڵکوو پێش خۆی یەکێک دروستی کردووە.

بـەڵام کاتێـک دەڵێـت بـوون، چەمکـی «هەبـوو» بـەکار دەهێنیـت، ئاسـۆکەی فراوانتر دەبێ و هێندە باوەشـی گەورەیە کە زۆر بەئاسـانی جێگـەی «دروستکراو=مخلوق»یشـی تێدا دەبێتـەوە.

واتـە: «هەبـوو» گەورەتـرە: فراوانتـرە: پانتـرە لـە «دروسـتکراو». چونکـە هەمـوو دروسـتکراوێک مەوجـودە، بـەڵام مـەرج نییـە هەمـوو هەبوویـەک دروسـتکراو بێـت.

ئـەوەی لـەوەی سـەرەوە تـێ بگا، نیـوە زیاتـری پرسـیارەکەی بـۆ حـەل دەبـێ.

کتێبەکەی ڕاسڵ

ئەوجـا ئـەو فەیلەسـوفە بەتەمەنـەی کـە ئێسـتا لـە جیهانـی بەرزەخـە و نـاوی بێرتراند ڕاسڵ»ـە، لـە لاپـەڕە ١٥ی کتێبەکەیدا کە سـاڵی ١٩٢٧ یەکەمجـار چاپـی کردووە دەڵـێ:

(ئەگـەر هەمووشـتێک بەدیهێنەرێکـی هەبـێ، کەواتـە دەبـێ خـوداش بەدیهێنەرێکـی هەبـێ دروسـتی کردبـێ. خـۆ ئەگـەر بکـرێ شـتێکیش بەبـێ هـۆ بێتـە بـوون، وەک ئـەوەی بـۆ خـودا دەڵێـن بەبـێ دروسـتکەرێک هاتووەتـە بـوون، ئـەوا بـۆ گەردوونیـش ئـەم شـتە ڕاسـتە و دەکـرێ گـەردوون بەبـێ هـۆ و بەدیهێنەرێـک هاتبێتـە بـوون؛ هـەر بۆیـە ئـەم دەمەقاڵێیـە بەهـا و گرنگییەکـی ئەوتـۆی نییـە.)[1]

بۆیـە ڕاسـڵ دەیەوێـت بڵێـت ئـەم بەڵگەهێنانەوەیـە بـۆ سـەلماندنی بوونـی خـودا سـودێکی ئەوتـۆی بـۆ ئیمانـدارەکان نییـە و باشـتر وایـە دەسـتی لـێ هەڵگـرن.

1 - "If everything must have a cause, then God must have a cause. If there can be anything without a cause, it may just as well be the world as God, so that there cannot be any validity in that argument." (*Why I Am Not a Christian*, p. 15)

بۆچی لە کاتی ژماردندا کە بەرەوخوار دێینەوە، لە یەکدا دەوەستین؟

بەڵام ئەگەر پاستیت بوێت، ئێمە لە کۆتایی هەموو ژماردنێکدا دەگەینە بنبەست و ناتوانین لەوە زیاتر بڕۆین.

بۆ نموونە لە ژمارەکاندا ئەگەر لە دە بێینە نۆ، کۆتاییەکەی هەر دەگەینە یەک و دەبێت لەوێدا بوەستین. خۆ ئێمە ناتوانین بڵێین مادەم لە شەشەوە توانیمان بێینە پێنج، ئەوا مەرجە لە یەکیشەوە بچینە شوێنێکی دیکە!

وردکردنەوەی پێکهاتەی خانە

لە وردکردنەوەی پێکهاتەی خانەدا:

خانە – ئۆرگانیل (وەک: مایتۆکۆندریا)- مۆلیکیول (وەک: DNA و پرۆتین – ئەتۆم (هیدرۆجین و ئۆکسیجین)- سەبئەتۆمیک پارتیکل (وەک: پرۆتۆن و نیوترۆن و ئەلیکترۆن) – کوارک.

خانە

ئۆرگانیل

مۆلیکیول

سەبئەتۆمیک پارتیکل

کوارک

تا ئێستە لە کوارک وردتر نەدۆزراوەتەوە کە یەکەی پێکهێنەری پرۆتۆن و نیوترۆنەکانە. ئەم زنجیرەیە هەر دەبێت لە شوێنێکدا بوەستێ.

کێ دەتوانێ پرسیارێک لۆ جار بکاتەوە؟

ئەگەر کەسێک بچێتە دەرەوە، دەتوانین لێی بپرسین:

١- بۆکوێ دەچیت؟

بۆ بازار

٢- بۆچی؟

شت ئەکڕم

٣- بۆچی شت ئەکڕی؟

چونکە پێویستمە

٤- بۆچی پێویستتە؟

چونکە لەشم داوای دەکا

٥- بۆچی لەشت داوای ئەکا؟

چونکە لەشم بەوە ئەژی

٦- بۆچی لەشت بەوە ئەژی؟

.....

لەوانەیە بڵێی چونکە لەشم پێویستی پێیەتی؟ (دەی ئەمە لەسەرەوە وتراوە، تەماشای خاڵی پێنجەم بکەین.)

لەوانەیە بڵێ: نازانم شت نەما!

گریمان کەسێک هەبێ بتوانێ پرسیارێکی دیکەی بۆ زیاد بکات و ببێتە حەوت، بەڵام خۆ کەس نییە بتوانێ بیگەیەنێتە (٢٠).

بێگومـان ئـەو پێشـەکییەمان بـۆ ئـەوە بـوو کـە ناتوانیـن دوای گەڕاندنـەوەی شـتەکان بـۆ بـۆ پێش خۆیـان تـا دەگاتـە پـەروەردگار، بڵێین و بپرسـین ئـەی کـێ پـەروەردگاری دروسـت کـردووە؟ چونکـە ئـەو پرسـیارە وەک ئـەوە وایـە بڵێیـن:

باکوری زەوی کوێیە؟

باکوری باکوری زەوی کوێیە؟

یەکـێ بڵـێ بەستەڵەکی باکوور، ئـەو شـوێنەی کـە دەکەوێتـە سـەر هێڵـی پانیـی ٩٠ و هەمـوو هێڵـە درێژییەکانیـش دەبـڕێ. لەبـەر ئـەوەی زەوی گۆییـە، هـەر هەنگاوێکـی زیاتریـش بنێـی بـۆ ئـەوەی بگەیتـە باکوری باکور، خل خل هـەر دێیتـەوە سـەر هەمـان نوختـە. بۆیـە ئـەو پرسیارە ئـەوە وەڵامەکەیـەتی و ناتوانـی لـەوە زیاتـر بڕۆیتـە پێشـەوە. واتـە ڕێگـە نییـە.

بۆیە ناتوانین بپرسین: ئەی باکوری بەستەڵەکی باکوور کوێیە؟

وەڵام: هـەر بەستەڵەکی باکوور.

ئێمـەش گـەر بڵێین ئـەی کـێ خودای دروست کردووە؟ وەڵامەکـەی ئەوەیـە بڵێین خودایەکی تر.

ئەگـەر وتمـان خودایەکـی تـر ئـەم خودایـەی دروسـت کـردووە، ئـەوەی یەکەمیـان بـە خودایـی نامێنـێ و گـەر هـەر بشـتەوێ بپرسـی، دەتوانـی هـەزار جـار وەڵامـت بدرێتـەوە و تـۆش هـەر بپرسـی ئـەی ئـەوی تریـان کـێ دروسـتی کـردووە؟! دیـارە ئەمـەش پرسـیارێکی موجـەڕڕەدە و لـە لۆجیکـدا جێگـەی نابێتـەوە و دەچێتـە بازنـەی ئـەو دەستورەی کە دەڵێ دەور و تەسەلسـول لە هەر پرسـیارێکدا دروست ببـێ، دیـارە پرسـیارەکە هەڵەیـە.

پاشان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پەروەردگار ئەوەیە کە ئەزەلییە (pre-eternal) و دروستبوو یان دروستکراو نییە، بەڵکوو دروستکەری هەموشتێک هەر خۆیەتی ﷻ

نموونەی فەرمانی تەقەکردن

گریمان سەربازێک دوژمن دەبینێ و دەیەوێ تەقەی لێ بکات، دەبێ فەرمانی لە سەرەوەی خۆی وەرگرتبێ ئەوسا ئەمری تەقەی پێ دەبێ. خۆ ناکرێ سەرەوەش بڵێ با فەرمان لە سەرتری خۆم وەرگرم و ئەویش بڵێ لە سەرتری خۆم و ئەویش لە سەرتری خۆی... ئەگەر وا بێ، ئەو تەقەیە هەرگیز ناکرێ.

ئەی ئێستە ئەگەر بیانەوێ گەردوون دروست بکەن، دەبێ بێکۆتا پرسیار بکرێ و ئەویش لە دوای خۆی بۆ ئەوەی فەرمان بدات بە دروستکردنەکەی... دیارە ئەوکاتە گەردوون هەرگیز دروست نابێت. بەڵام ئێمە ئێستە دەبینین گەردوون هەیە و دروست بووە... ئەوەش واتە یەکێک فەرمانەکەی داوە و نەگەڕاوەتەوە بۆ کەسی تر... وەک چۆن ئەگەر تەقە بکرێ، مانای ئەوەیە یەکێک فەرمانی تەقەی دەرکردووە.

ئیماندار، ئەوەی کە ئەگەری هەیە توشی گفتوگۆ و موناقەشە و دیبەیت ببێ لەگەڵ مولحیداندا، یان ئەوانەی کە هیوا و ئاواتی دڵیان ئەوەیە لەسەر دەستیان خوای گەورە هیدایەتی خەڵکی بدات، زۆر زەڕووڕە لە ئەسمائوسیفاتی پەروەردگار تێبگەین و بەجوانی لێمان ڕوون بووبنەوە تا بتوانین بۆ ئەوانیشی ڕوون بکەینەوە.

لێرەدا سیفەت یان ناوی (الأول) یارمەتیدەرە و هەموو ئەو شەرح و تەفسیلەی کە لە سەرەوەی باس کران و، خزمەتی ئەو ناوە موبارەکە دەکەن و شەرحی دەکەن کە هەر ئەو (الأول)ـە خۆیشی دەبێت (الحي و المحي) بێت، واتە هەم زیندوو بێ و هەم ژیانبەخشیش بێ. ناکرێ مادەیەکی بێگیان، بتوانێ گیان ببەخشێ بە دروستکراوەکانی و دروستکراوەکانی لەخۆی زیندووتر بن.

ئایا دەکرێ فەرماندەیەکی سوپا کارێک بە یەکێک لە سەربازەکانی بسپێرێ و هێزی پێ ببەخشێ و سەربازەکە لە فەرماندەکە دەسەلاتی زیاتر بێ؟! ئیتر چۆن دەکرێ مادەیەکی سەرەتایی لاوازی کەڕ و کوێر و مردوو، بینین و بیستن و زیندەگی و هۆش و ئاگایی بە مرۆڤ بەخشیبێ کە خۆی نەیبێ؟!

پوختەی ئەم بەشە

ئەوە لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەتوانین بیڵێین ئەوەیە:

١- لە مولحید دەپرسین ئایا گەردوون چۆن دروست بووە؟

٢- ئایا چۆن شت لە هیچەوە دروست دەبێ؟

٣- ئایا ئەو هیچەی ئێوە باسی دەکەن چییە و چۆنە؟

وەڵامی گەورە مولحیدەکانیش بەم شێوەیە بوو:

١- هیچ لێکدانەوەیەکی ئەوتۆیان پێشکەش نەکرد کە جیاواز بێ لە لێکدانەوە ئیمانییەکە و ئەوانیش لە بنەڕەتدا شتێک، یان یاسا و دەستورێک بە سەرەتای بوون دەزانن؛ واتە هەمان قسە ئیمانییەکە دەکەنەوە بەڵام ناوی شتەکانیان گۆڕیوە.

٢- نەیانتوانی وەڵامی پرسیاری (چۆن شت لە هیچەوە دروست دەبێ؟) بدەنەوە.
٣- نەیانتوانی پێمان بڵێن هیچ لای ئەوان چییە؟ خۆشیان یەکدەنگ نین لەسەری و پەنا بۆ شتی غەیبی دەبەن کە لای ئەوان غەیب هیچ مانایەکی نییە و، دەبێ تەنها بڕوایان بە زانست هەبێ.
٤- بە شایەتیی گەورە فەیلەسوفەکانی خۆیان کەس نییە تێمان بگەیەنێت کە کوانتەم میکانیک چییە؟ لەکاتێکدا دەڵێن کوانتەم میکانیک دەتوانێ پێمان بڵێ گەردوون چۆن دروست بووە... بەڵام نازانن خودی کوانتەم میکانیک چۆن ئیش دەکات.
٥- ڕەخنە لە موعجیزە دەگرن کە شتێکی سەیر و نازانستییە، بەڵام بەپێی بیردۆزی کوانتەم، دەکرێ هەزاران موعجیزە ڕوو بدات و ناوی زانستیشی لێ بنرێ. بێگومان ئەوە بانێکە و دوو هەوا.
٦- کەسیان نەیانتوانی پێمان بڵێن بۆچی لە ژماردنی ژمارەکان لە زۆرەوە بۆ کەم دێینەوە، ناچارین لە (یەک)دا بوەستین!
٧- هیچکام لە گەورە فەیلەسوفەکانیش ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە باکوری باکوری باکوری زەوی کوێیە؟ کەچی دەیانەوێ بپرسن دروستکەری دروستکەری دورستکەری خودا کێیە؟! لەکاتێکدا ئێمە دڵنیاین زەوی باکوری هەیە.
٨- ئەگەر مرۆڤ نەشزانێ باکوری باکوری باکوری شوێنێک کوێیە، ناتوانێ لەبەر ئەوەی نازانێ باکوری باکوری باکورەکە کوێیە، بێت و بڵێ مادەم وەڵامی پرسیارەکە نازانم، دێم و نەفیی یەکەم باکوریش دەکەم. ئێستا مولحیدان دێن و دەڵێن مادەم نازانین خودای خودا کێیە، کەواتە دێین و دەڵێین خودا نییە. نەزانینی ئەوەی کێ پارەیەکی خستووە نێو کیفەکەت، نابێتە بەڵگەی ئەوەی بڵێی هیچ پارەیەک نەهاتووەتە نێو کیفەکەمەوە، چونکە ئەوەتا و کیفەکە پارەی تێدایە.

٩- کەسیان نەیانتوانی پێمان بڵێن سروشت، یان کوانتەم میکانیک، یان یاسای کێشکردن کە ئەوان بە دروستکەری گەردوونی دەزانن، کێ ئەوانی دروست کردووە؟ چونکە ئەوان هەمان لۆجیک بۆ خودا بەکار دەهێنن.

١٠- هیچکام لە مولحیدان ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە ئایا سروشت و هێزی کێشکردن و یاسا گەردوونییەکان زانست و توانا و ژیرییان هەبووە یان نا؟ چونکە ئەگەر هەیانبووبێ، ئەوە هەر باسی خوداکەی ئێمە دەکەن و، هەبوونی زانست و توانا و ژیری شتانێکی ماددی نین و مەعنەوین، ئەگەر ئێوە مولحیدی ڕاستەقینەن، چۆن بڕواتان بەو شتە غەیبیانە هەیە کە ئەو هێز و سروشتە عەقڵ و ژیریی هەبووە؟ بە چ شتێکی زانستیی ئەوەتان بۆ سەلماوە؟!

ئەو پرسیارانەی لەم بەشەدا پێویستە لە مولحیدان بکرێ

لە کاتی گفتوگۆ یان موناقەشەکاندا، پێویستە ئیماندار ئەم پرسیارانە لە مولحید بکات بۆ ئەوەی بەهۆش بێنەوە و واش نەزانن ئیلحاد دەزگایەکە لە ماڵی جاڵجاڵۆکە بتەوترە. بێگومان هەمیشە ئیماندار میهرەباترە و بەزەیی زیاتری بۆ خەڵکی هەیە و ئومێدی ئەوەیە پەروەردگار لەسەر دەستی ئەم یان هاوڕێکانی، خوای گەورە هیدایەتی خەڵکی بدات.

هەر ئیمانداڕێکی ڕاستەقینەش کە بە چاوی گیان و دڵ تەماشای بەهەشتی هەتاهەتای و دۆزەخی پڕ لە ئازاری هەمیشەیی بکات، هەزارجار بیر لەوە دەکاتەوە کە دڵی بەرانبەر چۆن فەتح بکات، ئینجا یەکجار بیری لای ئەوەیە بێدەنگی بکا و دەمی بکات بە تەڵەی

تەقیو... بێگومان لە کات و شوێنی خۆیدا ئەوەش بەکار دەهێنرێ، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە بەشوێن هەقەوە نین و بەرنامەیان ئەوەیە کە خەڵکی گومڕا بکەن، ئەم کەسانە دەبێ بە هەموو شێوەیەک بە بەڵگە دەمیان بکرێ بە تەڵەی تەقیو. تەنانەت دەتوانرێ شکات لەوانەشیان بکرێ کە بەئاشکرا کوفر بڵاو دەکەنەوە، وەک چۆن لە دەستووری وڵاتی خۆماندا ئەو ڕێگەیە کراوەیە و دەتوانرێ گەر یەکێکیان بێئەدەبیی زۆری کرد، دادگای لێ بجوڵێنرێ، چونکە ئەوان زۆر بێغیرەتن و بەو شتانە وەک مشک دەچنەوە کونی خۆیان.

بەڵام ئەوانە کەمینەیەکن و ئێمە سەرەتا خەمی ئەوانەیان دەخۆین کە دەکرێ دڵیان بە ئیمان ئاوەدان بکرێتەوە. بۆیە لێرەدا ئیمانداران پێویستە جارجار ئەم پرسیارانە لەو کەسانە بکەن تا بزانن چۆن قسە دەکەن و چەنێ توانای وەڵامدانەوەیان هەیە و چەند ساڵە مولحیدن، ئیلحاد توانای ئەوەی پێ بەخشیون پێنج دەقە وەڵامی پرسیار بدەنەوە بێ ئەوەی هیچ بپرسن و بێ ئەوەی خۆیان بدزنەوە، یان خۆیان بە دەستبڕینی دزەوە مەشغوڵ بکەن:

١- پێناسەیەکی سروشتمان بۆ بکە و تایبەتمەندییەکانی بخە ڕوو؟ بێڵە با دوو دەقە لەم بارەیەوە قسە بکات، خێرا قسەکەی پێ مەبڕە!

٢- ئایا ئەو سروشتەی باسی دەکەی، زانست و توانا و دانایی هەیە یان نا؟ بێڵە با دوو دەقە لەم بارەیەوە قسە بکات، خێرا قسەکەی پێ مەبڕە!

٣- پێناسەی کوانتەم میکانیک بکە و پێمان بڵێ چۆن دەکرێ مرۆڤێک بەناو دیوارێکدا تێپەڕێ؟ بێڵە با دوو دەقە لەم بارەیەوە قسە بکات، خێرا قسەکەی پێ مەبڕە!

٤- مەبەستت لە هیچ چییە کە دەڵێی گەردوون لە هیچەوە دروست بووە؟ بێڵە با دوو دەقە لەم بارەیەوە قسە بکات، خێرا قسەکەی پێ مەبڕە!

٥- یاسای کێشکردن چۆن دەتوانێ دروستبوونی گەردوونمان بۆ شی بداتەوە؟ بێڵە با دوو دەقە لەم بارەیەوە قسە بکات، خێرا قسەکەی پێ مەبڕە!

٦- شتێک بدە بە دەستییەوە با هەڵی بگرێ، پاشان پێی بڵێ ئەو شتە چی هەڵی گرتووە؟ دەڵێ دەست! بڵێ ئەی دەست چی هەڵی گرتووە، ئەڵێ جەستە، بڵێ ئەی جەستە چی هەڵی گرتووە، ئەڵێ زەوی، بڵێ ئەی زەوی... بە لۆجیکەکەی خۆی ئاوا لەگەڵی بڕۆ بزانە تاکوێ دەچێ؛ وریابە لەو سکەیە لا نەدەیت تا خۆی تاقەتی قسەکردنی نامێنێ.

٧- لێی بپرسە مەبەستت لە بیردۆزی فرەگەردوونی چییە؟ بێڵە با دوو دەقە لەم بارەیەوە قسە بکات، خێرا قسەکەی پێ مەبڕە!

٨- ئایا بەردەوام گەردوونی تر دروست دەبێ؟ بزانە چ وەڵامێک دەداتەوە کە زانست باسی کردبێ و گریمانە و خەون و خەیاڵ نەبێ.

٩- ئایا ژیان تەنها لەم گەردوونەدا هەیە؟ بزانە بە زانستی وەڵام دەداتەوە یان بە غەیبی، ئەگەر بە غەیبی وەڵامی دایەوە، بڵێ تۆ چۆن بڕوات بەو غەیبە کردووە؟

١٠- لێی بپرسە: ئایا تەنها شتی ڕێکوپێک پێویستی بە دروستکەر هەیە، یان شتی شپرزیش هەر دەبێ یەکێ بەشپرزی دروستی کردبێ؟

١١- ئایا یەکێک بتوانێ شتێ بە شپرزی و شتێکیش بەڕێکی دروست بکات، واتای ئەوە نییە دەیتوانی شپرزەکەیش ڕێکوپێک بکات؟ ئایا ناشتوانێ ئەم ڕێکوپێکە تێک بدات و قیامەت هەڵسێنێ؟

١٢- بە چ بەڵگەیەکی زانستی گەردوونەکانی دیکە شپرزن؟

١٣- مەبەستت لە وشەی شپرز چییە؟ ئایا واتە یاسای تێدا نییە؟ ئەگەر یاسای تێدا نەبێ، ئەی چۆن بەدرێژایی ملیارەها ساڵ هەر ماوەتەوە؟ خۆ ئێمە دەزانین شتی شپرز بەرەو دیارنەمان و ڕووخان دەچێ، بەڵام ئێوە دەڵێن ئەو گەردوونانەی تر هەر هەن؛ کەواتە یاسا لەوانیشدا هەیە؛ ئەو یاسایانە بەپێی زانست ئێوە دۆزیوتانەوە یان بە غەیب قسە دەکەن؟

ئەم پرسیارانە بۆیە لە مولحید دەکرێ، بۆ ئەوەی کەمێک بیری خۆی دەربڕێ و گوێی لێ بگیرێ و خۆیشی کێشی خۆی بزانێ و تێبگات چەندە زانست و زانیاریی پێیە. بێگومان جاری وا هەیە پرسیارێک میشکمان داگیر دەکات، ئیتر وا دەزانین زۆر موهیمین و کەس بیری لەو شتە نەکردووەتەوە و دەتوانین بەرگرییەکی باش لە خۆمان بکەین، کەچی هەر ئەوەندەی هاتینە بەردەم ئاوێنە، یان دەنگی خۆمان بە موبایلەکەمان تۆمار کرد، دەبینین دوو دەقە زیاتر ناتوانین لەبارەی ئەو شتەوە قسە بکەین و هەندێ جاریش لە دەمی قسەکردنەکەدا هەڵەکەمان دەدۆزینەوە.

ئەم تەکنیکە لەگەڵ مولحیدە ژیرەکان زۆر گرنگە و ئەنجامی باشیش دەبەخشێت.

دۆعای کۆتایی ئەم بەشە

دۆعـای خێـر دەکـەم بـۆ ئـەو ئیماندارانـەی کـە ئـەم پرسـیارانە ڕووبـەڕووی مولحیدانـی چواردەوریـان دەکـەن، وەک چـۆن لـە پـەروەردگار داواکارم دڵـی مولحیدانیـش نـەرم بـکات و ئیمـان و ڕزگاریـی هەتاهەتایـی و خۆشـیی نەبـڕاوە کـە تەنهـا لـە ئیماندایـە، بدۆزنـەوە

خوایـە لەبـەر خاتـری نـاوی ئەعزەمـی خـۆت کـە لەنـاو ناوەکاتدا شـاراوەتەوە!

خوایـە لەبـەر خاتـری دڵـی پێغەمبـەرە میهرەبانەکـەت ﷺ کـە بەڕەحمتـرن دڵـە بـۆ خەڵکـی و ڕەحمەتـە بـۆ کوللـی بەشـەر!

خوایـە لەبـەر خاتـری ئـەو وەلـی و مرۆڤـە چاکانـەی ئێسـتا و لـە سـەدەی بیسـتویەکدا لەگـەڵ ئێمـە و لەناومانـدا دەژین و لای تۆ وەلـی و نزیکـن، کەچـی ئێمـە هەسـتیان پـێ ناکەیـن و ڕەنگـە جارجاریـش ڕێـزی پێویسـتیان نەگریـن یـان هـەر نەیانناسـین!

ئـەم کتێبـە بکەیتـە مایـەی خێـر بـۆ نوسـەر و ئەوانـەش دەیخوێننـەوە و یەکپارچـە بیکەیتـە مایـەی بەرەکـەت و نـوری نەبـڕاوە و هەمیشـەیی و فەتحکردنی دڵـی مولحیـدە بەئاگا و ژیرەکان. اللهم آمین...

بەشی دووەم

ئەم بەشە وەک دڵی ئەم کتێبە وایە و کەوتیشە ناوەڕاستەوە.

بەشێکە بەتەواوی لەگەڵ دل و هەستە قوڵەکانی مرۆڤدا دەدوێ و دەیەوێ بیخات قسە و جاروباریش لێی تورە دەبێ و هەقی خۆشیەتی، چونکە جاری وا هەیە دڵ توشی غەفڵەتی چین لەسەر چین دەبێ و بە ڕاتەکاندن نەبێ، ژەنگەکەی ناوەرێ... بێگومان لەو کاتانەدا فوو، یان نەرمە هەوا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێ.

داواکارییەکەی دڵ چی بوو؟

هەر وەک چۆن گەدە داوای شتی کرد، پەروەردگاریش هەزارویەک نیعمەتی خواردنی بۆ پێک هێنا...

وەک چۆن چاو داوای شتی لە پەروەردگار کرد، ئەویش هەزارویەک دیمەن و گوڵی ڕەنگاوڕەنگی پێک هێنا و هەتا دوایی...

داواکاریی جیاواز جیاواز

وەک چۆن هەریەکە و داوای شتێک دەکات کە لەگەڵ خۆیدا بگونجێ؛ بۆ نموونە لووت داوای وێنە ناکات، چاو داوای بۆن ناکات، ئاواش هەریەکە داوای شتێک دەکات کە لەگەڵ خۆیدا بگونجێ!

ئەی داوای دل چییە؟

دڵیش داوای شتێکی لە بەدیهێنەرەکەی خۆی کرد کە لەگەڵیدا بگونجێ... ئەویش نەمری و هەتاهەتاییە؛ هەر بۆیە خوای پەروەردگار بەدەم داواکەیەوە هات و ژیانی نەمری و هەتاهەتایی فەراهەم هێنا و لەو کاتەوە دل بە شتی نەمر و هەتاهەتایی نەبێ، بە هیچ شتێکی دیکە ئیسراحەت ناکا و ئۆخەی لێ نابیسرێ.

ئەم بەشە تەواو بەشێکی هەستی و قەلبییە و ڕووی قسە و باسمان کردووەتە دڵی مولحید، نەک گوێ و چاو و دەم و لوتی.

کە دەڵێین ڕوومان کردووەتە دڵی، مەبەستمان بەشی سەرەوەی دڵیشی نییە، بەڵکوو قولاییەکانی کە ئەو قولاییە بەزەحمەت نەبێ ناتوانێ درۆ بکات.

مورتاحی

یەکێکیش لەو مەسەلە زۆر خۆش و قەلبیانە بریتییە لە بابەتی دڵخۆشی و مورتاحی!

ئایا مولحید چۆن دەتوانێ دڵخۆش بێ، لەکاتێکدا دەزانێ لە جیهانێکی پووچ و بێمانادایە و سەرەنجامی هەموو شتەکانیش بەرەو هیچ و نەمان دەڕۆن؟

کاتێک بەناو سەرچاوە ئیلحادییەکاندا دەگەڕێیت، یان پرسیار لە کەسێکی بێباوەڕ دەکرێت کە تۆ بە چی دڵخۆشی؟ یان چۆن

دڵخۆشی لەکاتێکدا دەڵێی ژیانێکی دیکە نییە و ڕۆژێک لەناکاو وەک گڵۆپێک دەکوژێنەوە و بۆ هەتاهەتایە ون دەبین و ئەم گەردوونەش هیچ مانا و مەبەستێکی نییە؟!

سەرچاوەی خۆشی و خۆشبەختیی مرۆڤی مولحید

وەلام دەدەنەوە و دەڵێن سەرچاوەی خۆشبەختیی ئێمە لەم شتانەدایە:

١- خۆمان مانا بۆ خۆمان دروست دەکەین.
٢- خۆمان ئامانجێک بۆ خۆمان دادەنێین کە دڵخۆشمان بکات.
٣- پەیوەندیی خێزانی دروست دەکەین کە ئەوە دڵخۆشمان دەکات. مەبەستیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە لە هەبوونی دایکوباوک و خوشک و برا و هاوسەر و منداڵ.
٤- خۆشەویستی و دڵداری دەکەین کە ئەوەش خۆشیمان بۆ دێنێت.
٥- پڕۆژە و پلانی شتی داهاتوو دڵخۆشمان دەکات.
٦- گرنگی بە حەز و ئاواتەکانمان دەدەین.
٧- زۆر هۆشمەند دەبین و تەنها بیر لە ئێستا دەکەینەوە. واتە ڕابردوو و داهاتوو لەبیر دەکەین!
٨- دەبەخشین.
٩- زەوی دەکەین بە شوێنێکی باش بۆ ژیان.
١٠- هەوڵ دەدەین دڵی خەڵکی خۆش بکەین و مانا بگەڕێنینەوە بۆ ژیانیان.
١١- زیادبوونی هێز و کەمبوونەوەی بەربەستەکان. واتە هێزمان زیاد دەکەین.

بە شێوەیەکی گشتی وەلامەکان لەم دە-یانزە-دوانزە شتە تێپەڕ نابن، وەک چۆن دواتر قسەی خودی فەیلەسوف و زانا مولحیدەکانیش دەهێنینەوە... ئەمانەشمان هەر لە قسەی خۆیانەوە وەرگرتووە.

نیتچە و دڵخۆشی

نیتچە کە یەکێکە لە فەیلەسوفە مولحیدە زۆر سەرسەختەکان کە لە کتێبی (دژەمەسیح)دا پێمان دەڵێ خۆشبەختی بریتییە لەوەی توانای خۆت بەرەو سەر بەریت و بەسەر خۆتدا زاڵ بیت؛ پاشان لە ڕێگەی ئەو حەز و ئارەزووەتەوە کە بۆ «هێز» هەتە، مانا بە ژیانت ببەخشیت.

دەقی قسەکەی بەم شێوەیەیە:
(دڵخۆشی چییە؟ هەستی زیادبوونی هێزە – ئاوا بەربەستەکان نامێنن.)[1]

بەڵێ دیارە کە ئەم قسەی نیتچە کراوەیە و نەیبەستووەتەوە بە هیچ شتێکەوە و دەکرێ ئەوانەی حەزیان بە نوسینەکانییەتی، ڕەخنەی ئەوە لەم ڕەخنەیەی ئێمە بگرن کە چۆن بۆ ئەم مەبەستە بەکارتان هێناوە؟

ئێمە لێرەدا لە خوێنەرانی دەپرسین: ئەی چۆن لێی تێبگەین و بەکاری بهێنین؟

1 - "What is happiness? The feeling that power increases – that resistance is being overcome." , «The Antichrist» (1888), p. 127 (Penguin Classics, translated by R. J. Hollingdale).

بێگومان لێرەدا ئەوانیش هەریەکەیان بە شێوەیەک لێکدانەوەی بۆ دەکەن و هیچکام لە لێکدانەوەکانی ئەوان ڕێگە لە لێکدانەوەکەی ئێمە ناگرێت کە لێی دەپرسین:

ئایا دوای ئەوەی هێزەکەت زیادی کرد و هەموو بەربەستەکانیشت لابردّ و بە قسەی خۆشت بوویتە سۆپەرمان! ئەی دوای ئەوە چی؟ ئایا نامری و نافەوتێی؟

ئایا ئەگەر کوتایی ئەو بەهێزبوون و لابردنی بەربەستانە بریتی بێت لە نەمان و فەوتان و کۆژانەوە چەشنی گڵۆپێک کە هەتامەتایە دانەگرسێتەوە، چ مانا و خۆشی و شادومانییەک لەو کارەدا هەیە؟

بێگومان نیتچە ئەم بڕگەی لە کتێبی «دژەمەسیح»دا نوسیوە و ڕەخنەی زۆر لە مەسیحییەتی ئەو سەردەمە دەگرێ و تەنانەت خودای مەسیحییەتیش بە مردوو ناو دەبات، بەڵام هەرچۆن بێ هیچ هیوا و مانایەک لەو قسەیەدا پەیدا ناکرێ. تەنانەت ئەو کۆتاییەکانی ژیانی لە شێتخانەدا بەسەر دەبات کە ئەوەش خاڵێکی زۆر ناخۆشە و دڵی مرۆڤ تەنگ دەکات کە کۆتایی کەسێک کە ڕێگە بۆ دڵخۆشی دادەنێت، خۆی لە شێتخانەکاندا بژی... لەبری ئەوەی لە کۆتایی تەمەنیدا لەناو ماڵومندااڵیدا بمرێ و سەری لەسەر ڕانی خێزانەکەی بێ و نەوەکانی هەموو بەیانی و عەسرانێک سەری لێ بدەن و دەستەکانی ماچ بکەن و قاچەکانی بە ئاووسابوون بۆ نەرم بکەنەوە و داوای ئەوەی لێ بکەن:

دەی باپیرەگیان، یان داپیرەگیان! فێری داناییمان بکە، تۆ تەمەنت لە هەموومان زیاترە و لە هەموومان داناتری..

مانا چییە؟

مانا ئەو شتەیە کە وەڵامی قوڵاییەکانی دڵت بداتەوە..

ئایا دڵ بەو قسەی نیتچە ئارامی و ئاسوودەیی بەدەست دەهێنێت؟!

کەی مولحید دەتوانێ لە قوڵییەوە خۆشحاڵ بێ؟

بێگومان لە یەک حاڵەتدا مرۆڤی مولحید دەتوانێ خۆشی و ئاسوودەیی بەدەست بهێنێت، ئەویش ئەو کاتەی کە هەموو ناخۆشییەکانی ژیان لەناو بەرێت و مردنیش بمرێنێت! وەگەرنا، لە هەر چرکەیەکدا بیر لە مردن و نەمانی هێز و تواناکەت دەکەیتەوە کە چەندین ساڵە هەوڵی بۆ دەدەیت، توشی دڵتەنگییەکی قوڵی هەزاران ساڵی دەبیتەوە.

ئایا مولحید جیهان بە مانادار دەبینێت؟

لای مولحید، ئەم جیهانە بێمانایە، پووچە، واتە لە ڕەحم و سکی پووچی و بێمانییەوە لەدایک بووە. بۆیە هەرگیز ناتوانن مانا و مەبەستی قوڵی لێوە دەربێنن. ئەوان دەیانەوێ بڵێن گەرچی بێمانا و پوچە، بەڵام با خۆمان فریو بدەین و خۆشییەک و مانایەکی ڕووالەتیی تێدا بدۆزینەوە، یان بە شتێک خۆمان بخەڵەتێنین.

ئەفسانەی سیزیف و دڵخۆشی

بۆ نموونە لە ئەفسانەی کۆنی یۆنانداء پادشایەک هەبووە کە بە فرتوفێڵ ناسراو بووە، ئەم پادشایە دواتر لەلایەن خوداکانەوە سزا دەدرێ و سزاکەشی بریتی دەبێت لەوەی بەردێکی گەورە بەرێتە سەر گردێکی بەرز؛ بەڵام هەرکات بە بەردەکەوە نزیکی لوتکەکەی دەبێتەوە، گابەرد خلۆر دەبێتەوە و سیزیفی پادشا ناچار دەبێ سەرلەنوێ بەردەکە هەڵگرێتەوە و بیباتەوە سەرەوە، بەڵام ئەمجارەش هەمدیس خلۆر دەبێتەوە. واتە بۆ هەمیشە ئەوە دەبێتە پیشەی سیزیف.

ئەلبێرت کامۆ کە یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە پێی وایە جیهان پوچە و هیچ خودایەکیش لەگۆڕێدا نییە، ئەم ئەفسانەیەی هێناوە و کردوویەتی بە هەوێنی کتێبێک بەناوی (ئەفسانەی سیزیف) و وێنای ژیانی بە سیزیف کردووە کە هەرچەندە پوچە و هیچ مانا و مەبەستێکی تێدا نییە، بەڵام دەکرێ ئێمە ئەگەرچی هیچ هیوایەکیشمان نەبێ، بەڵام هەر هەوڵ بدەین و ماندوو نەبین و لەو هەوڵەدا خۆشبەختی بەدەست بهێنین. بۆیە دەقاودەق دەڵێت: (هەر خودی ئەو ملمانێیە بۆ سەرکەوتن بەسەر کێوەکەدا، بەسە تا دڵی مرۆڤ خۆش ببێت. پێویستە وا خەیاڵ بکەین سیزیف دڵخۆشە).[1]

1 - «The struggle itself toward the heights is enough to fill a man›s heart. One must imagine Sisyphus happy.», *The Myth of Sisyphus* (1942), p. 120 (Vintage Books, translated by Justin O'Brien).

مرۆڤ چەند ساڵ دەتوانێ بەدرۆوە دڵخۆش بێ؟

بۆ نموونە مرۆڤ تا چەند ساڵ دەتوانێ بەگاڵتەوە وا خەیاڵ بکات کە دڵخۆشە؟

ئایا گوێ لە قوڵاییەکانی خۆت دەگریت کاتێک ئەم قسانە دەخوێنیتەوە؟

ئایا قوڵاییەکانت بەم قسانە قایل دەبن؟ تێر دەبن؟ ئایا لای مولحید ئەمە هەمووشتێکی ئەم ژیانەیە و ئیتر تەواو؟
ئایا ئەوەیە نرخی مرۆڤ لای مولحید کە بەگاڵتەوە خۆی دڵخۆش نیشان بدات و تەواو؟!

ئایا هەر بەڕاست ئیلحاد ساویلکە نییە؟ مولحیدەکان کە خۆیان بە ئەهلی عیلم و زانست دەزانن، ئەوە هەموو زانست و مەعریفەکەیانە سەبارەت بەم کائینە قوڵەی کە دەتوانێ بیر لە وردترین و دوورترین و هەستیارترین شت بکاتەوە و ئاواتی بۆ بخوازێ و حەزی لێ بکا و هەوڵی بەدەستهێنانی بدات! ئەمەیە مرۆڤ لای ئەوان (ئیمۆجیی بێتاقەتی).

ئایا ئەو حەزە قوڵەی مرۆڤ بۆ ژیانی هەمیشەیی و بینیەوەی خۆشەویستانی و چنینەوەی بەروبوومی کردەوەکانی، هەمووی بە با دەڕوا و چەشنی گڵۆپێک کە بکوژێتەوە و هەرگیز دانەگیرسێتەوە ئاوایە؟ یان وەک ئەو بڵقە ئاوەی لە کەناری دەریادا دروست دەبێ

و پاشی کەمێک دەتەقێ و هەرگیز دروست نابێتەوە، مرۆڤیش لای ئەمان وایە؟

هەستەکانم لەسەر کەلەی سەر قیژاندیان

گوێم لە هەستەکان و دڵم گرت، هەموویان پێکەوە قیژاندیان و وتیان ئای چەند داماوە ئەوەی وا بیر بکاتەوە! بێگومان لەو کاتەدا هەموو هەستەکان و دڵیشم خەمباریی خۆیان بۆ ئەو کەسە دەربڕی و ئاواتیان بۆ خواست کە بیرکردنەوەی بگۆڕێ. بۆیە پێکەوە داوایان کرد ئەم کتێبە بنوسرێ، بەشکوو بێتە مایەی بەرەکەتی نەبڕاوە بۆ خوێنەرەکانی، بەتایبەت ئەوانەی خۆشبەختیی قوڵیان لەدەست داوە.

کتێبی فەتحکردنی خۆشبەختی کە خۆی پڕپەتی لە دڵتەنگی

بۆ ئەوەی بزانین ئایا هیچکام لە فەیلەسوفە مولحیدەکان دەتوانن مانەیەک بۆ ژیان بدۆزنەوە کە بتوانێ دەست بکاتە ملی دڵ و هەستەکانەوە و ڕازییان بکات و بڵێن ئۆخەی ئیمە توشی فەوتان و نەمانی هەتاهەتایی نابین، سەردانی فەیلەسوفێکی دیکەمان کرد کە نزیکەی ٩٦ ساڵ لەمەوبەر کتێبێکی نوسیوە بەناوی (فەتحکردنی خۆشبەختی)...

ئەو لەم کتێبەدا باس لەو سەرچاوانە دەکات کە خۆشبەختی دەهێنن و ئەوانەش کە بەدبەختی دەکەنە دیاری بۆ مرۆڤ؛ بێگومان هەندێ چارەسەریشی داناوە. بەڵام ئایا کەسێک کە پێی وابێ جیهان

تیا دەچێ و هەرگیز مرۆڤەکان دوای مردن چاو هەڵناهێننەوە، دیارە هەموو بیرۆکە و چارەسەر و لێکدانەوەکانی تەنها دەست دەکەنە ملی دنیا و، ژیانە نەبڕاوە هەتاهەتاییەکەی لەبیر کردووە کە ئەو ژیانە هەتاهەتاییە ئاوات و دۆعای دڵە... چونکە دل هەتاهەتایی دەوێ.

نوسەر بانگەواز بۆ ئەوە دەکات کە ئێمە بۆ ئەوەی دڵخۆش بین، دەبێ خوی چاک و جوان لە خۆماندا بچێنین، کاری مانادار بکەین، پەیوەندییە کەسییەکانمان پەرە پێ بدەین و بیپارێزین. هەروەها واز لە خۆسەنتەری و خۆپەرستی بهێنن کە دەڵێ هەموشتێ بۆ خۆم.

کتێبەکە زۆر بەخەستی دەیەوێ بڵێ: خۆشبەختی لە ڕێگەی سێ شتەوە دێتە بوون:

یەکەم: بیرکردنەوەی ژیرانە.

دووەم: هاوسەنگکردنی هەست و سۆزەکان.

سێهەم: دۆزینەوەی تام و لەزەت لە هەر چرکەیەکی ژیاندا.

بەڵام: ئایا مرۆڤ لەکوێ دەتوانێ لەزەت لە هەر چرکەیەکیدا بدۆزێتەوە کە بەردەوام ئەگەری هەبێ یەکێ لە خۆشەویستانی دیار نەمێنن و بۆ هەمیشە ون ببن؟! یان خودی چرکەکە کە ئەم دڵی پێ خۆش کردووە، ئێستا دەڕوا و هەرگیز ناگەڕێتەوە.

کە مرۆڤ ئەم ترسەی بۆ دروست بوو، خێرا هەستەکانیشی تێک دەچن و هاوسەنگی لەدەست دەدات؛ بێگومان ناشتوانێ ژیرانە بیر بکاتەوە.

مولحید کاتێ دەست دەکاتە ملی منداڵە چوار ساڵەکەی

ئەو مولحیدە بێنە بەرچاوت کە دەستی لە ملی منداڵەکەیدایە و گرۆگاڵی بۆ دەکات و دەست دەخاتە قژ و دەموچاوی و پێکەوە گەمە دەکەن! ماچی دەکات... بۆنی دەکات... هیوای گەورەبوونی پێوە دەبەستێتەوە!

بێگومان ئەم چرکەیە زۆر خۆشە، بەڵام دڵ وا دروست نەکراوە تەنها بیری لای ئێستە بێ، بەڵکوو بە باڵەکانی دەچێ بۆ داهاتوو؛ جا کە گەیشتە داهاتوو، لەوێش ئەم منداڵەی دەوێتەوە! کەچی ئیلحاد پێی دەڵێ: ئەم منداڵەت دوو ڕۆژی دیکە دەمرێ و هەتاهەتایە نایبینێتەوە، وەک چۆن ئەگەر گڵۆپێ بکوژێتەوە و هەتاهەتایە دانەگیرسێتەوە، ئەم منداڵەی تۆش ئاوا دەڕوا!! یان وەک چۆن بڵقێ لە کەناری دەریادا بتەقێ، ئاوا ئەم ڕۆڵە و دڵ و جەرگەی تۆش دەڕوات و هەرگیز دروست نابێتەوە!

ئایا ئەم مولحیدە لێرەدا دەتوانێ چێژ و لەزەت لەم چرکەساتە خۆشە بەرێ، یان خۆشییەکەشی لێ دەبێتە سەدوهەشتا پلە پێچەوانە؟!

کام مولحیدانە دواتر خۆشبەخت دەبن؟

هەموو ئەو مولحیدانەی کە گوێیان لە هەست و سۆزەکانیان گرتووە و بەزۆر دڵ و هەستەکانی خۆیان بێدەنگ نەکردووە، دواتر

ئیمانیان هێناوە و خۆشبەختیی هەتاهەتاییان دۆزیوەتەوە کە تەنها لە باوەڕبوون بە ژیانی دوای مەرگدایە. ئەوانەش کە هەرکات تۆزێ هەستەکانیان چرۆی کردبێ و چاوی هەڵهێنابێ، خێرا کوتەکی غەفڵەت و کوفریان کێشابێ بەسەریدا و نەیانهێشتبێ چاو بکاتەوە، لە بێباوەڕیی خۆیاندا ماونەتەوە و هەرگیزیش لە قوڵاییەکانی خۆیاندا هەستیان بە دڵخۆشی و بێخەمی نەکردووە.

جوتیارکەی دڵی بە دەغڵودانەکەی خۆش دەبێ؟

جوتیار ناتوانێ دڵی بە دەغڵودانەکەی خۆش بێ کە دڵنیابێ لە کۆتاییدا بەر لەوەی بیدورێتەوە، عەسرێکی درەنگ ئاگری تێ بەر دەبێ و هیچی بۆ دەرناچێ، تەنانەت بنەتۆوەکەشی دەست ناکەوێتەوە!

باخەوان کەی دڵ بە گوڵەهەنارەکان خۆش دەکات؟

ئایا هیچ باخەوانێک دڵی بە گوڵەهەنارێک خۆش دەبێ کە تازە هەڵی پێچاوە و بچووکە، لەکاتێکدا دڵنیا بێ کاتێ باخەکەی پێگەیشت، شەوێک دز دێن و باخەکەی بۆ دەڕنن و هیچی بۆ ناهێڵنەوە؟! نەخێر هەزار جار نەخێر! (ئیمۆجیی لەتبوونی دڵ)

دەی مرۆڤ ناتوانێ دڵی بە شتی نیوەوناچڵ خۆش بکات. مرۆڤ یەک دڵی هەیە و ئەو دڵەش هەمیشە بیر لە ئەنجامی شتەکان دەکاتەوە و تا لەو ڕووەوە تا ڕادەیەکی باش بێخەم نەبێ، ناتوانێ لە قوڵاییدا قەڵەق نەبێ.

کێ هەیە دڵی بە سەیارەکەی خۆش بێ کە بزانێ دوو ڕۆژی دیکە لێی دەسەنرێتەوە و هەرگیزیش نایدرێتەوە؟

ئەم پرسیاری سەیارەم لە خۆم و دوو هاوڕێم کرد، هەرسێکمان هەمان وەڵاممان دایەوە.

بۆچی ئیلحاد لە قوڵییدا ڕقی لە شتەکانە؟

ئایا لەو چرکەی کە پێی دەڵێن دوو ڕۆژی دیکە لێت دەسەنینەوە و هەتا هەتایە چاوت پێی ناکەوێتەوە، لە قوڵایی دڵییەوە ڕقی لە شتەکەش هەڵناسێ؟ بێگومان ڕقی لێی هەڵەسێ و بە نابەدڵی دەستی بۆ دەبات و خواخوایەتی زوو لەبەرچاوی ون بێ تا خەفەتەکەی کەمتر بێ. ڕەنگە شتەکەش زامدار یان عەیبدار بکات، هێندەی بێز لێ هەستێ.

هەر ئەمەیە وای کردووە ئیلحاد هەموو خراپەیەک بکات، چونکە پێیان وایە شتەکانیان لێ دەسەنرێتەوە و هەتا هەتایەش نایاندرێتەوە، بۆیە زاماری دەکەن، عەیبداری دەکەن... چونکە ڕقیان لێیەتی.

بۆچی ئیلحاد هەوڵی بڵوکردنەوەی زینا دەدات؟

ئەوەتا لە ڕێگەی زیناوە، واتە لە ڕێگەی جەستەوە، دەچنە ناو دڵی کەسەکە و کارێکی پێ دەکەن خۆی لا بێڕێز بێت. بێگومان ئەوەی کە توشی ئەو کارە پیسە ببێت، سەرەتا بە جەستەی

ئەنجامی دەدات، بەڵام خۆ دیارە جەستە دەرگای گیانە. کاتێک لە جەستەوە دێنە ژوورەوە، گیانە هەمیشەییەکە بریندار دەبێ و توشی «خۆ بە بێنرخ زانین» دەبێت کە ئەوەش ئامانجی ئیلحادە... چونکە ئیلحاد هیچ شتێکی بەلاوە بەنرخ نییە.

بۆیە کەسەکە پێویستی بە تەوبە و پەشیمانی و خۆپێکخستنەوە و سارێژکردن و گرتنی ئەو کەلێنە دەبێ کە لێوەی بریندار کراوە.

هەموان کاتێک بەقوولی بیر دەکەینەوە، دەزانین کاری زینا و داوێنپیسی چەنێ پەیوەندیی بە جەستەوە هەبێ، هەزار ئەوەندە پەیوەندیی بە گیانەوە هەیە. دیارە شەیتان و ئەهلی کوفریش چەنێ کاریان بە جەستە هەیە، هەزار ئەوەندە کاریان بە گیان و دڵە. کار لەسەر قوڵایی.

ئیلحاد و خۆکوژی

بۆیە لە دەریایەکی ڕەشدا، ئەگەر ئاوی سپی دۆزرایەوە؛ لە ئیلحادێکی بێمانا و مەبەست و بێتاقەتیشدا، مانا و مەبەست و خۆشی پەیدا دەبێ. ئەوەتا سااڵنە نزیکەی یەک ملیۆن کەس خۆی دەکوژێ کە زۆرینەی ڕەهایان مولحیدانن. تەنانەت ئێستا و لە دەمی نوسینی ئەم دێڕانەدا، داتای سایتی (worldometers.info) ئاماژە بەوە دەدات کە لە سەعات دوانزەی شەوی ڕابردووەوە تا ٢:٥٢ عەسر، (١٨٢١)[1] کەس خۆیان کوشتووە. بێگومان تا دەبێتەوە ٢٤ سەعات، ئەو ژمارەیە لە ٢ هەزار کەس تێپەڕ دەکات و بەپێی ئەو ئامارە، هەموو ٤٠ سانییەیەک کەسێک خۆی دەکوژێ کە هیچ

1 https://www.worldometers.info/#google_vignette

ئیمانێک، خۆشییەک، ئاواتێک لە دڵیدا نەماوە و ئیلحاد ئەو ژیانەی بۆ بەرهەم هێناوە.

ئەگەر دەڵێی ئەی بۆ ئیمان ناتوانێ بۆی بەرهەم بهێنێ؟

لە وەڵامدا دەڵێین مرۆڤ قوولە و ئازادیشە، کەس ناتوانێ بچێتە نێو قوڵاییەکانی بەرانبەرەوە و بڕواکانی وەک برغووسەموونە بگۆڕێ. هەر ئێستا لە کاتی ئەم قسانەدا هەموو یەکێکمان هەندێ شتی خراپ دەکەین و دەشزانین، خراپە، کەچی هەر وازی لێ ناهێنین... بۆیە دەڵێین مرۆڤ کائینێکی زۆر قوڵە و دەبێ لە بنەوە بڕوای بە شتەکان بگۆڕێ ئەوسا دەتوانێ دڵخۆشی بەدەست بهێنێ.

ئێمەش لە کۆمەڵگەی خۆماندا دەبینین هیچکام لەوانەی خۆیان دەکوژن، باوەڕدارێکی ڕاست و دروست نین، بەڵکوو کەسانی دانەمەزراو و کێشەدارن کە پەنا بۆ ئەو کارە دەبەن.

هۆش وەک سەرچاوەی خۆشبەختی

هەندێکی دیکە لە مولحیدان، ئەوانەی کە زیاتر خەریکی فکر و فەلسەفە دەبن، سەرچاوەی بەختەوەرکردنی مرۆڤ دەگەڕێننەوە بۆ هۆش و بیر و بنەما ئەخلاقییەکان.

جۆن ستیوارت میل و ئیلحادەکەی

فەیلەسوفێکی وەک جۆن ستیوارت میل (١٨٠٦ - ١٨٧٣)، لە یەکێک لە کتێبەکانی خۆیدا، بەناوی (Utilitarianism (1863)) -کە

ئەو وشەیە زیاتر بەمانای ئەوە دێ کە ڕووالەتی شتەکان هێندەی ناوەڕۆک گرنگ نین و دەبێ گرنگیی زیاتر بە کاکڵەی شتەکان بدرێت- دەڵێ: (چاکترە مرۆڤێکی ناڕازی بی تا بەڕازێکی ڕازی)[1].

ئەم پیاوە لە یەکێک لە بەرهەمەکانی دیکەیدا بەناوی (لەمەڕ سروشت)ـەوە و لە ژیاننامەکەشیدا کە خۆی بۆ خۆیی نوسیوە، ڕەخنە لە ئایینەکان دەگرێ، بەتایبەتییش ئەو بەشەی کە لە ئایینەکاندا پێیان وایە پەروەردگار خاوەنی هەموو توانا و میهرەبانی و بەزەییەکە.

ئایا لەم کتێبەدا بۆچی بەدوای هەستەکانەوەین؟

وەک چەندین جاریش لە سەرەتای کتێبەکەوە وتمان، ئێمە لێرە و لەم پەرتووکەدا چەنێک بەدوای فکر و فەلسەفەوەین، هەزار ئەوەندە بەدوای زیندووکردنەوەی هەست و سۆزەکانەوەین و دەمانەوێ لەگەڵ ئەواندا بدوێین و بیانخەینە قسە.

لێرەشدا لە ستوارت میڵ و هەموو مولحیدەکانی ئەم سەردەمە دەپرسین کە ئایا هەر بەڕاست تۆ بۆچی پێت خۆشە مرۆڤێکی ناڕازی بی، نەک بەرازێکی ڕازی؟

بێگومان دەڵێ لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئاگایی هەیە و بەراز نییەتی!
دەڵێین: ئاگایی سودی چییە؟
دەڵێ شتەکانی پێ دەزانین!

1 - «It is better to be a human being dissatisfied than a pig satisfied.», John Stuart Mill: Utilitarianism and Higher Pleasures, p. 12 (Hackett Publishing).

- کام شتانە؟
+خۆشی و ناخۆشییەکان، یان ئەوانەی پێیان مۆرتاح دەبین و ئەوانەی ئازارمان دەدەن!

-کامانە مۆرتاحت دەکەن و کامانەش ئازارت دەدەن؟
+ئەوانەی کە ئەخلاقین و قوڵ و مانادارن، پێخۆشحاڵم دەکەن، ئەوانەش کە پێچەوانەی ئەوەن، مۆرتاحیم دەزرێنن.

- ئایا بۆچی تۆ بە شتە ئەخلاقییەکان مۆرتاح دەبی؟
چۆن و بەپێی چ یاسایەک مۆرتاحیت توش دەبێ؟

+ لەبەر ئەوەی هەست دەکەم ئەوا چاکە.
- ئایا ئەو هەستەی کە دەڵێی هەستەکەم ئاوا چاکە، تەنها لای تۆ وایە، یان لای هەمووان ئەو پێوەری چاکی و خراپییە هەیە؟
+ڕاستییەکەی ئەوەیە لای هەمووان هەیە و هەموو کەسێ ئەو هەستە ئەخلاقییەی بۆ دروست دەبێ.

- ئایا سودی ئەم هەست و زانینە چییە لەکاتێکدا کەسەکە لە ژیانیدا هەندێ جار بەهۆی پابەندبوون بە شتە ئەخلاقییەکانەوە ناچارە واز لە کۆمەڵێک سود و خۆشی و لەزەت بهێنێ؟
+ واز لە لەزەتێک دەهێنێ و لەو وازهێنانەدا چێژێکی دیکەی دەست دەکەوێ کە بریتییە لە چێژی پابەندبوون بە یاسا و ڕێسا ئەخلاقییەکانەوە.
- ئەی ئەگەر لەبەر پابەندبوون بە یاسایەکی ئەخلاقییەوە ناچار بوو ژیانی خۆی بەخت بکات، خۆ ئەو کاتە نامێنێ و چەشنی

بڵێکی کەناری دەریا کە دەتەقێ و هەرگیزاوهەرگیز دروست نابێتەوە، ئەمیش دروست نابێتەوە تا چیژی ئەو فیداکارییەی وەرگرێ؟

ئایا مولحید لەم کاتەدا دەتوانێ چی وەڵامێک بداتەوە کە ئیمە نا، هاوڕێ مولحیدەکانی بڕوای پێ بکەم؟

نموونەیەکی مانادار

کاتێک ئاگرێک دەکەوێتەوە و دەبینین کەسێک تێیدا گیری خواردووە، لەو کاتەدا دوو هەستمان بۆ دروست دەبێ:
یەکیان دەڵێ: بڕۆ و یارمەتیی ئەو کەسە بدە و ڕزگاری بکە.
دووەم دەڵێ: مەڕۆ و خۆت بپارێزە. ئەی وا خۆشت تیاچوویت و سووتایت؟

بەڵام ئایا مرۆڤ لە قوڵاییەکانیدا هەر ئەم دوو هەستەی بۆ دروست دەبێ؟
(ئادەی کەمێک بیر بکەرەوە)

بێگومان نەخێر!
هەستی سێهەمیشمان هەیە و پێمان دەڵێ:
بڕۆ و بەگوێی هەستی یەکەم بکە کە دەبێ یارمەتیی کەسی ناو ئاگرەکە بدەیت... خۆ گەر نەڕۆیت، دواتر لە ناختدا هەست بە جۆرێک لە خەفەت یان پەشیمانی یان بە بێفیرەتی دەکەیت.

ئێستا وای دانێ کەسێک ڕۆیشت بەدەم ئەم ئەرکە ئەخلاقییەوە، بەڵام خۆی تیاچوو و ئیتر جارێکی دیکە چاوی بە دنیا نەکەوتەوە، ئایا لەکوێ لەزەتی ئەم فیداکاری و چاکە و ئەخلاقە بەرزەی وەرگرێتەوە کە جۆن ستیوارت میل بانگەشەی بۆ دەکات و دەڵێ زانین و هۆشمەندی بۆ ئێمە بەسوودن و چاکن!

ئایا گەر بە لۆژیکی مولحید بیر بکەینەوە، باشتر ئەوە نییە کە تەنها بیرمان لای خۆمان بێ و بیر لە کەسی تر نەکەینەوە؟

ئایا ئەو زانینە نەبووە قوڕبەسەری و فەوتان و نەمانی هەتاهەتایی؟

ئایا هیچ مولحیدێک پەیدا دەبێ نکۆڵی لە هەستی سێهەم بکات و بڵێ:
من هیچ شتێکی ناوەکی پاڵم پێوە نانێ بۆ ئەوەی بەگوێی هەستی یەکەم بکەم؟

ئایا ئەگەر قسەیەکی لەو شێوەیە بکات، ئێوە باوەری پێ دەکەن؟

بۆچی مرۆڤ هەستێکی جیاوازی دوای چاکەکاری بۆ دروست دەبێ؟

ئێستا کاتی ئەوەیە لێی بپرسین ئەو هەستی سێهەمە چۆن دروست دەبێت لەکاتێکدا گەر مرۆڤ شوێنێکی نەبێ بۆ ئەوەی هەق و حسابی ئەو خۆبەختکردنەی وەرگرێتەوە؟

ئایا کێ ئامادەیە لە ژیانێکدا کە هەر بەتەنها ئەم چەند ساڵە بێ و دواتر بکوژێتەوە و هەرگیز دانەگیرسێتەوە، فیداکاری و بەخشندەییەکی لەو شێوەیە لەگەڵ کەسێکدا بکات کە لە ئاگرێکدا گیری خواردووە؟

ئایا ئەوە بە زانست وەڵامی ئەدرێتەوە؟

ئایا لە ڕووی عەقڵەوە ئەم کەسە بە گەمژە دانانرێ؟ بەڵێ بە گەمژە دائەنرێ گەر شوێنێکی دیکە نەبێ سوپاس بکرێ.

ئایا بازرگانی لەگەڵ پەروەردگاردا عەیب یان نوقسانییە؟

لێرەدا توشی ڕەخنەی هەندێک لە کەسە «کانت»ییەکان دەبینەوە، ئەوانەی کە ماوەیەکی باشی تەمەنیان بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی کانتەوە سەرف کردووە و دەڵێن:

کەواتە ئەم کارە ئەخلاقییەی نێو دینەکان هەموو وەک بازرگانی و (بمدەرێ – دەتدەمێ) وایە، ئیتر چ چاکەیەکی تێدایە و چ فەزیلەتێک لەمەدا دەبینرێ؟

وەڵامی ئەو پرسیارە لە ڕووانگەی دەروون و نەفس و هەست و سۆزەکانەوە زۆر ئاسانە و بە شێوەیەکیش باسی دەکەین کە گەر لەگەڵ منداڵ و پیردا باسی بکەی، یەکسەر دڵی بە قسەکە ئاو بخواتەوە. دیارە شیکردنەوەی مەسەلەکان لەم کتێبەدا زیاتر

پشت بە لایەنی هەست و سۆزەکان دەبەستێ کە دەسەلاتێکی زۆر گەورەیان بەسەر مرۆڤدا هەیە...

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی ئەوان کە زۆرێکیش لە مولحیدان دەیکەن و واش دەزانن پرسیارێکی زۆر گرنگیان کردووە، ئەم پرسیارانەیان لێ دەکەین و دواتر وەڵامەکەی دەخەینەوە مشتیان:

١- ئایا کە تۆ یارمەتیی کەسێک بدەیت و پێی دەڵێی: من کە یارمەتیی تۆ دەدەم، پەروەردگار لە ژیانەکەی دیکەدا بۆم قەرەبوو دەکاتەوە.. ئایا ئەم کەسە هەست بە کەمی و بێڕێزی خۆی دەکات، یان ئەویش هەوڵ دەدات یارمەتیی کەسانی تر بدات و ئەو کارە جوانە بڵاو بکاتەوە؟
٢- ئایا بە کردنی ئەم بازرگانییە سەرزەوی ئاوەدان دەبێتەوە یان نا؟
٣- ئایا خۆشەویستی بڵاو دەبێتەوە یان نا؟
٤- ئایا لەگەڵ ئەوەشی کە توشی نارەحەتی دەبیت و ڕەنگە خۆشت زیانێکی زۆرت توش ببێت کاتێک کەسێک لە ئاگرێک ڕزگار دەکەیت، ئایا لە ڕووی دەروونییەوە شانازی بە خۆتەوە دەکەیت یان نا؟
٥- ئایا کاتێک لەبەرچاوی خەڵکی تۆی پاڵەوان بەراورد دەکەن بە کەسێکی دیکە کە ئەویش لەوێ بووە، بەڵام نەیوێراوە وەک تۆ بکات، ئایا کامتان گەورەترن؟ کامتان لە کۆمەڵگەدا زیاتر پشتتان پێ دەبەسترێ؟ کامتان ڕۆژی تەنگانەن و تەنانەت مولحیدەکانیش بۆ دراوسێیەتی تۆیان دەوێ یان ئەو کەسە بێغیرەتە؟

٦- لە دنیادا کەس گاڵتە بە بازرگانەکان ناکات کە شتێک دەدەن بۆ ئەوەی شتێکی زۆرتریان دەست بکەوێت... بەڵکوو بازرگانەکان ڕێزێکی تایبەتیان هەیە بە شێوەیەکی گشتی. دەی ئایا لە دنیادا بازرگانی لەگەڵ مرۆڤدا ئاوا جێگەی شانازی بێ، ئایا بازرگانی کردن لەگەڵ خاوەنی ئاسمانەکان و زەوی و هەموو بوون، کە خۆی ڕێگەی ئەم بازرگانییەی خۆش کردووە، هەزاران هەزارجار جێگەی شانازی نییە؟

ئایا لە دنیا گەر تۆ لەگەڵ گەورەترین بازرگانی سەرزەویدا کڕین و فرۆشتن بکەیت، چەندە پێگەت لای خەڵکی بەرز دەبێتەوە؟ ئایا کەس دەڵێ ئەوە چییە خەریکی بازرگانییە... ئەوە چییە شت دەکڕێ بۆ ئەوەی پارەی زیاتری دەستکەوێ؟ کەس دەڵێ توخوا ئەوە کارە دەیکا؟ ئایا کەس وا دەڵێ؟

بێگومان هەمووان شانازیت پێوە دەکەن و ئاواتیانە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەستیان پێت بگات... پوورزات بن، ئامۆزا یان برا و خوشک و کچ و کوڕت بن تا شتێکیان دەست بکەوێ!! مادەی یان مەعنەوی!!

دەی ئایا بازرگانی کردن لەگەڵ دەوڵەمەندترینی دەوڵەمەندەکاندا ﷻ کە خاوەنی هەموو ئاسمانەکان و زەوی و مرۆڤ و فریشتە و جنۆکە و بەروبوومەکان و بەهەشت و قیامەت و دۆزەخە، کارێکی چۆنە؟

ئایا ئەبێ چەن ئەوەندەی بازرگانییە دنیاییەکە جێگەی شانازی بێت؟!

ئەوەی دڵی گرتبێ بۆ ئەو قسانە، تێ دەگات چەندە لەگەڵ گیان و دەروونداا تەبایە و جگە لە گەورەترین شانازی هیچ شتێکی دیکەی لێ ناخوێنرێتەوە.

ئایا عەیبە لەبەر پاداشت کاری چاکە بکەین؟

ئەوان دێن دەڵێن: عەیبە ئێمە لەبەر پاداشت و بازرگانی ئەم کارە چاکانە بکەین.

لێیان دەپرسین: ئەی لەبەر چی دەیکەن؟
دەڵێن: هەر لەبەر خودی چاکە و فەزیلەت.
پێیان دەڵێین: ئاخر خودی چاکە و فەزیلەت گەورەترە یان ئەوەی لەبەر پەروەردگار و بەجێهێنانی فەرمانی پەروەردگار ئەنجامی بدەیت؟

چاکە و فەزیلەتیش خۆیان هەر دەبێ دوایی پێمان بڵێن دەستتان خۆش مادەم لەبەر ئێمە ئەو کارە چاکەتان کرد... چونکە قوڵاییەکانی مرۆڤ هەر دەسخۆشی دەوێ، بەڵام هەندێ کەس بە دەسخۆشی ساختە و کورتخایەن ڕازی دەبن، هەیشە دەسخۆشییەکی هەتاهەتایی حەز لێیە و ئەوەی پێ پەسەندترە.
دەی ئایا ڕاهێنەری ئاسمانەکان و زەوی دەستخۆشیت لێ بکا خۆشترە یان ئەخلاق و فەزیلەت و ئەو جۆرە وشانە؟!

(قسەکانیان گەر بۆ نەنکمان باس بکەین، ئەڵێ ئەو فلتەفلتە چییە!!)

نیشانەی دڵخۆشی ئەوەیە شەو مۆرتاح بی کە خەوتی

یەکێکی دیکە لە سەرچاوەکانی دڵخۆشی، ئەوەی کە شەو خەوتی دڵخۆش بی و بەیانییش کە هەستای، بێتاقەت و سڕ نەبیت. ئەوەش بریتییە لەو ئەنجامەی کە زۆرێک لە تۆڕینەوەکانی ئەم سەدەیەش کاری لەسەر دەکەن و ناتوانن خۆیانی لێ ببوێرن.

مرۆڤ هەرچەندەش لەو بوارەدا بۆ ماوەیەک بتوانێ خۆی دوور بگرێ، سەرەنجام هەر ناچارە ملی بۆ کەچ بکات، یاخوود بێتاقەتی و بێزاری دڵی دەتەقێنن.

بابەتێک کە ئێستا تۆڕینەوەی زۆری لەبارەوە دەکرێ

ئەوەی کە تۆڕینەوەکان ئێستا زۆر باسی دەکەن و کردوویانە بە یەکێک لە سەرچاوە زۆر گرنگەکانی دڵخۆشی، بریتییە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یان هەست و سۆزە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەوە بەڵگەنەویستە کە ئەندامەکانی ئەو خێزانانە دڵخۆشترن کە کێشەی خێزانیی کەمتریان هەیە. لە بەرانبەردا ئەوانەی لەگەڵ یەکێک لە ئەندامەکانی خێزانەکەی خۆیاندا کێشە و ناتەبایی و دەنگدابڕینیان هەیە، بەردەوام ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە وەک بارێکی قورسی سەرشانی، لێی نابێتەوە و زۆرینەی هەرەزۆری بیروخۆشیشی بۆ خۆی دەدزێ.

هەر مولحیدێ ئەم قسانە لە ئێستادا دەخوێنێتەوە، سوور دەزانێ کە زۆر ڕاستن. بەڵام ئایا ئەم قسانە هەر بۆ مولحید ڕاستن یان بۆ هەموو مرۆڤێکی ساغ؟

بێگومان ئەم بابەتە پەیوەندیی بە هەموو کەسێکەوە هەیە، چ ئیماندار چ مولحید...

مرۆڤ دەتوانێ لە وشکاییەکانی مێشکیدا بیر لە شتی پەتی و ئەبستکرات بکاتەوە و بڵێ: باوکودایک هیچ نین! ئەوە چییە هەر لەبەر ئەوەی من لەوان بووم، ئیتر ناچارم تا ماوم چاودێرییان بکەم و خۆشم بوێن و ڕێزیان بگرم؟!

دەتوانێ ئەم قسە وشکانە لە هەندێ حاڵەتی بیرکردنەوەدا بکات... یان هیی وایان هەیە هێندە منداڵانە بیر دەکاتەوە دەڵێ: ئەوان بۆ خۆشیی خۆیان پێکەوە خەوتوون و منیان هێناوەتە دنیا کە بەڕاستی ئەوەی ئەم قسەیە بکات، هێندە ئاستی مەعریفی و مێشکیی لاوازە کە دەبێ زۆر بەزەییت پێیدا بێتەوە و خەمی زۆری بۆ بخۆیت. ئەها هەندێ جار یەکێ قسەیەک دەکات، ئیتر تۆ لەو ساتەوە بڕیار دەدەیت وەک منداڵ نازی هەڵگری و شتی جددی لەگەڵ باس نەکەیت، ئەوەی ئەم قسەیە بکات، وەک ئەوانەیە... جارێ لەڕوی زۆر شتەوە بەبەیە.

بەڵام هەر ئەم کەسە کاتێ دێتە ناو واقیع و بەر هەست و سۆزەکانی دەکەوێ، تەماشا دەکات ئەو فەلسەفەلێدانانە لە واقیعدا ئیش ناکەن...

هـەر ئـەو کەسـەی ئـەم بیـر و فەلسـەفە وشـکانە لـێ دەدات، کاتێک دایکی بانگی دەکات و چـاوی بـەر چـاوی میهرەبانـی دایکی دەکەوێ، یـان سـنگ دەنـێ بـە سـنگی دایکی خۆیـەوە و هـەزاران پلاکی مەحەببـەت و خۆشەویستی لـەو کاتـەدا دادەگیرسـێن، ناتوانـێ پـاڵ بـە بیـرە وشـکەکانەوە نەنێـت بـۆ دواوە!

هـەر ئـەو مولحیـدەی کـە ئێسـتا منداڵـی کەسـێکی لـە خـۆی گەورەتـرە، بـا بـە خەیـاڵ، یـان هـەر بەڕاستی ئێستە منداڵەکەی خۆی لەباوەش بگرێ و بیگوشـێ بـە خۆیـەوە بڵـێ وەڵا ئـەم منداڵـەی خـۆم و ئـەو دەرگایـە وەک یـەک وان و هەردووکیـان هـەر مـاددەن...

ئەگـەر هەردووکیـان هـەر مـاددەن، ئـەی بۆچـی بـۆ ئەمەیـان دڵـت دەکوڵـێ و کاتێک زامـار دەبـێ، یـان نەخـۆش دەکـەوێ، خەریکـە گیانـت بـۆی دەرەچـێ، ئـەی بـۆ دەرگاکـە بـۆ وا نیـت کـە ٢٥ سـاڵ زیاتـرە دەرگاتانـە و پێکـەوەن!

جیاوازیـی نێـوان منداڵێکی ٣ کیلۆیـی و ٣ کیلـۆ گۆشـتی لەرمەی بـازاڕ

گـەڕ ڕاسـتە، بـا منداڵـە تـازە لەدایکبووەکـەی کـە دو کیلوونیـوە، لەگـەڵ دو کیلۆونیـو نەرمـەی بـازاڕدا بگۆڕێتـەوە؟

ئایـا مولحید دەتوانـێ وەڵامـی ئـەو پرسـیارەی دڵـی خـۆی بداتـەوە کـە: «ئـەو هەسـتی خۆشەویستیە سـەیرەی کـە بـۆ ئـەم منداڵـە هەمـە کـە تەمەنـی تەنهـا یـەک دوو ڕۆژە، بۆچـی بـۆ پەنجەرەکـەی ماڵەوەمـان

نیمە کە لە منداڵییەوە هەر پەنجەرەمانە و وا زیاتر لە ٢٥ ساڵە پێکەوەین؟» خۆ هەردووکیان هەر ماددەن و لەخۆیانەوە دروست بوون و لەخۆشیانەوە ڕۆژێک نامێنن!

بۆچی پەیوەندییە کۆمەڵێتییەکان کار دەکەنە سەر دڵخۆشی؟

دێینەوە سەر بابەتەکە و دەڵێین: ئایا ئەو هەستە کۆمەڵایەتییەی نێوان ئەندامەکانی خێزان لەکۆیوە سەرچاوەی گرتووە وا دەتوانێ تەنانەت کاریگەریی بەهێزی لەسەر دڵخۆشی و کامەرانییش هەبێت؟

دەیڤد هیوم و پەیوەندیی کۆمەڵێتی

دەیڤد هیوم (١٧١١ - ١٧٧٦) فەیلەسوفێکی سکۆتلەندییە و لە هیچ شوێنێکدا بەڕاشکاوی نالێ من مولحیدم، بەڵام زۆرینەی بیرۆکەکانی خزمەتی ئیلحاد دەکەن و وەک مولحیدێکی عەمەلی قسە دەکات و بنچینەی شتەکان ناباتەوە بۆ خودا، بەڵکوو دەیباتەوە بۆ سروشتی مرۆڤ و پێکهاتەکەی...

ئەم فەیلەسوفە بڕوایەکی تەواوی بە هەستە کۆمەڵایەتییەکان هەیە کە بتوانن ببنە مایەی دڵخۆشی و دڵتەنگیی مرۆڤ.

ئەو تەنانەت بەها ئەخلاقییەکانیش بە شتانی عەقڵی و لۆجیکی نازانێ، بەڵکوو پەیوەستیان دەکاتەوە بە هەست و سۆزەکانەوە. بێگومان هیچ سەرچاوەیەکی دەرەکییشیان بۆ دانانێ، وەک ئەوەی

ئیمانداران دەیبەستینەوە بە ئایین و پەروەردگارەوە، بەڵکوو ئەو دەڵێ سروشتی مرۆڤ خۆی وایە... خۆی.

هیوم باسی ئەوەش دەکات کە زانینی هۆی شتەکان یارمەتیمان دەدات کە لێی تێبگەین، بەڵام سەلماندنی ئەوەی شتێک ئەخلاقی یان نائەخلاقییە، ئەوە لە هەستەکانی تۆوە دیاری دەکرێت. واتە هەستەکانمان حاکمن و پێمان دەڵێن ئەو شتە ئەخلاقییە یان ئەخلاقی نییە... لێرەدا لۆجیک و شتی وشکی عەقڵییش لای ئەو دەورێکی ئەوتۆیان نییە.

لای ناوبراو، سود و بەکارهێنانەکانی یاسا ئەخلاقییەکان گرنگن. واتە ئەنجامەکەیان بەرەو کوێمان دەبەن ئەوانە گرنگن.

هیوم ڕەخنە لە دین دەگرێ کە خۆی کردووە بە خاوەنی بەها ئەخلاقییەکان و دەڵێ خاوەنی ئەم بەها ئەخلاقییانە سروشتی مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکەن و ئەوان خاوەنین نەک دین.

ئێمەش بێ وەستان دەپرسین: ئەی سروشتی مرۆڤ کێ خاوەنێتی؟ ئایا چۆن دەکرێ هەموو مرۆڤایەتی لەسەر بەزەیی و دادپەروەری کۆک بن کە دو بنەمای هەرەسەرەکیی ئەخلاقن لای هەموو خەڵکی و لە فەلسەفەی هیوم خۆشیدا ئەو دوانە بنەڕەتین؟

بۆچی مرۆڤ بە ناعەدالەتی دڵتەنگ دەبێ؟

ئایا سروشت چۆن توانی لە هەموو مرۆڤەکاندا، تەنانەت لە منداڵە چوار ساڵەکانیشدا هەستی بەزەیی و عەدالەت بنەخشێنێ و، گەر شتێک بە یەکیان بدەیت و لەوی دیکەیان بسەنی، هەردووکیان لە قوڵاییدا بێتاقەت دەبن، دیارە ئەوەیان کە لێی سەنراوە زیاتر لەویان بێتاقەت دەبێ؟!

بێگومان ئەوەشیان کە لێی نەسەنراوە هەر بێتاقەت دەبێ چونکە متمانەی نامێنێ و دەزانێ دەکرێ لە شوێنێکی دیکەدا بەبێ هیچ هۆیەک، شتێکی گرنگ لەمیش بسەنرێ... بۆیە عەدالەت گەرەنتی و متمانە بە مرۆڤ دەبەخشێ... متمانەش شتێکی کاتی نییە، بەڵکوو پەیوەستە بە دڵەوە، بۆیە لە دڵی هەموو کەسێکدا هەوڵ بۆ چەسپاندنی دەدرێت، مەگەر ئەوانەی دڵیان لەگەڵ بەرددا گۆڕیوەتەوە.

بۆیە وتمان منداڵی چوار ساڵ، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ بڵێ: ئاخر لە ڕێگەی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەم منداڵە فێر بووە! یان وەجبەی یەکەمی مرۆڤ کە لە مەیمونەوە بوون بە مرۆڤ، چۆن ئەو هەستە فێر بوون؟ ئایا ئەوەش هەر لە باوکە مەیمونەکامانەوە فێر بوون؟ (ئیمۆجیی گاڵتەپێهاتن)

پاشان ئایا سروشتِ لەبەرچی هەرکەسێکی بە شێوەیەک دروست نەکرد؟ مەسەلەن یەکێکیان حەزی لە دادپەروەری بێ، یەکێکی دیکە ڕقی لێی بێ و یەکێکی دیکە هەر نەزانێ دادپەروەری

و بەزەیی چییە و، یەکێکی دیکە وا بزانێ دادپەروەری واتە هەور و دانەیەکیان وا بزانێ جۆرێکە لە جۆرەکانی خواردن... ئا بەو شێوەیە لا هەر کەسێک شتێک بێت؟

ئایا سروشت ئەو زانستەی لەکوێ بوو کە بتوانێ یەکەم مرۆڤ تا دواییەن مرۆڤ بەو شێوەیە دروست بکات کە دادەپەروەریی خۆش بوێ و ڕقی لە ستەم بێ؟

بێگومان لەم حاڵەتەدا دەبێ سروشت هەم زانستی هەبێ، واتە بزانێ دادپەروەری چییە، دڵی هەموو کەسەکانیش لە یەکەمەوە تا دواهەمین بزانێ و بناسێ، پاشان بە توانا و هێزەکەشی، حەزی خۆشویستنی دادپەروەری لە هەموویاندا بڕسکێنێ و ڕقیشیان تێدا گەشە پێ بدات.

دوای ئەوە سروشت دەبێ ئەم کارەی لەبەر داناییەک بکات کە سودی دروستکراوەکانی تێدا بێت کە ئەگەر دادپەروەر بوون ژیانیان خۆش دەبێ...

بێگومان ژیانەکەش ئەبێ کۆتاییەکی ماناداری هەبێ و کۆتاییەکەی وەک تەقینی بڵقێکی کەنار دەریا نەبێ کە هەرگیزاوهەرگیز دروست نابێتەوە، بەڵکوو ئامانجێکی بۆ بوونەوەرەکان هەبێ، وەگەرنا بێمانایی هەمووان دەخوات...

دەی مولحید یان دەبێ بڵێ بەڵێ سروشت ئەم شتانەی لەبەر ئەوە کردووە، یان بڵێ وا نییە و هەروا کردوویەتی...

ئەگەر بڵێ هەروا کردوویەتی، ئەوە هەزار پرسیاری ڕووبەڕوو دەبێتەوە و دەبێ یەک یەک وەڵامی هەموو مرۆڤەکان بداتەوە...

کاتێک لێی دەپرسن:
ئادەی بە بەڵگەوە بۆمان بسەلمێنە کە ئێمە پووچ و بێمانایین و دوای مردن زیندوو نابینەوە؟

ئایا مولحید لێرەدا بە چ بەڵگەیەکی زانستی دەتوانێ وەڵامی شتێکی ئاوا غەیبی بداتەوە؟

ئایا هەقی ئەوەی نییە بچین و شکاتی لێ بکەین کە بۆچی ئێمەی بە پووچ و بێمانا و بێنرخ زانیوە و پێی وتووین هەتیوی بێنرخی بێکەسی پوچی لەهیچەوە هاتووی بۆ هیچ ڕۆشتوو!!!

یان ئەگەری دووەمە و دەڵێ بەڵێ هەموو ئەو شتانەی بەو شێوەیە لە سایەی زانست و دانست و حیکمەتەوە کردووە... دیارە ئەم وەڵامەشی هەر زانستی نییە، بەڵکوو غەیبییە و پەیوەستە بە دڵەوە نەک تاقیگە و فیزیا...

بۆیە مرۆڤ لەملاوە خۆی لە غەیب بدزێتەوە، لەولاوە هەر یەخەی دەگرێتەوە.

تا لەو کاتەدا ئێمەش لێی دەپرسین: دەی ئەو سروشتەی تۆ باسی دەکەیت، چ فەرقێکی لەگەڵ پەروەردگارەکەی ئێمەدا هەیە؟

کەواتە تۆش بڕوات بە بوونی ئەو هێزە هەیە کە ئەو گەردوونەی دروست کردووە کە بێگومان دەبێ زیندوو بێ، بەتوانا بێ، زانا بێ و دواتریش ئەنجامی شتەکان هەمووی کۆ بکاتەوە.

(مولحیدی ژیر لێرەدا بێدەنگ دەست دەکات بە بیرکردنەوە، چونکە ئەم قسانە هی ئەوە نین مرۆڤ بەسەریدا باز بدات.)

جا با بگەڕێینەوە بۆ قسەکەی دەیڤد هیوم کە ئەمە دەقەکەیەتی: (گەورەترین سەرچاوەی خۆشبەختی لە سۆز و عاتیفە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە).[1]

ئایا کێ هەزار ساڵی دەوێ لەگەڵ دایکی، بەڵام دواتر بەرەو نەمان بچێ و هەرگیز یەک نەبینێوە؟

وەک لە سەرەوەش وتمان، ئەم سۆز و خۆشەویستییە کۆمەڵایەتییە کاتێک دەتوانێت قوڵاییەکانی دڵی مرۆڤ پڕ بکات لە کامەرانی، کە بزانێت دەتوانێت جارێکی دیکە ئەم کەسە ببینێتەوە... ئەگین بیهێنە پێش چاوت خۆشیی قوڵی ئەو پەیوەندییە لەکۆیدایە کە پەنجا ساڵ لەگەڵ دایکتدا بیت، بەڵام لە قوڵاییەکانی دڵتەوە بزانیت لەپڕ یەکێکتان دەمرن و هەتا هەتایە یەکتر نابینێوە؟

1 «The greatest sources of happiness arise from the social affections.», «An Enquiry Concerning the Principles of Morals», **Oxford University Press edition** (revised by L.A. Selby-Bigge and P.H. Nidditch), Section IX, p. 289

ئایا هەر لەو کاتەدا خودی خۆشییەکان نابنە ناخۆشی؟ خودی عەقڵ نابێتە گەورەترین بەڵا؟ خودی بوون نابێتە درکێک لە قورگدا کە هەرچۆن دەری بێنی یان قووتی بدەیت ئەو هەر بتدڕێنێ؟!

دڵی مرۆڤ بیر لە ئەنجام دەکاتەوە

دڵی مرۆڤ بە جۆرێک دروست کراوە کە بیر لە ئەنجامەکان دەکاتەوە... گەر بزانێ شتێ ئەنجامەکەی پووچە، ئیستاش لە کاتی بەکارهێنانیدا چەندە چێژی لێ وەردەگرێ، سەد ئەوەندە بەدەستییەوە ئازار دەبینێ و پێی خۆشە هەر نەیناسیایە.

بۆیە قسەکەی هیوم ڕاستە... بەڵام بە مەرجی ئەوەی ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە ببەسترێنەوە بە قیامەتەوە و دیسانەوە یەکتربینین هەبێ و لە سایەی ڕەحمەتی پەروەردگاردا لەسەر قەرەوێڵەی نەرم بەرانبەر یەک دانیشین.

دۆزینەوەی نیعمەتبەخش لەناو نیعمەتدا

ئەگەر باسێک لە قوڵاییەکانی دڵی مرۆڤ بکەین، دەبینین تەنها ئیماندارە کە دەتوانێ بەڕاستی و دروستی تامی دڵخۆشی بکات. ئەو ئەگەر خۆشییەکی توش ببێت، وەک ئەو کەسە وایە کە هەناریکی لە درەختێک کردبێتەوە و دڵنیایە دوای خواردنی هەنارەکە، بەهاری داهاتوو هەمدیس دارەکە هەنار دەگرێتەوە، بۆیە هەم لەزەت لە نیعمەتەکە دەبینێت، هەم خەفەتیش بۆ دیارنەمانی هەنارەکە ناخوات، چونکە ئەو لە ڕێگەی هەنارەکەوە دارهەنارەکەی ناسیوە، بۆیە

دڵی بە سەرچاوەکەوە دەبەستێتەوە... واتە دڵی بە پەروەدگارەوە دەبەستێتەوە.

ئایا بیرت لێ سێوە یان ئەوەی سێوەکەی بۆ ناردووی؟

ئەو قسەی سەرەوە وەک ئەوە وایە تۆ لەلایەن پادشای وڵاتەوە سێوێکت بۆ بێ... بێگومان هێندەی بیرت لای ئەوەیە کە ئەوە پادشا بووە ئەو سێوەی بۆ ناردوویت، هێندە بیرت لای خودی سێوەکە نییە. چونکە سێو زۆرە، بەڵام تۆ دوای خواردنی سێوەکەش تا تەمەنت هەیە چێژ و لەزەت لە ناردنەکەی پادشا دەبەیت و دەشزانیت ئەو سەرچاوەی ناردنەکەیە و هەرکات بیەوێ دەتوانێ سێوێکی دیکەت بۆ بنێرێ، بۆیە هەرگیز لە سێوەکەدا نامێنیتەوە، بەڵکوو خەیاڵی دڵت بە نێرەری نیعمەتەکەوە دەبەستیتەوە؛ واتە دڵ دەدەیتە نیعمەتبەخشی میهرەبان.

ئیماندار ئەگەرچی نیعمەتی خزم و کەسوکاریشی لێ وەرگیرێتەوە، ماڵوسامانی لێ بسەنرێتەوە، تازە نیعمەتبەخشی میهرەبانی ناسیوە و کانگای زێڕەکەی دۆزیوەتەوە، دەزانێ کە هەرکات ئەو میهرەبانە خۆی بە چاکی زانی، هەمدیس دەیداتەوە و ئەمجارە هەرگیزیش لێی ناسەنێتەوە.

بەڵام مولحید هەر لە کاتی خواردنی سێوەکەشیدا خەفەت دەخوا و دەڵێ ئەمەی ئێستا دەیخۆم، دوو دەقەی دیکە تەواو دەبێ و ئیتر قەت نایبینمەوە... بێگومان ئەو لەو کاتەشدا کە قەرار وایە خۆشی بچەژێ، ناتوانێ خۆشی وەرگرێ و خەفەتی لەدەستدانی دوو خولەکی دیکە، تەواوی دڵ و هەناوی دادەگرێ.

ئێستا پێم بڵێ ئەو کەسەی کە لە ڕاستییدا مولحیدە، چۆن دەتوانێ لە قوڵاییەکانییەوە بڕوا بە خۆی بهێنێ کە دڵی بە منداڵ و حاڵ و گوزەرانەکەی خۆشە لەکاتێکدا هەر ئێستە یان چەند چرکەیەکی دیکە یەک یەک هەموویان وەک گڵۆپێ کە بکوژێتەوە هەرگیزاوهەرگیز دانەگیرسێتەوە، ئاوا لێ دەسەنرێتەوە؛ یان وەک ئەو دوو بڵقەی کە لە کەناری دەریادا پێکەوە یاری دەکەن و یەکیان پێش ئەویان دەتەقێ و هەرگیز دروست نابێتەوە؟!

خۆشحاڵی و کامەرالی لای شۆپنهاوەر

شۆپنهاوەریش (١٧٨٨ - ١٨٦٠) کە فەیلەسوفێکی مولحیدە و هیچ خودایەکی تاقانەی نێو ئایینە ئاسمانییەکانی بەدڵ نییە. بەڵکوو حەزی زیاتر لە چەمکە ئاسیاییەکانی نێو ئاینیی بوزی و هیندۆسییە.

بۆچی لە سەرەوە باسی حەزمان کردووە؟

چونکە لە ڕووی دەروونییە دەبێت بزانین کە مولحیدان هێندەی شوێن عەقڵ و بەڵگە دەکەون، دەیان هێندە و بگرە زیاتریش شوێن حەز و هەوایان دەکەون. بۆیە زۆربەی کاتەکان ڕاستت وتووە ئەگەر بڵێی مولحید حەزی لێیە خودا نەبێ، بۆیە وردە وردە دەست دەکات بە گەڕان و پشکنین بۆ ئەو نیشانانەی کە بە حسابی خۆی پشتی بیرۆکەکەی دەگرێ.

پاشان مولحید هیچ شتێکی لەسەر نییە. هەر ئەوەندەی وتی من مولحیدم، ئیتر دەتوانێ هەمووشتێ بە دڵی خۆی لێک بداتەوە و بە هەمووشتێ بڵێ: ئەوەش ڕاوبۆچوونێکە وەک ڕاوبۆچوونەکانی دیکە و لەنێوان ئەوانەشدا کامەی پێ خۆش بوو، دەچێت بەدوایدا.

ئەوە لە کاتێکدایە کاتێک تۆ دەڵێیت من موسوڵمانم، خێرا سەدان ئایەت و فەرمودەی موبارەک دەبنە یاسا و دەستووری ژیانت و دەبێ بەگوێیان بکەیت.

بۆچی هەمیشە دەوترێ ئیلحاد شەڕە و ئیمان ئاشتی؟

ئیماندار بۆ بەڵگە ناگەڕێت تا شتەکانی خۆی بسەلمێنێ، بەڵکوو بەڵگەکان بەرەو ئەو دێن و دڵی دەگرن و وای لێ دەکەن قەبوڵیان بکات... بەڵام ئیلحاد دەبێ هەزار جار خۆی ماندوو بکات تا نەبوونی خودا لە دڵیدا بەڕاست بزانێ؛ هەموو ئەو تۆوانەی بەهاران سەوز دەبنەوە، دەمەقاڵێ لەگەڵ هەموویاندا بکات و بڵێ: ئێوە هیچ بەڵگەی زیندووبوونەوەی تۆوی مرۆڤ نین و هەروا لەخۆڕا هەموو بەهارێ پیشانی ئێمە دەدرێن و هیچ مەبەستێکتان لەم سەوزبوونەوەیەدا نییە! دەبێ بە دانەبەدانەی تۆوەکان بڵێ: ئێوە بێ مەبەست و ئامانج و بێخاوەن و پوچن... پاشان بیسەلمێنێت کە ڕاست دەکات...

بێگومان کەسێک بە ڕاستێک بڵێ درۆ، دیارە خۆی درۆی کردووە، هەر بۆیەش ئیلحاد سەرتاپا درۆیە، چونکە ناتوانێ بانگەشەکەی خۆی بسەلمێنێ.

وەک ئەوە وایە کەسێک بە کەسێکی دیکە بڵێ: تۆ درۆ دەکەیت و منداڵی ئەم ماڵە نیت... دیارە ئەگەر منداڵی ئەو ماڵە بێ، ئەوکاتە خۆی دەبێتە درۆزن (فأولئک هم الکاذبون).

بەڵام ئیماندار هەر ئەوەندەی بە یەک تۆوی وت: بەڵێ تۆ بۆ ئەوە خۆتم نیشان دەدەیت کە من قیامەتم بیر بکەوێتەوە، ئیتر بەسە بۆ ئەوەی هەمان شت بۆ گشت تۆو و بەرەکانی دیکەش ڕاست بن. بۆیە هەمیشە دەوترێ ئیلحاد شەڕە و ئیمان ئاشتی.

سەرباری ئەو هەموو یاسا و بەگوێکردن و شتانەش بۆ کەسی باوەڕدار، کەچی ڕێژەی خۆشحاڵی هەر لای ئەم ئیماندارانە زیاترە و بەپێی توێژینەوەکان زۆرینەی ئەوانەی دڵتەنگن و بۆ شاردنەوەی دڵتەنگییەکەیان، یان بۆ دروستکردنی دڵخۆشییەکی دەسکرد، شت دەدۆزنەوە. ئەوەتا زۆرینەی ئەوانەی ماددەی هۆشبەر بەکار دەهێنن، ئەوانەن کە بڕوایان بە هیچ مانا و مەبەستێک نییە و هەمووشتێک لایان ئەم دنیایە[1].

هەر لەم وڵاتەی خۆشمان چاک دەزانین ڕێژەی جگەرەکێشان لەناو دینداڕەکاندا زۆر کەمترە لەوانەی کەمتر لە دینەوە نزیکن. بێگومان زۆرینەی ئەوانەی کە مەشروب دەخۆنەوە، جگەرەش دەکێشن. بێگومان زۆرینەی ئەوانەش کە ماددەی هۆشبەر بەکار

1 https://pubmed.ncbi.nlm.nih.gov/24041170/

2 Gmel G, Mohler-Kuo M, Dermota P, Gaume J, Bertholet N, Daeppen JB, Studer J.Subst Use Misuse. 2013 Sep;48(12):1085-98. doi: 10.3109/10826084.2013.799017.PMID: 24041170

3- Sukhwal M, Suman LN.Asian J Psychiatr. 2013 Feb;6(1):66-70. doi: 10.1016/j.ajp.2012.08.012. Epub 2012 Nov 26.PMID: 23380321

دەهێنن، مەشروب بەلایانەوە کارێکی ئاساییە چونکە ئەگەر تۆ سەدت پێ بێ، بێگومان هەشتاش هەر هیی تۆیە.

ڕۆژانە بەپێی سایتی (جیهانپێو)[1]، تەنها لە یەک ڕۆژدا زیاتر لە ١٢٠ هەزار منداڵ لەلایەن دایکان و باوکانی لەخوانەترسەوە لەبار دەبرێن کە هیچ دینێکی ئاسمانی ڕێگە بەم کارە نادات و کەمترین لەباربردنیش لەلایەن ئیمانداڕەکانەوە ئەنجام دەدرێ.

- ژمارەی ئەو جگەرانەی تەنها لەمڕۆدا (١٠/ ١٠/ ٢٠٢٤) کێشراوە، (11,204,868,696) یانزە ملیار جگەرەیە.
- ٨٥٠ ملیۆن دۆلار لە ماددەی هۆشبەردا خەرج کراوە ئەمڕۆ.
- تەنها لەمڕۆدا ١٦٠ ملیۆن دۆلار لە ئەمریکادا بۆ بەرنامەی خۆزەعیفکردن خەرج دەکرێت.
- تەنها لەمڕۆدا ٥٢٠ ملیۆن دۆلار بۆ ئەو نەخۆشییانە سەرف کراوە کە پەیوەندییان بە قەڵەوییەوە هەیە.
- لە بەرانبەردا ٢٤ هەزار کەس لەبەر برسێتی لەمڕۆدا مردوون.
- هەر لەمڕۆدا ٨٨٣ ملیۆن کەس خواردنی پێویستیان نەخواردووە.
- کەچی لەولاوە ١ ملیار و پۆینت حەوت کەس کێشیان زۆرترە، واتە زۆرتر دەخۆن.
- ٨٧٥ ملیۆن کەسیش بەدەست قەڵەوییەوە دەنالێنن.

لێرەدا بەجوانی دەردەکەوێ کە ئەو بەخشین و زەکاتەی کە ئیمان باسی دەکات و پێغەمبەری پێشەوا ﷺ بۆ مرۆڤایەتیی هێناوە

1 https://www.worldometers.info/

چەندە سەرزەوی ڕێکوپێک دەکات. ئەگەر قەڵەوەکان کەم بخۆن و زیادەکەی بدەن بە بەدخۆراکەکان، هەموان لەشساغ دەبن.

ئەو ملیۆنەها دۆلارەش لە خۆزەعیفکردن و چارەسەرکردنی قەڵەویدا خەرج ناکرێ.

ئەم فەیلەسوفە مولحیدەی کە لەسەرەوە ناومان برد، لە کتێبەکەیدا بەناوی (جیهان وەک ئیرادە و نیشاندان (١٨١٨)[1])، باس لەوە دەکات کە لە ڕێگەی ئەزموونە جوان و ڕازاوەکانەوە دەتوانین بە شێوەیەکی کاتیی خۆمان توشی مورتاحی بکەین.

لای ئەو ئیرادە و حەزەکان بەڵان. ئیرادە کوێرە و مرۆڤ توشی دەردەسەری دەکات چونکە کوێرانە پاڵ بە حەزەکانەوە دەنێ و مرۆڤ توشی بەڵای خۆی دەکات. ئیتر ئەو ئەزموونە جوانانەی کە دەیکات، وای لێ دەکات بۆ ماوەیەک توشی دڵخۆشی ببێت.

هەر بۆیە دەڵێ: (تا کەمتر لەلایەن ئاروزەوە ڕێنمایی بکرێین، زیاتر بە ڕووی جوانیدا دەکرێینەوە؛ لەوێشەوە بەرەو خۆشبەختی)[2].

بێگومان بەگوێرەی کتێبەکەی خۆی بێ، مەبەستی خۆشییەکی کاتییە.

1 «The World as Will and Representation» (1818)

2 "The less we are guided by desire, the more we are open to pure contemplation, and hence to happiness.", The World as Will and Representation, (Dover Publications), p. 364

بەڕێزانی خوێنەر! قسە لەگەڵ دڵتاندا بکەن و لێی بپرسن: ئایا هەرگیز حەزت لە خۆشییەکی کاتی هەیە کە ناخۆشیی هەتاهەتایی بەدوادا بێ؟

یان ئایا دڵت خۆشییەکی دەوێ کە دواتر هیچ ببێتەوە و ون ببێ و بگرە خۆشت ون ببی و دیار نەمێنی؟ ئایا دڵ هەر تاقەتی هەیە لەزەت لە شتێکی ئاوا کەمبایەخ بەرێ؟

بێگومان خۆتان باش دەزانن مەبەستمان دڵە، نەک هەستەکان کە ئەوان لە هەمووشتێکدا بەشی خۆیان دەبەن.

دەم و هەستی چەشتن، لەزەتی خۆیان لەو شیرینییە دەبەن کە دەخورێ، ئەوان بیر لە حەلاڵی و حەرامییەکەی ناکەنەوە، بەڵکوو ئەوە قەلبە کە بیر دەکاتەوە و شتی هەمیشەیی و نەبڕاوەی دەوێ و هەرگیز ناتوانێ لەزەت لەو مادده کاتییانە بەرێ کە داهاتووەکەیان تاریک و کوژاوەیە.

واجبی ئیماندار

ئێمەی ئیماندار واجبی سەرشانمانە ئەم چێژە ڕاستەقینەیە بگوازینەوە بۆ دڵی بەرانبەر و داوای یارمەتی لە پەروەردگاری دڵەکان بکەین کە لە ڕێگەی ئێمەوە ئەوانیش لەم باوەڕە دڵخۆشکەرە ڕاستەقینەیە بێبەش نەبن.

ئیمانداران هەمیشە پێیان خۆشە بڕا و خۆشک و هاوسەر و منداڵەکانیان وەک خۆیان ئیماندار بن؛ بەڵام مەرج نییە مولحیدان هەمان حەزیان بۆ کەسە نزیکەکانیان هەبێ. بگرە هەندێکیان دەڵێن: ئەو دەردەی ئێمەی تووش بووە، با توشی کەسی تر نەبێ.

ئایا مولحیدان حەز دەکەن دایکیان مولحید ببێ؟

هەر نوسەری ئەم دێڕانە پرسیاری لە یەکێک لەو مولحیدانە کرد و وتی: ئایا حەز دەکەیت دایکت ئێستا بیرکردنەوەکانی وەک هی تۆیان لێ بێ؟

لە وەڵامدا وتی: نەخێر! حەز ناکەم مورتاحیی تێک بچێ و ئەو بەو شێوەیە مورتاحە.

بێگومان ئەم قسەیە هەزار قسەی لەژێردایە... گەر خۆی لە دایکی مورتاحتر بووایە، بێگومان حەزی دەکرد ئەو مورتاحییە بە نسیبی دایکیشی ببێ.

کۆتا مولحیدی هاوچەرخ کە تا دەمی ئەم نوسینەش لە ژیاندا ماوە و هەوا و ئاو و هەناسە بە ئیزنی پەروەردگار دەخواتەوە و هەڵدەمژێ، بریتییە لە ڕیچارد داوکینزی ئینگلیز کە یەکێکە لە مولحیدە سەرسەختەکان و زیاتریش لە بواری زیندەوەرزانیدا پسپۆڕیی هەیە و بڕوایەکی تەواوی بە بیردۆزی پەرەسەندنی داروین هەیە و پێی وایە ئێمە لە شامپانزییەوە گەشەمان کردووە...

بێگومان تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی زانستیی نییە بیسەلمێنێ کە ئێمە لە مەیمونی شامپازییەوە پەرەمان سەندووە، کەچی سەرەڕای نەبوونی هیچ بەڵگەیەک لەو بارەیەوە، هاتوون و ئەوەیان وەک زانست ناساندووە، لەکاتێکدا شتێکە دەچێتە بازنەی غەیب و بڕوا بە غەیبەوە.

تێبینیی ئەوە کراوە کە هەموو مولحیدان بنچینەی بیردۆزەکانیان لەسەر شتانێکی غەیبی بنیات ناوە و دواتر بنەماکە تەرک دەکەن و لە ناوەڕاستەوە دەست پێ دەکەن.

ئەم پیاوە لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا بە گاڵتەوە دەڵێ: باشە من چۆن بڕوا بە ئیسلام بهێنم لەکاتێدا ئێوە دەڵێن پێغەمبەرەکەتان بە ئەسپێکی باڵدار چووەتە ئاسمان؟

درێژەی دەداتێ و دەڵێ: ئەمە سەدەی بیستویەکە و چۆن دەکرێ مرۆڤ خەریکی ئەم خورافەتە بێ...

پێشکەشکارەکە لێی دەپرسێ بۆچی بەلاتەوە سەیرە؟

ئەڵێ: چونکە هیچ بەڵگەیەکی نییە بیسەلمێنێ کە چووە!

پێشکەشکارەکە لێی دەپرسێ: ئەی تۆ چ بەڵگەیەکت بەدەستەوەیە کە نەچووە؟

تۆزێ سەری بادەدا و دەڵێ هیچ بەڵگەیەکم بەدەستەوە نییە، بەڵام سەدەی بیستویەکە بیستویەک![1]

1 https://www.youtube.com/watch?v=oNYD-nPY29o

ئێ هەر لەم سەدەی بیستویەکەدا کاتێک خۆیان قسەیان پێ نامێنێ، پەنا دەبەن بۆ بیردۆزی کوانتەم میکانیک کە لەو بیردۆزەدا -کە بە حسابی خۆیان زانستییە- وەها باسی ماددە و تەنۆلکە سەرەتاییەکانی وەک ئەلیکترۆن و وردتر لە ئەلیکترۆن واتە کوارک دەکەن کە دەکرێ هەموشتێکی سەیریان لێ بقەومێ. دەکرێ پارەی ناو دەخیلەیەکدا دیواری دەخیلەکە ببڕێ و بێتە دەرەوە؛ دەکرێ تۆ بەناو دیوارێکدا بچیت؛ دەکرێ تۆ بەناو دەرگایەکدا بچی لەکاتێکدا دەرگاکەش داخرابێ... ئەمانە هەمووی لای ئەوان زانستن و ئەگەر قسە بکەی، دەڵێن سەدەی بیستویەکە و تۆ هیشتا بڕوات بە خورافە هەیە؟

(لە دڵەوە وشەی خورافە بەزەیی بە خۆیدا هاتەوە و بێدەنگ لەبەر خۆیەوە وتی: حەزناکەم بە هەڵە بەکارم بێنن.)

ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٦ کتێبێکی زۆر ڕقاویی نوسی بەناوی (وەهمی ئیلاهـ) و خێرا لەلایەن دەزگاکانی ئەهلی کوفرەوە وەرگێرانی بۆ سەر زمانە جیاجیاکان بۆ کرا کە نەیتوانیوە تێیدا هیچ بەڵگە و نیشانەیەک بخاتە ڕوو دژی بوونی پەروەردگارێکی تاقانەی هەمووشت بەدەست ﷻ.

خۆشبەختی لای داوکینزی مولحید

لە کتێبەکەدا باسی بابەتی زۆر کراوە، یەکێکیش لە بابەتەکان، گەرچی مەبەستی سەرەکیی کتێبەکە نییە، بریتییە لە مەسەلەی خۆشبەختی و مۆرتاحی.

لەو کتێبەدا و لە دەوروبەری لاپەڕە ٤٠٥ دا باسی سەرچاوەکانی خۆشبەختی دەکات کە یەکێکیان بریتییە لە گەشەسەندنە زانستییەکان کە دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی خۆشبەختیی بۆ مرۆڤ. بێگومان باسی جوانیی جیهانیش دەکات کە دەتوانی تەماشای جوانییەکەی بکەیت و چێژ و مۆرتاحی بەدەست بهێنیت.

تەنانەت هێندە گەشەسەندنە زانستییەکانی بەلاوە گرنگە، لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێ: «چی چاکە و چی خراپە شتێکی گرنگ نییە بەلای منەوە، ئەوەی گرنگە بەلای منەوە چی ڕاستە»[1]، کە لێرەدا مەبەستی لە «ڕاست» بریتییە لە دۆزینەوە زانستییەکان، ئەوانەی دەسەلمێنرێن.

سەیرە! مرۆڤێک بە قسەی خۆی ئاوا دۆزینەوە زانستییەکان خۆشحاڵی بکەن، کەچی نەتوانێ پەی بە خۆشحاڵیی ڕاستەقینە بەرێت کە بریتییە لە ئیمان و ناسینی پەروەردگاری ئەوەڵ و ئاخیر.

باشە ئەگەر: دۆزینەوە زانستییەکان ببەستینەوە بە هەستەکانەوە، بێگومان هەموویان خۆشی و سەلامەتی بۆ مرۆڤ دەستەبەر ناکەن، هەندێکیان ترس دەخەنە دڵی مرۆڤەوە وەک چەکی ئەتۆمی و چالاککردنی ڤایرۆسەکان لە تاقیگە و هتد!

ئایا ئەو دڵخۆشییەی ئەو هەستی پێ دەکات، دڵخۆشییەکی کاتییە وەک ئەوەی شۆپنهاوەر؟ یان دڵخۆشییەکی هەمیشەییە و ئەگەر هەموو شتێکی دنیای لێ بسەنێوە، ئەو ناتوانێ ئەو دڵخۆشییەی لەدەست بدات؟

1 https://www.youtube.com/watch?v=oNYD-nPY29o

بێگومان هیچ خۆشییەک ڕاستەقینە و دڵپەسەند نییە، مەگەر ئەوەی زەمانەتی هەتاهەتاییبوونی لەگەڵدا بێ. دڵ شتی فانی و تیاچووی ناوێ! تۆ چیبکەی لە دۆزینەوەی زانستی کە تەنها لەوانەیە بتوانێ خۆشییەکی کاتیت بۆ دەستەبەر بکات... ئەوە لە کاتێکدایە ئەگەر نەتترسێنێ وەک بۆمبی ئەتۆمی؟!

هەرکەسێک لە ئێمەی خۆێنەری ئەم پەرتووکە، با لە دڵەکەی خۆی بپرسێ ئایا دۆزینەوە زانستییەکان بەشی چەند ساڵ دڵخۆشی دەکەن؟ چەنێک دەتوانن وەڵامی حەزە قوڵە هەتاهەتاییەکانی دڵ و گیانی بدەنەوە؟

ئەی تەماشاکردنی جوانیی جیهان واتای چییە؟

ئایا ئەو جوانییەی بەهار کە هەموجار پاییزی بەدوادا دێت، پێت دەڵێ سەرەنجام پاییزێکی ڕاستەقینە بەسەر هەموشتێکدا دێت و جارێکی دیکە بەهار ڕەنگە نەیەتەوە؟

ئایا دەکرێ مرۆڤ دڵ بە بەهارێک خۆش بکات کە دڵنیا بێ پاییزی زەردی گەڵاڕێزانی بەدوادا دێت و بۆ هەمیشە ناچاری دەکات ماڵاوایی جودایی هەتاهەتایی لە دەوروبەر بکات؟

من جوانیم بۆیە خۆش دەوێ کە دەمگەیەنێت بە جوانێکی تر؛ جوانێک کە سەرچاوەی هەموو جوانییەکانە و لەوێ هەرگیز لێی دانابڕێم ﷺ... دەرگا و پرسگەی بەهەشتی ڕازاوە... بۆیە کاتێکیش

جوانییەکانی دنیا تێدەپەڕن، دڵتەنگ نابم، بەڵکوو وەک دۆست و ماموستایەک تەماشایان دەکەم کە بوونەتە ناسێنەری جوانیی هەمیشەیی و دروستکەری جوانی و خۆری خۆران... جوانی جوانان ﷺ.

بێگومان هەمووشتێکی ئەم دنیایە، چەنێک خۆی دەردەخات، هەزار ئەوەندە داهێنەرەکەی دەناسێنێت.

بۆ نموونە گوڵێک کە لە باخچەکەی ماڵی ئێوەدا دەپشکوێ و بەردەوام تەماشای چاوت دەکات، چەنێ پێناسەی جوانییەکەی خۆی دەکات و خۆی دەدرەوشێنێتەوە و دەڵێ من هەم و ئەوەتام لەبەرچاوتدا، هەزار ئەوەندە و لە هەزار دەرگا و پەنجەرەی دیکەوە دروستکەرە ڕازێنەرەکەی دەناسێنێ و دەڵێ:

من لەلایەن دروستکەرەکەمەوە بەدی هێنراوم
لەلایەن ئەوەوە ئەم بۆنەم پێ بەخشراوە
لەلایەن ئەوەوە ئەو ڕەنگەم پێ بەخشراوە
سبەی لەلایەن ئەوەوە تۆزێ گەورەتر دەبم
دووسبەی لەلایەن ئەوەوە دەبمە میوەیەک
تۆ بە ئێزنی ئەو دەمخۆیت و لە تۆدا بە ئێزنی ئەو دەبم بە چاو
دەبم بە گوێ
دەبم بە خوێن بە دڵ و جەرگ
جوانییەکەم بەهۆی ئەوەوە بەشی چاوت دەدات
بۆنەکەم بە ئێزنی ئەو بەشی لوتت دەدات
تامەکەم بەهۆی ئەوەوە بەشی زارت دەدات

نەمانەکەم پێت دەڵێ نابێ دڵ بە شتی تیاچوو خۆش بکەیت و بڕۆ ئەوە بدۆزەرەوە کە باقی و نەمر و هەتاهەتاییە ﷻ

ئەم یشتانە بە تۆ دەناسێنێ.. بەڵام وریابە ئەو خۆی تەنها بە تۆ ناناسێنێ، بەڵکو هەزاران بوونەوەری دیکە لە بۆشایی و ناو هەوادا هەن کە ئێمە نایانبینین، بەڵام ئەوان ئەو گوڵانە دەبینن و دروستکەر و داهێنەرەکەی خۆی بەوانیش دەناسێنێ.

بەڵێ ئەو مولحیدە سەرسەختە دەقاودەق لە کتێبەکەیدا دەڵێ:
(ئەو کەسانە کە لەم گەردوونەدا خۆیان بەتەنها دەبینێوە و هیچ کەسێک شک نابەن پارێزگارییان لێ بکات خۆیان نەبێ، ئایا دەترسن؟ بەڵام بەپێچەوانەوە، بیرکردنەوەی کەسی پێگەیشتوو بە شێوەیەکە کە تێدەگان ژیان ئەو کاتە مانای هەیە کە خۆمان مانای پێ دەبەخشین، ئەوەندەش جوانە کە خۆمان بۆی هەڵدەبژێرین.)[1]

بێگومان مانابەخشین بە شتەکان بەدەست مرۆڤ نییە، بەڵکوو دۆزینەوەی ماناکان بەدەست مرۆڤە. شتێک کە خۆی مانای هەبێ، بە قسەی کەس ماناکەی لەدەست نادات؛ شتێکیش لە بنەڕەتدا مانای نەبێ، هەزار جار بەزۆر مانا بکەرە بەری، دواتر هەر دایدەکەنێ!

گەر دەڵێی وا نییە، فەرموو با پێکەوە بیر لە گوێزێک بکەینەوە کە ناوەکەی پڕ بێ و هیچ کێشەیەکی نەبێ؛ ئەم گوێزە ئەگەر

1 - "Is it that people are afraid of finding themselves alone in the universe, with no one to look after them except themselves?... The truly adult view, by contrast, is that our life is as meaningful, as full and as wonderful as we choose to make it.", *The God Delusion*, Dawkins, **Publisher**: Houghton Mifflin, p. 405

هەموو سەرزەوی پێی بڵێن پووچ، ئەو دەڵێ: ئادەی بمخەنە ژێر خاک، ئەگەر نەبووم بە دارگوێزێکی لە هەمووتان باڵابەرزتر!!

خۆ گەر بەپێچەوانەوە گوێزێکی پووچ هەزار جل و بەرگی پازاوەی لەبەر بکرێ و بۆیەی ڕەنگین بکرێ و عەتری گرانی لێ بدرێ، ئەم گوێزە بەو شتانە نابێ بە گوێز، چونکە کاتێ ناشتمان و خستمانە ژێر خاکەوە، هەزار ساڵ تێدەپەڕێ و ئەو سەردەرناهێنێ و دەڕزێ و دەچێ!

هەرگیز مولحیدێک کە پێی وابێ ئێمە بەرهەمی هەڵەیەکی گەردوونین کە دروست بووین، واتە گەردوون نەیزانیوە و لەدەستی دەرچووە ئێمەی دروست کردووە، ناتوانێ نرخ و ڕێز بە بوونەوەرێکی «بەبێ مەبەست دروستکراو» ببەخشێ.

ئایا تۆ ڕێزی شتێک دەگری کە ڕۆژێکیان لە ئەنجامی ئەوەوە پەیدا بووبێ کە کەسێک نوکەپێیەکی لێ دابێ و ئێتر ئەویش دروست بووبێ؟

ڕێزی ئەوە زۆرتر دەگری، یان ئەوەی تر کە پێت وابێ بەهێزترین و زاناترین و حەکیمترین دروستی کردبێ بۆ مەبەستێکی گەورە و پڕ مانا بەدی هێنابێ؟

ئایا تۆ پێت وایە کامیان بی خۆشترە؟ کامیان بی گرنگتری لای خۆت و لای دەوروبەرت؟

ئایا دۆزینەوەی پەروەردگار گەورەترین زانست نییە؟

ئێمە بە کەسێک دەڵێین زانا کە توانیویەتی شتێک لەبارەی باڵی مێشەوە کەشف بکات... ئیتر چەندین خەڵاتی گرانبەها و جیهانیی پێ دەبەخشرێ -بەو مەرجەی موسوڵمان نەبێ، چونکە ئەگەر موسوڵمان بێ، کەشفکردنەکەی دەشارنەوە و بە هیچ شێوەیەک باس ناکرێ و بەڵگەش بۆ ئەوە، کەمترن موسوڵمان هێڵراوە بەشداریی پێشبڕکێکان بکەن.

دەی ئایا ئەگەر کەسێک کەشفی بکات کە بەشی سەرەوەی لای ڕاستی باڵی چەپی مێش فلانە شتی تێدایە کە کەس تا ئێستا کەشفی نەکردووە و بەوە بوترێ زانا...

ئایا ئەو کەسەی بە دڵ خودا و پەروەردگاری هەموو گالاکسی و کاکێشانەکان و بوون و ژیان و مردن و هەتاهەتایی بدۆزێتەوە شایەنی ئەوەی نییە پێی بوترێ زانای ڕاستەقینە؟

(بڵێ: ئایا زانا و نەزان وەک یەکن؟ بێگومان هەر کەسی ژیر بیری دادەخورێ.)

﴿أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ۝٩﴾ الزمر: ٩.

ئایا لەم گەردوونەدا هیچ شتێک پشتگیریی ئیلحاد دەکات؟

لەم گەردوونەدا بەردێک، پوشێک نییە پشتگیریی ئیلحاد بکات. ئەگەر پوشێک هەبێ پشتگیریی ئیلحاد بکات، ئەوە مانای وایە ئەو پووشە بە سەوزی و بە گیاییش پشتگیریی لە ئیلحاد کردووە، واتە ئیلحاد و بێخوایی بەلاوە ڕاست بووە.

ئەگەر بە گیایی، واتە بە سەوزی پشتگیریی ئیلحادی کردبێ، دەبێ بە تۆویش هەر لەگەڵ ئیلحاددا بووبێ؛ ئەگەر بە تۆوی لەگەڵ ئیلحادا بووبێ، مانای وایە ئەو خاکەش کە تێیدا سەوز بووە و ئەو ئاوەی چووەتە بنی، لەگەڵ ئیلحادا بوون. بگرە ئەو هەوایەی بەری دەکەوێ لەگەڵ ئیلحادا بووە. گەدەی تۆ کە گەنمەکە دەخوا لەگەڵ ئیلحاددایە، گەدەی بزن و مانگایەکیش، خۆریش کە لێی دەدا تا دەگاتە ئەوپەڕی گەردوون.

واتە ناکرێ تۆوێک بە تۆوی لەژێر دەسەلاتی ئیلحاددا بێ و ئەو بەڕێوەی بەرێ، کەچی ئەو ئاوەی دەچێتە بنی، بەدەست ئیلحاد نەبێ، چونکە لێی دەپرسرێ:

ئیلحاد چۆن ئەو ئاو و تۆوەی پێکەوە وا ڕێک خستووە کە ئەم بچێتە بنی ئەو، خێرا گەشە بکات و ببێتە بنجە گیا یان درەختێک؟

یان دەبێ هەردووکی لای یەک خاوەن دەسەلات بێ، یاخوود شتەکە سەر ناگرێ. هەر بەو شێوەیە بۆ خاک و هەوار و خۆر و گەدە و هەموو شتەکانی دیکەش لێکی بدەرەوە.

ناکرێ ئەو تۆوە کاتێک بوویە بنجەگیای سەوز، لە دەستی ئیلحادەوە بێتە دەستی پەروەردگار! پاشان بە پوشی بچێتەوە دەستی یەکێکی تر چونکە شتەکان لە هەزار لاوە پێکەوە گرێ دراون و یان دەبێ لای ئەم بێ، یان لای ئەو!

لەم گەردوونەدا یان ئەوەتا هەموو شتەکان بە ئیمان دەچن بەڕێوە، یان ناکرێ یەک شت هەبێ ئیلحاد بە شێوەیەکی کردەیی و عەمەلی بیبات بەڕێوە.

ئەگەر یەک شت هەبێ لە دەستی پەروەردگاردا نەبێ، ئەوە پەروەردگار پێناسەی پەروەردگاریی بەسەردا ناچەسپێ (حاشا بە ئەندازەی بوونەوەران حاشا).

ئەگەر ئیلحاد بتوانێ یەک شتی لەم گەردوونەدا هەبێ، ئەوە توانیویەتی هەموشتێکی هەبێ. بۆیە یان گشت یان هیچ. یان هەموشتێ بەدەست پەروەردگارە، یان حاشا هەموشتێ بەدەست ئیلحادە کە ئەوەش لە مەحاڵترە و وشەی مەحاڵ خۆی لە بنەڕەتدا هەر بۆ ئەم شوێنە دروست کراوە.

دۆعای ئەم بەشە

پەروەردگاری میهرەبان
بۆ خاتری ئیسمی ئەعزەمت کە لە ناو ناوەکانتدا شاراوەیە...
بۆ خاتری دڵی میهرەبانترین و بەڕەحمترین کەس کە هەزارجار

لە دایک بۆ منداڵەکەی بۆ ئێمە بەڕەحمترە و لە هەموان زیاتر بڕوای بە تۆ و پەیامی قورئان و قیامەت هەبووە...

بۆ خاتری دڵی ئەو کەسەی کە خۆی بەتەنها لەم سەرزەوییەدا دەستی کرد بە دەعوە و بانگەواز و دانە دانە دڵی خەڵکی پڕ لە نوور و ڕۆشنایی کرد تا ئەو نورەش لە ڕێگەی هاوەڵانەوە گەیشتە ئێرە!

دڵی نوسەری ئەم دێڕانە و خوێنەری ئەم دێڕانە و هاوسەر و منداڵ و دایکوباوکمان لەو نوورە بەش بدە و تا کۆتا چرکەکانی ژیانمان پێمان بێ و لە گۆڕیش لەگەڵمان بێ و لە قیامەتیش لەوانە بین کە دەفەرموێ «نورهم بين أيديهم وبأيمانهم»...

ئەم کتێبەش بکەیتە مایەی جێی ڕەزامەندیی خۆت و فەتحی دڵەکان...

چەن خۆشە لە قیامەت پێمان بوترێتەوە: بەهۆی ئەم نوسینەوە دڵی خەڵک فەتح بووە! ئەڵڵاهـ لەو خۆشییە!

بەشی سێهەم

چەمک و مانای مردن لای مولحیدان

کاتێک دەچینە ناو قوڵایی دڵ و میشکی مولحیدەوە و بەناو خانەکانی بیرکردنەوەیدا دەگەڕێین، دەبینین ئەو هەر لە بنەڕەتەوە پێی وایە ئەم مرۆڤە پاشماوە و چڵکی کارلێکە کیمیاییەکانی گەردوونە.

بیهێنە بەرچاوت ئەگەر لە ئەنجامی دەسشتن بە سابوون، کەفێک دروست بێت، دیارە ئەو کەفە هیچ بەهایەکی نییە و مەبەستی ئێمەش دروستکردنی کەف نەبووە و هیچ ئاورێکیش بەلای ئەو کەف و چڵکەدا نادەینەوە.

هەمدیس بیهێنە پێشچاوت یەکێک لە مولحیدە بەناوبانگەکان بەناوی «کارل ساگان»، بڕوای وابێ ئێمە لە پاشماوە یان دوکەڵی تەقینەوەی ئەستێرەکانەوە پەیدا بووین و ئەو قسەشی بە زانست بزانرێ؟ (ئیمۆجیی تەریقبوونەوە)

ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا کە ساڵی ١٩٨٠ چاپی کردووە و ناوی لێ ناوە (گەردوون)، دەڵێ (ئێمە لە مادەی ئەستێرەکانەوە دروست بووین)[1].

1 **«We are made of star-stuff»,** Cosmos, Carl Sagan, Random House, 1980, p.

ناوبراو پێی وایە ئەو کاتەی ئەستێرە زەبەلاحەکان تەقیونەتەوە، ماددە سەرەتایی و سەرەکییەکانی دروستبوونی ژیان لەو تەقینەوەیەدا بە هەموو گەردوونداً بڵاوبوونەتەوە، وەک کاربۆن و ئۆکسیجین و نایترۆجین؛ ئەوسا ئەم ماددانەش بوونەتە بەشێک لە هەسارەکان و دواتریش بەشێک لە ژیان و دواتریش مرۆڤ پەیدا بووە!

ڕاستییەکەی ئەم بیرکردنەوە –بە حساب زانستییە–ی ساگان، لای بەشێک لە خەڵکی بە بیرکردنەوەی شاعیرانە ناو دەبرێ[1] و کێشەیەکی ئەوتۆیان لەگەڵیدا نییە کە وەک شیعر و خەیاڵ حسابی بۆ بکرێ، بەڵام کاتێک بەناوی زانستەوە بڵاو دەکرێتەوە، دەبێ بەڵگە نیشان بدرێ، نەک شتی غەیبی کە ئەم بابەت و گریمانەیە تەواو شتێکی غەیبییە.

بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەو خۆی بە شاعیر نازانێ، بەڵکوو وا دەزانێ زانا و فەلەکناس و فەلەکناسی فیزیاییە و کاتێ قسە دەکات، وەک شاعیرەکان خۆی ناجوڵێنێ، بەڵکوو وەک زانایەک دەردەکەوێ.

---

233 (in the 1980 edition).

هەر خۆیشی لەم بەستەرەی یوتیوبدا قسەیەکی لەو شێوەیە دەکات و ئێمە بە کوڕی خۆر و ئەستێرە زەبەلاحەکان دەزانێ. هەموو ئەو قسانەش بۆیە دەکەن، تا بڵێن خودا نییە و نەپەرستن و وەک ئاژەڵان بێدەربەست بن:
https://www.youtube.com/watch?v=tLPkpBN6bEI

1 https://www.youtube.com/watch?v=QADMMmU6ab8

ئەم لینکەی یوتیوب لەژێر ناونیشانی (cosmic poetry)دایە و مولحیدێکی دیار لێکدانەوەیەکی شاعیرانەی بۆ دەکات و دەڵێ بەلامەوە زۆر جوانە.

نرخی مرۆڤ لای ستیڤن هاوکینگ

هەروەها یەکێکی دیکە لە کەسە بەناوبانگەکانی سەدەی بیستویەک، ستیڤن هاوکینگی فیزیا و بیرکاریزانە کە مولحیدە.

ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا ئاوا نرخ بە مرۆڤ دەدات و دەڵێ: (ئێمە تەنها نەوەیەکی پێشکەوتووی مەیمونین کە لە هەسارەیەکی قەبارە مامناوەندی لە ئەستێرەیەکی ئاساییدا دەژین. بەڵام ئێمە دەتوانین لە جیهان تێبگەین، هەر ئەوەش تایبەتمەندیی ئێمەیە و وامان لێ دەکات زۆر تایبەت بین)[1].

بەهای مرۆڤ لای مولحید هەر ئەوەندەیە کە دەتوانن لە قۆناغەکانیی دواتردا بە گرنگی بزانن، لەکاتێکدا گرنگیی شت لە بنچینەکەیدایە. بۆ نموونە سەعاتێک بۆیە گرنگە چونکە ئەو ماددانەی پێکیان هێناوە ماددەی چاک و بەرگەگر و بەنرخن و دەتوانن وا لە سەعاتەکە بکەن بەرگەی چەندین ساڵ بگرێت؛ لەکاتێکدا کەسێکی دیکە دەچێ و جۆرێک لە جۆرەکانی سەعات بە گرنگ دەزانێ لەبەر ئەوەی لە فلانە ڕۆژدا کەسێک لەدەستی کردووە.

ئایا گرنگیی سەعات لە ماددە سەرەتایی و بنچینەکەیدا بێ چاکترە، یان ئەوەی یەکێک کردبێتییە دەستی و ئیتر بەو هۆیەوە بە گرنگ زانرابێ؟!

---

1 «We are just an advanced breed of monkeys on a minor planet of a very average star. But we can understand the Universe. That makes us something very special.», *A Brief History of Time,* Stephen Hawking, Chapter 1, 1988, p. 3

بە هەمان شێوەش بۆ مرۆڤ بەو شێوەیە.

نرخی مرۆڤ لای ئیمان

لە چوارچێوەی باوەڕدا مرۆڤ گرنگترین بوونەوەری گەردوونە و هەموو بوون بۆ ئەو ڕامهێنراوە و لە خزمەتی ئەودان. بەڵگەش بۆ ئەو قسە لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

قوتابخانەیەک بە هەموو پێداویستییەکانییەوە، واتە بینا و ڕەحلە و تەختە و هەمووشتەکانی دیکەیەوە، گەر قوتابیی تێ نەیەت، کەس دروستی ناکات. واتە ئەگەر هیچ تەلەبەیەک لەو ناوچەیەدا نەبێ، هەرگیز قوتابخانە بنیات نانرێ.

لەوەوە تێدەگەین کە هەموو ئەو ئامادەسازییانە بۆ ئەوەیە کە ئەو ناوچەیە تەلەبەی دەبێ و پاش ماوەیەکی دیکە دێنە ئەو قوتابخانەیە، ئیتر بە شێوەیەک بۆیان ڕێک دەخرێ کە بۆ قوتابخانە بشێ و تەلەبەکان بتوانن دەرس و زانستی تێدا وەربگرن.

پاشان ئەگەر دوای ماوەیەک هەموو تەلەبەکان ئەو قوتابخانەیە تەواو بکەن و هیچ منداڵێکی دیکەش لە ناوچەکەدا نەمابێ، هیچ پێویستییەک بەو قوتابخانەیە دەمێنێ؟
بێگومان نەخێر!

ئەی کوێ ئاوەدان دەکرێتەوە؟

بێگومان ئەو شوێنە ئاوەدان دەکرێتەوە کە یەک یەک تەلەبەکان بۆ ئەوێ تەخەڕوج دەکەن و قوتابخانەکەی یەکەم هیچ گرنگییەکی نامێنێ چونکە کەس نامێنێ دەرسی تێدا بخوێنێ و ئیتر دەپێچرێتەوە.

کەواتە سەرەتا لەبەر تەلەبەکان قوتابخانەکە دروست کرا، دواتریش کە ئەوانی لێ نەما، هەڵگیرا و داخرا؛ ئەوسا ئەو شوێنەش ئاوەدان کرایەوە کە ئەمانی بۆ ڕۆشتن.

لەو نموونەیەوە تێدەگەین کە:

زەوی بۆیە ئاوەدان کراوەتەوە چونکە مرۆڤی تێدایە، هەرکات مرۆڤیشی لێ نەما، دەپێچرێتەوە و ئەو شوێنە ئاوەدان دەکرێتەوە کە مرۆڤەکانی بۆ دەڕوا کە بریتییە لە ژیانی دوای مەرگ (قورئان شایەتە).

تەماشای ئەم گرنگییە بکە کە بە مرۆڤ بەخشراوە لە ئیماندا. تەماشای ئەو بێڕێزییەش بکە کە لە ئیلحاددا دەیدرێتێ.

بێگومان نابێ ئەو بیرە سادە و ساویلکانە بێت بە بیری مرۆڤدا بڵێ ئەم مرۆڤە بچوکە چییە وا ئەم هەموو گرنگییەی پێ دەدرێ؟

ئەوە قسەی ئەو کەسانەیە کە عەقڵیان لە چاویاندایە. ئەگینا مشتێک ئاڵتون هەزاران هەزار فەردە لۆکە و چەندین تەن گەنم و برنج دەکات. لەبەرخاتری بریتێکی زۆر بچکۆلە، چەندین پارچە

لەفاف و برینپێچی گەورە بەکار دێ. لەبەرخاتری سێ مرۆڤ کە بە هەرسێکیانەوە ٢٠٠ کیلۆ نابن و پێنج مەتر چوارگۆشە ناگرن، مالێکی ٢٠٠ مەتری دروست دەکرێت. لەبەرخاتری هەستی بریندارى هاوڕێیەکت کە بە دوو خولەک دڵی بریندار بووە و عاجز بووە، تۆ سەدان خولەکی لەگەڵدا بەسەر دەبیت تا ئەو خەفەتەی بیر بچێتەوە. گەر بابەتەکە بە قەبارە و گەورەیی بوایە، دەبوو وەحی بۆ ئەستێرە و کونەڕەشە گەورەکان بهاتایە کە هەرچەندە ئەوانەش لەچاو هەندێ بوونەوەری دیکەدا هێشتا بچووکن.

کەسی ژیر لەبری ئەو ڕەخنە لاوازە، دەچێ و دەگەڕێ بەشوێن گرنگیی ئەم مرۆڤەدا کە هۆی چییە ئەو هەموو بایەخەی پێ دراوە؟

لەبری ئەوەی وەک هاوڕێیەکی کاڵفامی نوسەری ئەم کتێبە کە نامەیەکی بۆ ناردبوو و تێیدا نوسیبووی من بڕوام بە خودا نەماوە لەبەر ئەوەی ناچێت بە عەقڵمدا خودا لەناو ئەم گەردوونە فراوانەدا ئاگای لەم مرۆڤە بچوکە بێ کە ناکاتە یەک لەسەر ملیاریشی... دەیوت ناچێت بە عەقڵمدا بێت و قسە لەگەڵ ئەم بوونەوەرە بچووکەدا بکا و زەوی و ئاسمانەکان بخاتە خزمەتییەوە!

بەڵام هەر ئەو هاوڕێ نەزانەی کە ئومێد وەهایە لە داهاتوودا و بەر لە مەرگی، لەو نەخۆشیی ئیلحادە چاک بێتەوە، بەڵایەوە ئاساییە تاقیگەیەکی ٢٠٠ مەتری بە دەیان ئامێریی بێشکەوتوو، دەیان پڕۆفیسۆر و پسپۆڕ، خەریکی لێکۆڵینەوە بن لەسەر میکرۆب و ڤایرۆسێک کە دەبێ سەدان جار گەورەی بکەیت ئینجا ببینرێ!

وەک لە پێشتریشدا باسمان کرد، ئەم بابەتانە ئیلاقەی بە عەقڵ و چوون بە عەقڵدا نییە، بەڵکوو ئەوان حەزیان لە باوەڕداری نەماوە و ئیتر دەست بە بیانووگرتن دەکەن.

گەر بمانەوێ باسی گرنگیی شتەکان ببەستینەوە بە گەورەییەوە، ئەوە هەر زوو دەدۆڕێین، چونکە دڵ و مێشک کە دوو گرنگترین پارچەی لەشن:

دڵ سەدا سفر و پۆینت پێنجی قەبارەی لەش پێک دەهێنێت و کێشەکەشی بەگشتی ٤٠٠ گرامە لە مرۆڤێکی پێگەیشتوودا.

مێشکیش سەدا دووی قەبارەی جەستە پێک دەهێنێت کە دەکاتە تەقریبەن کیلۆوچارەکێک (١٣٠٠ گرام) و لە ڕووی شوێنیشەوە ناگاتە ١٥ سم درێژی و ١٠ سم پانی، کەچی هەزار هەزار ئەوەندەی قاچ و دەست و شوێنەکانی دیکە گرنگترە.

ئایا مولحیدە دەتوانێ بە شتێک بڵێ گرنگ و بە شتێک بڵێ ناگرنگ؟

هەرچەندە مولحید ناتوانێ بە شتێک بڵێ گرنگ و بە شتێکی دیکە بڵێ کەمتر گرنگ، چونکە لای ئەو هەموشتێ هەر مادەیە و ماددەش گشتی لە کوارک پێکهاتووە کە سەرەکیترین و بچوکترین بەشی گەردیلەیە و هیچ بەڵگەیەک نییە کە کوارکێک لە خودی خۆیدا لە کوارکێکی تر گرنگتر بێت...

جیاوازیی چییە لەنێوان گۆشتی منداڵەکەی و گۆشتی بەرخ؟

پاشان ئەم خانەیە لە هیچەوە هاتووە و بۆ هیچ دەگەڕێتەوە و هیچ بەڵگەیەکی زانستیی بەدەستەوە نییە بڵێ مێشک گرنگترە، بەڵکوو ئەوە بەڵگەی سوود و قازانجە و شتێکی زانستی نییە، بەڵکوو ئەخلاقی و هەستییە پێمان دەڵێ چاو لە پەنجە گرنگترە و دڵیش لە قاچ... گەڕ دەڵێ وا نییە، با لە تاقیگەدا پێمان بڵێ و بۆمان بسەلمێنێ بە سەلماندنی زانستی.

بۆیە گەر مولحید ڕاست بکات لەگەڵ ئیلحادەکەی خۆی، دەبێ گۆشتی لەشی منداڵەکەی و گۆشتی بەرخێک وەک یەک تەماشا بکات و هەردووکیشی بۆ بخورێ!

ئێستاش تەماشا دەکەین بزانین مولحیدە بەناوبانگەکان، ئەوانەی کە ئێستا ڕابەرایەتیی ئیلحاد دەکەن و بەردەوام وشەی زانست لەسەر زمانیانە، چۆن باس لە گرنگیی مرۆڤ و سەرەنجامەکەی دەکەن؟! با بزانین ئەم مرۆڤەی کە ئەم هەموو شتە لە خزمەتیدان و خۆر لە هەر چرکەیەکدا ٤ ملیۆن تەن وزە زیاتر دەسوتێنێت کە ئەگەر هیی ڕۆژێکی حساب بکەی دەکاتە (٣,٦٢ لێکدانی [١٠١١] تەن ؛ واتە ٣٦ بنوسە، پاشان دە سفر لە بەردەمیدا؛ ئەوەندە تەن دەسوتێنێ بۆ ئەوەی ژیان لەسەر زەوی هەبێ. ئایا ئەو گشتە مەسروفە هەروا لە خۆڕا؟!

ئەوان پێیان وایە مرۆڤ کە مرد، ئیتر نایەتەوە... گاڵتە دەکەن و دەڵێن خۆ ئێمە سەوزە و کەوەر نین، کە دوراینەوە سەرهەڵدەینەوە!

ڕابوێرە دڵت خۆش کە! چما خەم لەبەری
دەرفەت لە دەست ئەگەر نەدەی بەختەوەری
یەکجارە کە دروایەوە هەڵنادەیەوە
هۆشی بدەرێ مرۆی، نە سەوزە و کەوەری[1]

بەڕاستی کاتێک مرۆڤ لە قۆناییەکانییدا بیر دەکاتەوە کە بمرێ ئیتر هەمووشتێ تەواو دەبێ، بڕوا ناکەم بتوانێ چێژی ڕاستەقینە لە هیچ شتێ وەرگرێ، هەر بۆیە ئیلحاد بۆ خۆدزینەوە لە ئازاری قوڵی نەمانی هەتاهەتایی، بەردەوام لە بیری داهێنانی دەرمانی ئازارشکێن و هۆشبەردان، ئەوەتا ڕۆژانە یەک ملیار دۆلار بۆ مادده هۆشبەرە نایاساییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا سەرف دەکرێ و ئەمڕۆ لە کاتی پێداچوونەوەی ئەم نوسینەدا تا ئێستە کە کاتژمێر ٥:٢١ عەسرە، ٧٩٣ ملیۆن دۆلار خەرج کراوە کە ئەم داتایە تا دوانزەی شەو نزیکەی ٧ سەعاتی ماوە.

بۆچی گوێ لە یەکێک لە مولحیدەکان نەگرین بزانین چۆن باسی مردن دەکات؟

بێرتراند ڕاسڵ و دوای مردن

بێرتراند ڕاسڵ دەڵێت: (بڕوام وەهایە کاتێک دەمرم، ئیتر بۆگەن دەکەم؛ ئیتر هیچ بەشێک لە ئیگۆکەم ململانێی مانەوە ناکات)[2].

١ چوارینەی "عومەری خەیام"ـە.
2 - «I believe that when I die I shall rot, and nothing of my ego will survive.»,

واتە هیچ شتێکم لێ نامێنێتەوە و ڕۆح و گیان و شتم هیچیان ناچن بۆ هیچ جێگەیەکی دیکە و چەشنی بڵقێ کە لە کەناری دەریا دەتەقێ و هەرگیز دروست نابێتەوە، منیش ئاوام لێ دێ.

داوکینز و دوای مردن

لە چاوپێکەوتنێکدا هەمان پرسیار لە ڕیچارد داوکینزیش دەکەن، لێی دەپرسن: ئەگەر بمری چیو لێ دێ؟

ئەڵێ: هەمان وەڵامی ڕاسڵ دەدەمەوە، کە بمرم بۆگەن دەکەم و دەڕزێم، ئیتر هیچ بەشێکم نامێنێ هەوڵی ململانێ بدات[1].

پاشان بابەتەکەش دەبەستێتەوە بە زانستەوە کە گوایە تۆ هیچ شتێکت کە نەما و گەنیت و مێشکت نەما، ئیتر لەکوێ سەوز دەبێتەوە؟

کێشەی ئەو بیرکردنەوە لەوەدایە ئەو هەمووشتێکی مرۆڤی لە جەستەدا کۆکردووەتەوە و هیچ بەهایەکی بۆ هەستەکان، حەز و ئارەزوو و ئاواتی دڵ و خۆشەویستی و ڕق و ئەو جۆرە بابەتە نامادییانە دانەناوە.

Why I Am Not a Christian, Bertrand Russell, p. 107

1 https://www.youtube.com/shorts/-YXia0SsK84

گەر بتوانرێ ئەو ڤیدیۆیە تەماشا بکرێ، بەڵام لە کاتی تەماشاکردنەکەدا جوان لە ڕوخساری داوکینز ورد بەرەوە، ئەو کاتەی دەڵێ بەڵێ دەڕزێم و ئیتر ناکرێ سەرهەڵبدەمەوە، ئا لەو کاتەدا شتانێکی سەیر لە ڕووخساریدا دەخوێنرێتەوە کە کورتە و پوختەکەی بریتییە لە وشەی «ئاخ».

لێرەدا چەند ڕەخنەیەک ئاڕاستەی ئەم بیرکردنەوەیە دەکەین:

١- ئایا ئێوە کە بانگەشە بۆ زانست و تەنها زانست دەکەن، ج بەڵگەیەکی زانستیی هەیە ئەوەی سەلماندبێ کە مرۆڤ زیندوو ناکرێتەوە؟ ئایا زانست لەم بارەیەوە قسە و توێژینەوەی سەلمێنەری هەیە؟ لەکاتێکدا ئێمە ڕۆژانە زیندووبوونەوەی تۆوەکان دەبینین کە نموونەیەکی بچوکی زیندووبوونەوەی مرۆڤن. بەهار دەبینین کە نموونەیەکی عەمەلییە بۆ بەهاری هەمیشەیی!

تۆ کام تۆوت بینیوە خرابێتە ناو زەوی و نەڕوابێتەوە؟ ئێستە بۆ گومانت لە تۆوی مرۆڤ هەیە سەوز نەبێتەوە دوای ئەوەی خرایە گۆڕ و خاکەوە؟

٢- ئەو لە قسەکەیدا باسی ئیگۆ دەکات، هەر بەو زمانە سادە و بێبیرکردنەوەیەی خۆی لێی دەپرسرێ: ئەی هۆی مانەوەی پەیوەندی و یادگاری و خەیاڵەکان چین؟ خۆ دەبوو ئەو کەسەی کە دەمرێ، لە هیچ ڕوویەکەوە پەیوەندیی بە کەسانی تردەوە نەمایە و بەیەکجار لە یادەوەری و خەیاڵەکانیشدا بسڕدرایەتەوە؟ ئەی بۆچی هێشتا ماون و هەر دەشمێنن؟

٣- ئێوەی مولحید کە پێتان وایە مرۆڤ بەردەوام لە ئیڤۆلیوشندایە، واتە لە خانەیەکی زیندووەوە توانیویەتی ئاوا خۆی گەورە و گرنگ بکات بیگەیەنێتە مرۆڤێکی هۆشمەندی وریا، ئایا هۆکار چییە پەرەسەندن ناتوانێ لەم مرۆڤەشەوە بیگەیەنێت بە شتێکی گەورەتر؟ ئایا هیچ بەڵگەیەکی زانستی هەیە پێمان بڵێ بیردۆزی پەرەسەندن لەوێدا دەوەستێ و هیچ کارێکی پێ ناکرێ؟ یان ئەوە قسەی خۆتانە بۆ ئەوەی بڵێن ژیانێکی تر نییە لێمان بپرسرێتەوە و حساباتی کردەوە خراپەکانمان لەگەڵ بکرێ؟

بێگومان حەزیشیان لێ نییە بوونی دۆزەخ ڕاست بێ، چونکە لە قازانجیان نییە... چونکە سەلماوە ئەوەی حەزی لە شتێک نەبێ، دەگەڕێ و دەیەوێ بیسەلمێنێ ئەو شتە ڕاست نییە.

٤- ئەگەر ئەم بیرکردنەوەیە ڕاست بێ، ئەوە هیچ فەرق و جیاوازییەک لەنێوان ئەو کەسانەدا نابێ کە سەرزەوی ئاوەدان دەکەنەوە و ئەوانەش کە کاولی دەکەن. بیهێنە پێشچاو ئەگەر کەسێک شەوورۆژ خەریکی خزمەتی نەخۆش و هەژار و کەسوکاری بێ، یان دوو کەس یەکیان بیست ساڵی تەمەنی خزمەتی دایکوباوکە نەخۆشەکەی کردبێ و ئەوی دیکەشیان هیچی نەکردبێ، مادەم لە بڕوای ئیلحاددا هەمووان دەڕزێن و دەگەنن، ئیتر هیچ فەرقێک لەنێوان ئەم دووانەدا نییە! ئەمە پەل دەکێشێ بۆ مەسەلەی ئەخلاقی گشتی و ئەخلاقی کەسی، یان ئەخلاقی سەبجێکتیف و ئۆبجێکتیف کە هیچ دڵێک لەسەر زەویدا ئەو دوو کەسە یەکسان ناکات. وەک وتمان ئێمە زیاتر لەم کتێبەدا قسە لەگەڵ دڵ و قوڵاییەکانی دڵدا دەکەین، بۆیە لێرەشدا هەمدیس دەپرسینەوە:

ئایا پێت وایە ئەو دوو کەسەی سەرەوە، هەر لە دنیاش وەک یەک سەیر بکرێن؟

بێگومان نەخێر، ئەوەیان کە زیاتر خزمەتگوزارە، ڕێزی زیاترە. دەی دنیا نموونەی قیامەتە و مشتێکە لەو خەرواڕە (بێگومان بە مەرجی باوەڕبوون بە خودا). ئایا تۆ دراوسێیەتی لەگەڵ کامیان دەبەستی؟ بەتەمای ئەوە بی خانوو بکڕی، خانوو لە نزیکی ئەو کەسەیان دەگری کە بیست ساڵ خزمەتی دایکوباوکی کردووە، یان ئەوەیان خۆی لە خزمەتەکە دزیوەتەوە؟ ئەگەر ماڵەکەت ئاگر

بگرێ، یان تۆ لە سەفەر بیت و منداڵەکەت نەخۆش بکەوێ، کامیان بە سەیارە خێرا منداڵەکەت دەگەیەنێ نەخۆشخانە؟

هەروەها هەندێک لە مولحیدەکان، ئەوانەیان کە تۆزێک لە فیزیا و کیمیا دوورترن و لە فەلسەفە و فکرەوە نزیکترن، قسەکانیان زۆر جەرگبڕترە و بەردی سارد بەسەر دڵی مولحیدەوە دەنێن.

بوون و نەبوونی سارتەر

بۆ نموونە ژان پۆڵ سارتەر کە مولحیدێکی وجوودییە، لە بەناوبانگترین کتێبی خۆیدا (بوون و نەبوون)، لاپەڕە ٦٩٢، قسەیەکی هەیە، بۆ بەردی بکە، لە خەفەتدا شەق دەبا و زووتر لە کاتی خۆی دەڕزێ و دەمرێ. ئەویش دەڵێ: (مەرگ یەکێک نییە لە ئیحتیمالەکانی ژیانم، بەڵکوو کۆتایی ئیحتیمالەکانە)[1].

ئەم برگەیە ئاوێنەی دڵی زۆرینەی مولحیدەکانە و زۆرینەی ڕەهایان پێیان وایە دوای ژیان ژیانێکی تر نییە. بەڵام لێرەدا ئێمە پرسیارێک لەوان دەکەین و ئەوانیش یەکسەر بە پرسیار وەڵامی پرسیارەکەی ئێمە دەدەنەوە:

ئێمە دەپرسین: ئایا ئێوە چۆن دەزانن مردن کۆتاییە؟

ئەوانیش دەپرسن: ئەی ئێوە چۆن دەزانن کۆتایی نییە؟

1 «Death is not one of my possibilities; it is the end of my possibilities.», **Jean-Paul Sartre,** Being and Nothingness, p. 692

بێگومـان هەمیشـە ئیمـان وەڵامـی پێیـە و ئیلحـاد دەبـێ گـوێ بگرێ. ئەوسـا لـە ئەنجامـی قسـەکانی ئێمـەوە ئەوانیش فکرەیەکیـان بـۆ دێ.

مەبەستم ئەوەیە: ئەگـەر ئێمە نەمانوتایە زیندووبوونـەوە هەیە، ئـەوان هـەر نەیاندەزانـی بڵێن نییـە.

مەبەسـتم ئەوەیـە: ئەگـەر لـە سـەرەتای مرۆڤایەتییـەوە ئیماندارەکان هیـچ قسـەیەکیان نەکردایـە و تەنها بـە دڵ ئیمـان بگوازرایەتـەوە، ئیلحـاد هیـچ قسـەیەکی نەدەبـوو بـۆ کـردن. تـەواو وەک ئـەو دوو کەسـەی کە یەکیان پـڕە لـە قسـە و بیر، هەرکاتیش دەست بـە قسـەوباس دەکات، شتێکیش دەچـێ بـە گوێی بەرانبەرەکەیدا و لـە ئەنجامـی ئـەو بیستنەوە ئەویش دەکەوێتە قسـە و دەڵێ نەخێر ئەمەیان وا نییـە و ئەوەشیان وا نییـە! خـۆی هیـچ تـەرح و بابەتێکـی پـێ نییـە، بەڵکـوو هەمیشـە لەسـەر قسـەی ئەوانـی تـر قسـە دەکات!

کاتێـک لێشـی دەپرسـی ئـەی چۆنـە؟ ئەڵـێ نازانـم چۆنـە، بـەڵام ئـەوەی تـۆ نییـە، لەوانەیـە شـتەکە لەخۆیـەوە دروسـت بووبـێ، لەخۆشـییەوە نەمێنـێ، لـە خۆشـییەوە حـەز و ئـارەزووی بـۆ دروسـت بووبـێ، توانـای بیرکردنـەوەی بەرنامەڕێـژی بـۆ دروسـت بووبـێ.

واتـە گـەر ئیمـان قسـە نـەکات، ئیلحـاد هیچـی پـێ نییـە پێشکەشـی مرۆڤـی بـکات جگـە لـە:
نازانم.

وابزانم...
لەوەئەچێ!
لەخۆیەوە دروست بووە!
پێم وایە...
ڕەنگە!
نەمان!
فەوتان!
هیچ...

هیچ، شتی لێ بەرهەم دێ؟
خۆ دیارە ئەم وشانەش هێندەی دیکە دڵی مرۆڤ توند دەکەن و وەڵامی هیچ پرسیارێکی نادەنەوە؛ لەکاتێکدا ئەگەر هەر لە سەرەتاوە هیچ بووایە، ئەوکاتە هیچ پرسیارێکیش بۆ مرۆڤ دروست نەدەبوو، چونکە هیچ هیچی لێوە دروست نابێ؛ ئەوە «شت»ـە کە دەتوانێ شتی لێوە دروست ببێ. ئایا تۆ هەنارت پێ نەبێ، دەتوانی هەنارم بدەیتێ؟ ئایا تۆ هیچ هەنارت پێ بێ، دەتوانیَ چەن دانەم بدەیتێ؟

کارل ساگان و ئاواتی زیندووبوونەوە

کارل ساگان (Carl Sagan)، کە یەکێکە لە مولحیدە سەرسەختەکان و زۆریش شانازی بە ئیلحادەکەیەوە دەکات، لە لاپەڕە ٢٠٩ی کتێبەکەیدا بەناوی (نوختەی شینی زەردەلگەڕاو، یان نوختەی شینی کاڵەوەبوو) دەڵێت:
(پێم خۆشە بڕوام وابێ کاتێ دەمرم، هەمدیس سەردەدێنمەوە

و دەژیمەوە؛ بەو شێوەیە هەندێ لە بیرکردنەوە و هەستەکانم بمێنن... بیر دەکەمەوە بەشێک لە من بەردەوام دەبێ لە ژیان. بەڵام هەرچەند دەمەوێ بڕوا بەوە بێنم و، سەرباری ئەو بڕوا کۆنە بەربڵاوەی سەرزەوی کە بڕوایان بە ژیانی دوای مردن هەیە، هەرچەندی دێنم و دەیبەم، ناتوانم ئەوە لە ئاواتێک زیاتر ببینم)[1].

لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە: بۆچی تەنانەت مولحیدێکیش حەزی لێیە زیندوو بێتەوە؟ ئەبێ چی وای لێ بکات حەزی لێ بێ؟

١- بۆچی مرۆڤ ئەم هەستەی بۆ دروست بووە؟ ئەی بۆچی ئاوات بۆ نەمانی هەتاهەتایی ناخوات؟

٢- بۆچی لەبری ئەوەی ئاوات بۆ ئەوە بخوازی کە بەشێک لە تۆ بتوانێ درێژە بە ژیان بدات، ئاواتی نەمان لە ناخی مرۆڤدا سەوز نەبووە؟

٣- بۆچی هەمووان، واتە زۆرینەی سەرزەوی بەو شێوەیە خۆیان فریو دەدەن؟

٤- ئەی بۆچی زۆرینەی سەرزەوی بەپێچەوانەوە خۆیان فریو نادەن و بڕوا بە نەمانی هەتاهەتایی ناهێنن؟

1 "I would love to believe that when I die I will live again, that some thinking, feeling, remembering part of me will continue. But as much as I want to believe that, and despite the ancient and worldwide cultural traditions that assert an afterlife, I know of nothing to suggest that it is more than wishful thinking.", Carl Sagan, Pale Blue Dot, p. 209

ئایا ج پەیوەندییەک لەنێوان دڵی ئەم هەموو مرۆڤە و حەزی مانەوەی هەتاهەتاییدا هەیە وا زۆرینەی هەرەزۆری سەرزەوی لە قوڵاییەکانی دڵیانەوە ئاواتی مانەوە و نەمری دەخوازن؟

ئێستا ڕەنگە یەکێک لە کاتی خوێندنەوەی ئەم لاپەڕەیەدا بڵێ نەخێر من وا نیم، بەڵکوو حەزم لێیە بمرم و هەرگیزیش زیندوو نەبمەوە...

ڕاوەستان لەسەر ئەو قسەیە:

کاتێک وەک دایکێکی دڵسۆز، یان کەسێکی زۆر نزیک، لێی نزیک دەبینەوە و دەگەڕێین بەناو کۆڵانە پێچاوپێچەکانی دڵیدا، دەبینین غەم و خەفەت وای لێ کردووە ئاوات بۆ نەمان بخوازێت... هەر ئەم کەسە چوار ساڵ لەمەوبەر کاتێ ئاسایی ژیانی دەگوزەراند، حەزی لە نەمری بوو، دوای چوار ساڵیش کە ئەم خەمەی تێدەپەڕێ، هەمان حەزی بۆ دروست دەبێتەوە.

کەواتە ئەو کەسەش کە ئێستا لەگەڵ ئێمەدا هاوڕا نییە و لەبەر خەم و بێتاقەتی و قەرزاری و نەخۆشی حەزی لێیە بمرێ و نەمێنێ، ئەگەر ئەو کێشەی بۆ چارەسەر بکەیت، نەخۆشییەکە لە لەشی بکرێتە دەرەوە، قەرزەکەی بۆ بدرێتەوە، خەفەتەکەی دڵی لابرێ، خێرا دەچێتەوە سەر دۆخی ئاسایی و حەزی لە نەمری و ژیانێکی دوورودرێژ بۆ دروست دەبێتەوە.

نموونەی ئەو منداڵەی دەمی تاڵە

نموونەی ئەم کەسە وەک ئەو منداڵە وایە کە توشی نەخۆشییەک بووە و دەمی تاڵ بووە، بۆیە هەرکات هەر شتێک دەخوا، لە دەمیدا تاڵ دەنوێنێ و بەو هۆیەشەوە ڕقی لە هەموو خواردنە شیرینەکانیش هەڵدەستێ و بە تاڵیان دەزانێ. بەڵام کاتێک تاڵییەکەی ناودەمی چارەسەر کرا، حەزی بۆ خواردنەکان دروست دەبێتەوە و پەشیمانیش دەبێتەوە لە غەیبەتکردنی ئەو خواردنە هەژارانە کە پێی دەوتن تاڵ و ناخۆش!

تەنانەت مولحیدیش ناتوانێ هەستەکەی بشارێتەوە

کارل ساگان لەم نوسینەیدا نەیتوانیوە ئەو هەستە خواپسکە بشارێتەوە کە ناخیدایە بۆ ژیانی دوای مردن هەیەتی و، دیارە لێرەدا ڕاسگۆیانە دوواوە. هەرچەندە ئەو، هەموو کلتور و دینانەی کە باس لە ژیانی دوای مردن دەکەن، هەموویانی زۆر بەسادەیی و بێ هیچ بەڵگەیەکی زانستی ڕەت کردووەتەوە، لەکاتێکدا ئەوان ئێمەیان وا فێر کردووە هەموشتێ بە زانست وەردەگرن و هەموشتێکیش بە زانست ڕەت دەکەنەوە، بەڵام دیارە لێرەدا هیچ بەڵگەیەکی بەکار نەهێناوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ ئەمانە تەنها هیوا و ئاواتی دڵخۆشکەرن! لەکاتێکدا ئێمە لە سەرەوەش وتمان: ئەی بۆچی لە خۆی ناپرسێ: بۆچی لەبری ئەو هەستە، پێچەوانەکەی لە مرۆڤدا نییە؟

یەکێکی دیکە لەو ڕەخنانەی یەخەی ئەم قسەی ساگان دەگرێ ئەوەیە: ئەو تەنها هاتووە نەفیی فکرە ئیمانییەی کردووە بەبێ ئەوەی هیچ جێگرەوەیەک پێشکەش بکات! ئەوەش بەردەوام کاری ئیلحادە کە هیچ سەلمێنەرێکی پێ نییە و تەنها و تەنها لەسەر فکرە ئیمانییەکان دەژی و دەوەستێ تا ئیمان شتێک بڵێ، پاشان ئەمیش بڵێ وا نییە و وا هەست ناکەم وابێ.

پاشان هەر ڕیچارد دەوکینز دەڵێتەوە: (ئێمە هەر دەمرین، ئەوەشە ئێمەی وەک کەسانێکی بەختیار نیشان داوە. هەندێ کەس هەرگیز نامرن چونکە هەرگیز لەدایک نەبوون. دوای ئەوەی دەمرین، ئیتر هیچ نییە، هیچ هیچ)[1].

ئەو هیچ هیچە ئازاری زۆر زۆرە و مرۆڤ هەرگیز بەرگەی ناگرێ.

فەیلەسوف ئەی سی گرەیلین و لەمانی دوای مردن

هەروەها فەیلەسوفێکی وەک «ئەی سی گرەیلین» زۆر بەڕوونی باسی ئەوە دەکات کە مەرگ دۆخی نەبوون و نەمانە و دەڵێ: (مردن دۆخی نەبوونە، بەتەواوی وەک ئەو کاتە وایە کە لەدایک نەبوویت)[2]. ئەم قسەشی لە هەمان ئەو کتێبەدا کردووە کە ناوی

1 - «We are going to die, and that makes us the lucky ones. Most people are never going to die because they are never going to be born. After we die, there is nothing — nothing at all.», Richard Dawkins› book *Unweaving the Rainbow: Science, Delusion, and the Appetite for Wonder*. Specifically, **Chapter 1**, titled «The Anaesthetic of Famlliarity.»

2 https://books.google.iq/books?hl=en&lr=&id=vwMPT-caKNkC&oi=fnd&pg=PT4&dq=there+is+no+life+after+death+A.C.+Grayling&ots=-

(مانای شتەکان: the meaning of things)ـە و ساڵی ٢٠٠١ نوسیویەتی.

هەروەها لەو کتێبەدا قسەیەک دەکات کە ماناکەی تەواو مولحیدانە و بێباوەڕانەیە بە زیندووبوونەوە و هەبوونی ژیانێکی دیکە، ئەویش دەڵێ: ئێمە تەنها ئەزموونی ژیان دەکەین، چونکە تەنها لە ژیاندا هەین و بە هیچ شێوەیەک ئەزموونی مردن ناکەین چونکە ئێمە نامێنین تا ئەزموونی مردن بکەین.

ئایا مولحید بەم قسانە دڵخۆش دەبێ؟

ئایا دەتوانێ لە وێستگە سەختەکانی تەمەنیدا پشت بە ئیلحاد ببەستێ و چاوەڕێی ئەوە بێ شتێکی بۆ لێک بداتەوە و مانایەک بە شتەکانی دەوروبەری ببەخشێ و کەمێک سەختیی بۆ ئاسان بکات؟

ئێستا ئێمە گریمانەیەک دەکەین و کەسێک دەهێنینە بەرچاومان و قسەی لەگەڵ دەکەین... دەتوانیت تۆش هەمان پرسیار لە خۆت بکەیت.

پێی دەڵێین وا دانێ ژیانی خۆت بە شێوەیەکی سروشتی تەواو دەکەیت و دەمریت، بەڵام دەزانی دوای مەرگی خۆت، هەموو مرۆڤایەتییش پاش ٣٠ ڕۆژ دەمرن و هیچکەس لەسەر زەوی نامێنێ!

ئایا لەو کاتەدا زاناکان بەشوێن چارەسەری دەرد و نەخۆشییەکاندا

J2KcQj5l5F&sig=eYeZI7_pULgov7kNRQnPyYZAAnk&redir_esc=y#v=onepage&q=there%20is%20no%20life%20after%20death%20A.C.%20Grayling&f=false

دەگەڕێن؟

ئایا خۆشەویستەکان هەوڵی خستنەوەی نەوە و منداڵ دەدەن؟

ئایا کەس ئامادە دەبێت هیچ خزمەتێکی بەرانبەرەکەی بکات؟

ئایا دایکان ناچار دەبن سکێ بۆ ماوەی نۆ مانگ هەڵگرن و دواتر پاش-یەک مانگ لەو هەموو زەحمەتە نەمێنێ و وەک بڵێێک بێ کە لە کەناری دەریادا دەتەقێ و هەرگیز دروست نابێتەوە؟!

هەر ئەمەیە فەیلەسوفی ئەخلاقی (Samuel Scheffler: ساموێل شیفلەر) لە کتێبێکی دیاری خۆیدا بەناوی (مردن و دوای ژیان)[1] هەمان گریمانە دەکات و سەرەنجامیش دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە هیچکەس هیچ فیداکاری و بەخشندەییەکی نەدەکرد. بگرە چەمکەکانی فیداکاری و خۆشەویستی و خزمەت لە جیهانێکی لەو شێوەیەدا ناتوانن لە میشک و دڵی دانیشتووانەکەیدا شیرین و مانادار بن.

ئایا گەر زیندوو نەبینەوە، عاقڵی زەرەرە یان قازانج؟

ئێمە هەموومان بەردەوام ستایشی عەقڵ دەکەین و دەڵێین شتێکی زۆر چاکە کە هەمانە.

بەڕای بەندە ئەگەر ژیانێکی تر نەبێ، بوونی عەقڵ گەورەترین سزایە، چونکە وای کردووە ئێمە بزانین دواتر دەمرین و هەرگیز زیندوو نابینەوە. ڕەنگە ئێمە ئەگەر عەقڵمان نەبووایە، هەرگیزیش بیرمان لەو جیابوونەوە هەتاهەتاییە نەکردایەتەوە و بمانتوانیایە هەر هیچ نەبێ چێژ و لەزەتێکی کاتی لە شتەکان وەرگرین و بمرین و هەر نەتوانین بیر لە

1 https://www.google.iq/books/edition/Death_and_the_After-life/5X-HAAAAQBAJ?hl=en&gbpv=0

هیچ شتێکی ناخۆش بکەینەوە، بەڵام بە هەبوونی ئەم عەقڵە، ناتوانین خۆمان لە بیرکردنەوە قوڵەکانمان بدزینەوە کە زۆرینەی هەرەزۆریان پەیوەستن بە چارەنوسمانەوە و بەردەوام بیرمان ئەوەتا بەلای ئەوەوە ئاخۆ دوای پەنجا ساڵی دیکە چین و لەکوێین؟

هەر ئەو هەستەی مرۆڤ کە بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی دەرمان و چارەسەردایە کە بتوانێ تەمەنی مرۆڤ درێژ بکات، نیشانە و بریسکانەوەی ئەو ئاواتە قوڵەی دڵە بۆ نەمری. ئەوەتا ڕۆژانە بەپێی سایتی جیهانپێو: worldometers.info ، زیاتر لە ١٦ ملیار دۆلار لە تەندروستیدا خەرج دەکرێ کە دیارە لە قوڵاییدا بۆ ئەوەیە مرۆڤەکان تۆزێ زیاتر بژین[1]. تەنانەت ئەو کەسانەشی کە خەڵکی تر دەکوژن، بۆ ئەوە ئەوان دەکوژن تا خۆیان زیاتر بژین!

مرۆڤ توانای هەیە چەند ساڵ نەمرێ؟

زانایانی بواری بایۆلۆجی تا ئێستا دەڵێن هەرچەندەش خۆمان لەگەڵ کەسێکدا ماندوو بکەین و ئەگەر هیچ شتێکی دیکە نەیەتە پێشەوە، دەتوانرێ بە دەرمان و چارەسەر کەسێک بگاتە ١٢٠ بۆ ١٥٠ ساڵ[2] کە ئەمەش لای ئەوان مایەی دڵخۆشی نییە، چونکە دڵ هەرگیز بە ١٥٠ و هەزار و سەد هەزاریش ڕازی نابێ!

بیهێنە پێشچاوت ئێستا یەکێک پێت بڵێ: فەرموو ئەوە سەد

1 https://www.worldometers.info/

پێگەیەکی زۆر باشە و داتای بەردەوام تازەکراوەی تێدایە سەبارەت بە شتە گرنگەکانی جیهان و چرکە بە چرکە تازە دەبێتەوە.

2 https://news.harvard.edu/gazette/story/2024/05/science-is-making-anti-aging-progress-but-do-we-want-to-live-forever/

هەزار ساڵ تەمەن بۆ تۆ و دایک و باوکت، پێکەوە بژین و ڕابوێرن!

خێرا دڵ دەپرسێ: ئەی دوای ئەو سەد هەزار ساڵە چیمان لێ دێ؟
دڵ تەنها بیر لە ئێستا ناکاتەوە!

گەر پێی بڵێی: وەک بڵقێکی کەناری دەریا دەتەقیت و هەرگیز دروست نابیتەوە و بابەگیان و دایەگیانیش ببڕای ببڕ نابینیتەوە؛ خێرا دڵەکە سیس و ناڕەحەت دەبێ و سەدان هەزار ساڵی لەبیر دەچێ و بگرە لێی دەبێ بە دەرد و ناخۆشی و بێتاقەتی... چونکە ئەو شتی نەمری دەوێ! ئاواتی دڵ بریتییە لە هەتاهەتایی، هەر بۆیەش پزیشکەکان و بایۆلۆجییەکان دڵیان بەو دەرمانانە خۆش نییە چونکە ١٥٠ ساڵ شتێکی وا نییە بۆ ئەو!

بۆچی مرۆڤ خۆی دەکوژێ؟

هەموو کەسێ دڵتەنگ دەبێ کاتێ پێی دەوترێ چەند ڕۆژێکی دیاریکراوت ماوە لە ژیان، چونکە هەر بە شێوەیەکی ناوەکی مرۆڤ ژیانی خۆی پێ خۆشە و تەنانەت ئەوانەشی کە خۆیان دەکوژن، لەو خۆکوشتنەدا هیوایەک شک دەبەن و بەشوێن ئارامییەوە دەگەڕێن تا لە ناڕەحەتییەکان ڕزگاریان بێت، گەرچی لە دەرگایەکی هەڵە دەدەن و کارێکی خەتەر ئەنجام دەدەن. هەیانە مانایان لەدەست داوە، گەر ئیماندارێکی چاکی لێ پەیدا بێت و هیوا و مانا بداتەوە بە دڵی، هەرگیز خۆی ناکوژێ!

بەپێی ئامارەکانی هەمان ئەو پێگەیەی سەرەوە، لە هەر چل سانیيەیەکدا کەسێک بەهۆی بێهیواییەوە خۆی دەکوژێ کە زۆرینەی هەرەزۆریان کەسانێکن کە ئیلحاد ژەهراویی کردوون، یان خێر و بەرەکەتی دینیان پێ نەگەیەنراوە![1]

بۆچی ئەجەل شاراوەیە؟

ئەو هەستی ناڕەحەتبوونەی گشت کەسێ، نیشانە و دەرەوشانەوەی ئەو حەزی مانەوەیە، چونکە ئەگەر هەزار سالیش بژی، پێی بڵێی ئەوە ڕۆژێکی لێ کەم بوویەوە، خێرا دڵی بێتاقەت دەبێ و تەم دای دەگرێ... هەر ئەوەشە حیکمەتی شاراوەیی ئەجەل تا گشت ڕۆژەکان ڕێزدار بن و مرۆڤ هەموویان بەڕێزەوە تەماشا بکات...

خۆ گەر وا نەبووایە، خەڵکی لە سەرەتای تەمەنەوە دەستیان دەدایە گەندەڵی و سااڵی کۆتایی گشتیان دەبوونە پیاوخودا و چاکەکار... دیارە ئەوەش بنەمای ئازادایی مرۆڤ و چاکەکاری و خراپەکاری تەواو تێک دەدا و کەسی چاکەکار لە خراپەکار جیا نەدەکرایەوە...

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝١ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٣ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ۝٤ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ۝٥ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ۝٧﴾ الفاتحة: ١ - ٧

1 https://www.worldometers.info/

سیمینارێک بۆ کۆمەڵێک تەلەبەی تایبەت

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

جوانترین سەلاوات لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ سەلاواتی کە لای ئاسمانننشینان جێگەی سەرنج بێ، ئەوەندە جوان بێ! (ئەڵڵا چەند خۆشە.)

ئەم چەند لاپەڕی کۆتایی، هەوێنی ئەم کتێبە بوو!

بڕیار درا کە سیمینارێک لەسەر ئەو پرسیارانە پێشکەش بکەم کە مولحید ناتوانێ وەڵامیان بداتەوە، بەندەش خۆم بۆ حازر کرد و لە نزیکەی ٣٥ خولەکدا پێشکەشی زیاتر لە ٤٠ تەلەبەی تایبەت کرا.

پاش لێبوونەوە لە سیمینارەکە، جەنابی مامۆستا شاخەوان حەسەن زۆری بەدڵ بوو، لە بەدڵبوونەکەی ئەوەوە خوای پەروەردگار خستییە دڵەوە کە بکرێ بە کتێبێ. بەڵام دیارە کتێب و سیمینار زۆر جیاوازن؛ بۆ کتێب دەبێ زیاتر سەرچاوە بەکار بهێنی و سەرچاوەکانیش دانرێتەوە.

فەزڵی پەروەردگار وا بوو کە کتێبەکەش ئامادە کرا. تەماشام کرد ناکرێ سیمینارەکە پشتگوێ بخرێ لەکاتێکدا ئەو هەوێن و ڕەحمی دروستبوونی کتێبەکە بوو، بۆیە داوام لە لە دادە (نوها هادی) کرد کە سیمینارەکە بنوسێتەوە؛ بەڕێزیشیان لە ماوەی یەک شەودا، دوای شەونخونی کە بۆ نوێژی بەیانی هەستام تەماشام کرد تەواوی کردووە و ناردوویەتییەوە. خوای پەروەردگار لە

خێری ئەم کتێبە بەشێکی باش باشی پێ ببەخشێ (اللهم آمین برحمتک).

فەرموون ئێوە و سیمینارەکە:

بسم الله العلیم الخبیر

ئەو پرسیارانەی مولیحد ناتوانێ وەڵامی بداتەوە

سوپاس بۆ ئامادەبوونی دانە دانەی بەڕێزتان...

هەرچەندە ئێمە خاوەنی مەیدانەکەین، ئێمە جواب ئەدەینەوە، ئێمە درەختی بەردارین، ئەو ئەپرسێ ئێمەش جواب ئەدەینەوە... پێش ئەڵێین فەرموو با جوابت بدەینەوە ئەگەر گوێ ئەگری... ئەگەریش نا، ئەوە ئیتر دەسەڵاتی ئێمە نییە، چونکە دڵ بەدەستی پەروەردگارە.

ئەو بیرکردنەوەیە هەڵەیە کە ئەڵێ ئەبێ ئێمە هێرش بکەین، ئەوە لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدایە، ئەگینا ئێمە خاوەن ماڵین، جێنشینی پەروەردگارین لەسەر ئەم زەوییە، ئەبێ دانیشین جوابیان بەینەوە و خزمەتیان بکەین و نازیان هەڵبگرین.

پرسیارەکان بۆ مولحید:

١- تێگەشتنی ئێوە لە گەردوون چییە؟ چۆن دەتوانن شەرحی ئەوە بکەن کە هەموو شتێک لە هیچەوە بەبێ دروستکەر هاتوونەتە بوون؟ ئەم هەموو ڕێکوپێکییە چۆن لەخۆوە هاتووەتە بوون بەبێ دروستکەر؟

مولحید کە ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەکرێتەوە، سێ دەقە ناتوانێ قسە بکات، دووەقەی قسەکانی بێمانایە... قسەی یەکەمی

لەگەڵ دووەمی یەکدنیای فەرقە، ئەوان لەسەر گومان و شوبهە و پرسیارکردن لەسەر بیرۆکەکانی ئیمە بەندن، تۆ قسەیەک ئەکەی ئەڵێ (نا... ئەی ئەگەر وابوو...) ئاخر تۆ خۆت وەرە شت پێشکەش بکە!

مولحیید ئیشی بەس ئەوەیە لەسەر بیرۆکەی تۆ قسەبکات... (قورئان و دوو کتێبە سەحیحەکە) لابەرە، یەک قسەی نامێنێ، ئەگەر ئەو دوو سێ شتەی ئەهلی ئیمان لابەری قسەی نامێنی... هیچی پێ نییە.

چۆن ڕووبی ئەکەنەوە ئەم هەموو ڕێک و پێکییە لەکوێوە دێت؟

بۆ نموونە ئێستا تۆ دکتۆری دانی... دان لە کوێوە خۆراکی بۆ دێت؟ خۆ پەیوەستە بە نووکی پێوە، نووکی پێ کێشەی بۆ دروست بی دانیش بۆی دروست دەبێ، مێشک، دڵ، گورچیلە کێشەیان بۆ دروست بێ دانیش بۆی دروست دەبێ... کالیسۆم نەمێنی دان بۆی دروست دەبێ، ئەم هەموو ڕەبتە، ئەم ڕێک و پێکییە لە هیچەوە بەبێ دروستکەر ئەبێ؟!

٢- چۆن پێناسەی ئەخلاق دەکەی بە بێ بوونی هێزێکی باڵا ؟

ئەخلاق، چاکە و خراپە، ئایا بڕوات بە ڕاست و هەڵە، مانا و مەبەست هەیە لە ژیاندا؟ ئەگەر دەڵێیت بەڵی، ئایا ئەتوانیت سەرچاوەی ئەو ڕاست و هەڵە و مانایە باس بکەیت کە لە چییەوە یان لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ سەرچاوەی بەڕاستزانینی شتێک لە کوێوە دروست دەبێ؟ پێی بڵێ ئایا بڕوات بە ڕاست و هەڵە

هەیە؟ هەر ئەبێ بڵێ بەڵێ! ناتوانێ بڵێ نەخێر، ئەگەر وتی نەخێر یەک زللەی لێدە، چونکە زلله و ماچ یەک شتن، چونکە هیچ کامییان ڕاست نین و هیچ کامیشیان هەڵە نین، چۆن ئەتوانێ لێپرسینەوەت لێ بکات بڵێ من پێم خۆش بوو لەباتی شەپازڵە پێنج هەزارم بەیتێ، بە چ پێوەرێ؟ ئەی نابێ پێوەرێکی هەبێ؟ ئەبێ هەیبێ.

بەڵام ئەو دێت و لەسەر پێوەرە ئیمانییەکان، واتە پێوەرێکی ئیمانی بەکاردێنێ بۆ شتێکی ئیلحادی. ئەوەش نابێ و پێچەوانەی ئیلحادەکەی خۆیەتی.

کەواتە ناکرێ لەهیچەوە شتەکان سەرچاوە بگرن، ئایا ئەکرێ بێ ڕەوشت دروستکەری یاسا ڕەوشتییەکان بێ؟

٣. ئایا پێت وایە مرۆڤ ئازادە؟

ئەگەر بڵێ بەڵێ ئازادە، ئەوە قسەی خۆمان دەکەین؛ ئەگەر بڵێ نا نەخێر، قسەی خۆمان دەکەین.

جاری ناتوانیت بڵێ نەخێر ئازاد نین، لەبەر ئەوەی بڵێ نا من هەرچۆن لێی بدەم ئەو هەرچۆن لێم بدات، من هەرچۆن مااڵی ئەو بدزم و ئەو مااڵی من بدزیت، هەرچۆن یەک لەتوپەت بکەین، کەسمان ناتوانین بڵێن بۆ وادەکەیت؟ چونکە ئێمە ئازاد نین، بەڵکوولە دەرەوەی خۆمانەوە پێمان دەکرێ و لە دەرەوەی خۆمانەوە فشارمان بۆ دروست کراوە.

ئەگەر وتی بەڵێ ئازادین، پێی دەڵێین زەحمەت نەبیت ئازادی مرۆڤ لە کوێدایە؟

ئەگەر گەردوون لە هەرەمەکییەت و شپرزییەوە سەرچاوەی

گرتبێ، وەکو لە کیمیای کوانتەم باسی دەکەن و (لۆرانس کراوس) زۆر لەو بارەوە قسە دەکات کە کەسێکی مولحیدە و پێی وایە یاساکانی کوانتەم میکانیک دەتوانن ببنە جێگرەوەی خودا... ئەگەر وابێ، زەحمەت نەبێ ئەم شپرزییە چۆن ئەتوانێ ڕێک و پێکی بەرهەم بهێنێت؟

چۆن ئەتوانێ ئازادی بەرهەم بێنێ؟ کە ئازادی بریتیە لە جیاکردنەوەی چاک و خراپ، ڕاست و هەڵە، ئەخلاقی و نا ئەخلاقی.

تۆ کاتێ کە ئیرادەت هەبوو و ئازاد بوویت، ئینجا ئەتوانی شتەکان لێک جیا بکەیتەوە... واتە پێی بزانی، چونکە کە ئیرادە و نەبوو لەسەر یەک پڕۆگرام داڕێژراوی، تەنها چاکە ئەزانی... نازانی خراپە چییە؟ ئەوکاتە کە تەنها چاکەشت زانی، چاکە خۆشی نازانی! چونکە ئەبێ ئەزموونی خراپە بکەی (شەرت نییە ئەنجامی بەیت، ئەکرێ ببیستی، یان ببینی). تۆ ڕەنگی سوور نەبینی لەکوێ ئەتوانی بڵێی ئەم شتە سوور نییە؟! ئەبێ سور سەرەتا بناسی پاشان بڵێی ئەم شتە سور نییە.

باشە ئەم هیچە چۆن توانی ئازادی ببەخشێ بە مرۆڤ؟ باشە هیچ چۆن ئەتوانێ شت دروست بکات؟ لۆرانس کڕاوس ئەڵێ: (ئەم هیچەی ئێمە باسی دەکەین جیاوازە لە هیچە فەلسەفییەکە، ئەم هیچەی ئێمە باسی دەکەین بە پێی فیزیای کوانتەم بریتیە لە جۆلەیەکی شپرزی شەپۆلیی).

ئێستا ئەڵێین ئەگەر هیچ توانی شت دروست بکات و لەناو شتەکاندا توانی مرۆڤ دروست بکات کە ئاقڵترین بونەوەرە، ئایا

هیچ توانای هەیە؟ ئەگەر بڵێ نەء، نابێ، ئەبێ بڵێ هیچ توانای هەیە.

لێی دەپرسین دەڵێین توانای هەیە شت دروست بکات، ئەڵێ ئەبێ توانای هەبێ ئەگینا چۆن توانی شت دروست بکات و لە نەبوونەوە شت بێنێتە بوون؟

دوای ئەوە ئەڵێین ئایا زانستی هەیە؟ ئەگەر زانستی نەبێ چۆن ئەتوانێ تۆ بەشێوەیەک دروست بکات و ئەم بە شێوەیەکی دیکە کە دەموچاوتان جیاوازبێ، پەنجەمۆریشتان جیاواز بێ، لێدانەکانی دڵیشتان جیاواز بێ و لەکۆتایشدا قیامەتتان جیاوازبێ. کەواتە ئەبێ ئەم هیچە توانای هەبێ و زانستیشی هەبێ.

پاشان لەبەر ئەوەی شتەکانیشی ڕێکوپێکن، ئەبێ حەکیمیش بێ، دەی هەر خوای کرد، کەسی دیکە دەرنەچوو پەروەردگار نەبێ کە ئەمانە سێ بنەڕەتیترین تایبەتمەندیی پەروەردگارن کە ئەبێ زانا بێ، توانا بێ و حەکیم بێ.

زانا بێ شتەکان بزانێ، توانا بێ ئەو شتەی ئەیزانێ بتوانێ بیکا؛ دوایی ئەو شتەی ئەیکات زۆر زۆر باش بێ کەس نەتوانێ لەو باشتر بیکات.

ئێ ئەو ئەڵێ هیچ ئەم شتەی کرد، ئێمەش ئەڵێین ئەو هیچەی تۆ ناوت ناوە هیچ، پەروەردگارە، بۆ تۆ پێی ئەڵێی هیچ؟

کەواتە سەرەنجام هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە یەکێک هەیە، ئیتر هەر شتێک بێ، زانستی هەیە، توانای هەیە و حەکیمیشە. مانای

وایە لە هیچەوە نەبووە، بەڵکوو لە شتێکەوە دروست بووە کە خاوەنی ئەو سێ تایبەتمەندییەیە.

پاشان تایبەتمەندی هیی شتە، نەک هیچ! هیچ بێتایبەتمەندییە. کاتێک هیچ تایبەتمەندییەک نەبوو، ئەو کاتە هیچە.

٤. ئایا پێت وایە زانست دەتوانێ وەڵامی هەموو پرسیارە گرنگەکانی ژیان بداتەوە؟ یان لایەن و تەوەرەی دیکە هەیە کە ناکرێ لە ڕوانگەی زانستەوە قسەی لەسەر بکرێ؟

ئایا ئێمە ئەتوانین لە ڕووی کیمیاییەوە خۆشەویستی و ڕق و حەز ... کە هەمووی شتی کیمیایین بە قسەی ئەوان، دروست بکەین؟

ئەگەر شتی کیمیایی بن وەک لای (ڕیچارد دۆکینز)کە زیندەوەرناسە، پێی وایە زۆربەی شتەکان لە ئەنجامی جینەکان و کارلێکی کیمیایی و جوڵەی فیزیایی و شتەوە دروست دەبن، ئەوکاتە ئێمە دەتوانین بە هەندێ کارلێک و هەندێ دەرمان، وا بکەین کەسێک حەزی لە بۆ نموونە (کولەکە) نەمێنێ... بەڵام خۆ حەز شتێکی مادیی نییە، خۆشەویستی شتێکی ماددی نییە... ئەتوانین بە کۆمەڵێ دەرزی و گولاج، خەڵک موسڵمان و ئیماندار بکەین... بە حەب و دەرزی و دەرمان... چونکە ئەگەر شتەکان ماددی بن، ئەتوانین بچینە ناو جینەکانییەوە بیخوینینەوە، بزانین بەچی وای لێ هاتووە ئیماندار بێ! هەمان کۆد بێنین تەبعی بکەین لەسەر کەسە مەبەستەکە و ببێتە شازی ئیماندار! بەڵام ئەو کاتە ئازادی مرۆڤ نامێنێ کە گەورەترین تایبەتمەندییەتی... بێگومان کە ئەوە بەس خەیاڵە... تەنیا لە ڕووی بیرەوە ئەتوانین بیر لە شتی وا بکەینەوە... لە ڕووی واقیعەوە شتی وا ڕوو نادات.

یاسایەکی لۆجیکی هەیە ئەڵێ: (هەرشتێ بە خەیاڵ توانی و بیڵێی، مەرج نییە لە واقیعشدا بکرێ).

تەنانەت ٥٪ ی شتەکان مرۆڤ ناتوانێ لێکدانەوەی زانستی بۆ بکات. هەرکەسێک لەم سەر زەوییە توانی بڵێ چاو چۆن ئەبینێ ئێمە گەورەترین خەڵاتی ئەکەین! ددان چۆن بەهێز ئەبێ، دروست ئەبێ.

کەسێک ئەڵێ خۆراک ئەخۆم ئەبێ بە ددان! ئاخر خواردن چۆن بوو بە ددان.. پەردەیەک لەو بەینەیایە کە دەستی پەروەردگارە، خۆی شتێ ئەکات بە شتێکی دیکە لەژێر ئەو پەردەیەوە، ئەگینا تیشکی خۆر و کلۆرۆفیل و قوڕ لەژێرەوە، تەماتەی سەوز ناکەن بە سوور. کەس ناتوانێ لێکی بداتەوە، ئەو جوزئە زۆر بچووکەی زانستیش پەردەیەکی بەسەرەوەیە کە عەزەمەتی پەروەردگار وای کردووە دیار نەمێنێ، ئەگینا خودی خۆی کارەکان دەکات.

وەرە پێمان بڵێ ماسولکە چۆن گەورە ئەبێ؟ پرۆتین ئەخۆی... کریاتین ئەخۆی، ئەمە ڕوونی ناکاتەوە ماسولکە چۆن گەورە ئەبێ؟ بەچی؟ کریاتین چۆن ئەتوانێ شت گەورە بکات ئەگەر قودرەتی ئیلاهی نەبێت..

بیستن: ئەم دەنگە چۆن پەردەی گوێ ئەیکات بە قسە، چۆن ئەو هەوایە ئەچێت بە گوێدا و لە مێشکدا دەبێتە وشە و قسەی ماناداڕ؟! بابەت و مەسەلەکە زۆر گەورەیە.

٥. ئایا لێکدانەوەی تۆ چییە بۆ ئاگایی و ئەزموونە تاکە کەسییەکان کە بەتەواوی سنوورەکانی ماددە دەبەزێنن و دەچنە هەرێمێکی دورتر، وەکو خەو؟ ئادەی با ماددە خەو (خەوبینین)مان تێگەیەنێ؟

٦. ئایا لێکدانەوەی تۆ بۆ مردنی دوای ئەم ژیانە چییە؟

بەڕێزم ئەبێ مولحید بە شتی عاطیفی بگری، چەنێ بە زانست ئەگیرێ، هەزار ئەوەندە بە عاطیفە، چونکە زۆرترین لایەنی مرۆڤ عاطیفەیە.

ئێمە ڕۆژی پێنج خولەک ئاقڵین، واتە لێکدانەوەی سەداسەد عەقڵی ئەنجام دەدەین، ئەوی دیکەی هەست و سۆزەکانمان ئیش دەکات.

بەڵێ عەقڵ پاشایە، بەڵام هەست و سۆزەکان کاریگەریی زۆر قوڵیان هەیە و دەروازەن بۆ ئەوەی عەقڵ بکەوێتە ئیش.

مردن یەکێکە لەو شتانەی بە ئەقڵ زۆر لێی تێناگەین.

٧. ئایا مردن لەڕووی فەلسەفی و دەروونیەوە چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەرت؟

٨. لێی بپرسە بڵێ قەت وات لێ هاتووە گومانت بۆ دروست بێت لە ئیلحادەکەت؟

بشزانە ئەگەر کەسێک لە مولحیدییەوە بوو بە مەسیحی، ئەبێ زۆر دڵت خۆش بێ چونکە فەتحە. هەر ئەو دڵە سبەی دوو سبەی ئیسلامیشی تێ دەچێ، مادەم سنوری ئیلحادی تێپەڕاندووە.

وەک وتراوە باشترین جولەکە ئەوەیە کە دەبێتە مەسیحی، باشترین مەسیحیش ئەوەیە دەبێتە موسوڵمان... درۆزنترین موسوڵمانیش ئەوەیە کە لە ئیسلامەوە دەگەڕێتەوە بۆ مەسیحی... چونکە بە درێژایی مێژوو یەک کەس لە ئیسلام هەڵنەگەڕاوەتەوە و لە ئاینەکانی دیکەدا بووبێ بە زانا و خواپەرستێکی چاک... بەڵکوو لەبەر عەیشونۆشی دنیا و هەوا و هەوەس بووە... بەڵام هەزاران هەن لە دینەکانی تردە هاتوون و لە ئیسلامدا بوونەتە زانا و مونتەقی.

لێی بپرسە بڵێ قەت وات لێ هاتووە گومانت بۆ دروست بێت لە ئیلحادەکەت؟ بیخە قسە. مولحیدی وایان هەیە قسە ناکات. هەر لە ناوەوە خۆی ئەخواتەوە. سێ پرسیاری هەیە چونکە لە خەیاڵی خۆیاندا ئەوەنە پرسیارەکان ئەڵێنەوە وا هەستەکەن شاخێ پرسیاریان هەیە، کەچی وا نییە... کاتێکیش کەوتنە قسە بڵێ بەڵگەکانت بێنە یەک چارەکی بەرێ با قسە بکات بزانە چی ئەڵێ؟ چەنی دووبارەیە؟ با وەک ئەو هاوڕێیەی لێ نەیەت کە دەیوت: پرسیار سەری خواردووم! کاتێ پێیان وت: ئادەی با دەست بکەین بە ژماردنی پرسیارەکان، تەماشایان کرد هەشت پرسیاری بەزۆر بۆ خۆی دروست کرد و ئەوانی دیکەی هەموو دووبارە بوون!

بەڵێ کاتێ کەس گوێی لێ نەگرێ و خۆشی پرسیارەکانی نەنوسێتەوە و تەنها لە مێشکی خۆیدا بیهێنێ و بیبا، بێگومان وا دەزانێ زۆر زۆرە!

۹. پێی بڵێ مردن چییە؟ ئیلحاد چۆن پێناسەی مردن دەکات؟
۱۰. بۆچی لە مردن ئەترسن؟ ئەگەر تۆ ماددەیت هەر ئەبیتەوە بە هیچ، ئیتر بۆ ئەترسی؟ نییە بڵێ ناترسم... دڵی پێش زمانی قسەی کردووە؟ لێرەدا قسەکەمان ڕووی لە گوێچکە نییە، بەڵکوو ڕووی لە دڵە. ئەگەر وا نییە، بۆچی هەزار و یەک هەوڵ دەدات تا زیاتر بژی، خۆشتر بژی.

۱۱. خۆشویستنی منداڵەکەت یان دایک و باوکت چۆن پێناسە ئەکەیت؟ پێوەری تۆ بۆ خۆشویستن یاخود ڕق چییە؟
(کریستۆفەر هایچنز، کارل ساگان و) هەموویان ئەیبەنەوە بۆ پەرەسەندن. ئەڵێن بۆ ئەوەی بمێنینەوە نەسڵی خۆمان بپارێزین، ناچارین یەکترمان خۆشەوێ... هەوڵ ئەدەین لە بازنەی خۆشەویستیدا خانەوادە پێک بێنین.

ئەی ڕق بۆچی پەیدا بووە؟ ئەڵێن بۆ ئەوەی یەکتر بپارێزین و ئەگەر ویستیان شەڕمان لەگەڵ بکەن ڕقمان لێیان بێ و بەوەش خۆمان بپارێزین. ئەی ئەگەر بۆ مانەوەی جۆر بێ و جۆریش هیچ بەهایەکی نەبێ، بۆچی جۆری منداڵەکەی خۆتت بەلاوە گرنگە، ئەم گرنگییەتیەت لە کوێوە هێناوە؟ گۆشتی منداڵەکەی تۆ و گۆشتی بەرخێک فەرقی چییە؟ ئەبێ بڵێ نازانم .. ئایا تۆ ئەم منداڵەی خۆتت بۆ خۆشەوێ؟ باوک و دایک و خوشک و براکانت بۆ خۆشەوێ؟ ئەی بۆ خۆتت لە هەموو کەس خۆشترەوێ؟ ئایا بۆچی لەبری خۆشەویستی، ڕق نەبووەتە سەنتەر؟

١٢. ئایا چۆن تەفسیری ئەو حاڵەتە تایبەتانە ئەکەی کە تووشی دەبی؟ بۆ نموونە تەماشاکردنی ئاسمانێکی قوڵ قوڵی پڕ لە ئەستێرە لە شەودا؟ لێکدانەوەی تۆ چییە؟ بۆ هەستێکی نامۆیی و غەریبیت لا دروست دەبێ؟ خەیاڵت ئە چێ بۆ لای پەروەردگار و پێغەمبەران؟ یان ئەو کەسانەی کۆچی دواییان کردووە؟ یان دەچێ بۆ لای ترس و سەرسامی و ئیدی هەرکەسێک هەر ماوەیەک بیری دەچێ بۆ لای شتێک!

١٣. ئایا لەم کەشە دینیەی سەر زەویدا کە زۆرینەی سەر زەویی خوایەک دەپەرستن. تەنانەت گایەکیشی پەیا کردبێ، ئەیکا بە خوا چونکە لێی تێک چووە لەباتی خوا ئەسڵەکەدا دای ناوە کە ئەزانێ هەیە، بەڵام تەقەی لە دەرگایەکی هەڵە داوە.

هەروەک چۆن مرۆڤ ئەبێ لە ئەسڵدا خوای لە هەموو کەس خۆشتر بوێ، کەچی جاری وا هەیە نەفەرێکی خۆشەوێ، لێی ئەبێ بەخوا. گومانیشی بۆ دروست ئەبێ، ئەمم خۆشترەوێ یان خوا؟ خۆی لە ئەسڵدا دڵ بۆ خۆشەویستنی پەروەردگار دروست کراوە؛ بەڵام توشی شتێکی هەڵە ئەبێ، بۆیە دواتر خۆشەویستەکان توشی خەفەت ئەبن، چونکە دڵەکەی بۆ شتێکی هەڵە بەکار هێناوە! لێرەدایە دەبینین بەکۆی گشتی مولحیدان لە قوڵاییدا زۆر بێتاقەتترن تا کەسانی تر. هەر بۆیە ڕێژەی خۆکوژی و ماددە هۆشبەرەکان لەناو ئەواندا خەیاڵی بەرزە بە شێوەیەک لە هەر چل سانییەیەکدا کەسێک لە جیهاندا خۆی دەکوژێ کە دیارە ئیمانداران لەو کارە بەدوور«تر»ن.

١٤. ئایا لەم کەشە دینیەی سەر زەویدا هەست بە غەریبی ناکەی؟ یان ئیلحاد کەشێکی بۆ ڕەخساندویی کە هەست بە نامۆییت تیا

نەمێنێ؟ ئایا ئەوەتا ئیلحاد دەتوانێ کەشێکی وا بڕەخسێنێ کە تۆ هەست بە مورتاحیی قول بکەیت؟

١٥. ئایا بەشێک لەناخت جارو بار هەستی ئەوەت لا دروست دەکات کە ڕەنگە ئەم دین و دینداریە ڕاست بێت؟

١٦. ئایا کاتێ خەڵکی لە دەوروبەرت نوێژ دەکەن هەستی نامورتاحیت بۆ دروست دەبێ؟

١٧. ئایا لێکدانەوەی تۆ کە مولحیدی، چیە بۆ ئەوەی کە ئێمە وەکو ئیماندار هەمیشە دەڵێین مولحید داماوە؟ پێت ناخۆشە ؟

بێگومان هەرچی ئاژەڵە، ڕووەک و بەکتریایە هەموویان پەروەردگاری خۆیان دەناسن و ئیماندارن.

لەپاڵ سێوێکدا بڵێ خوا نییە، لەداخا شەق ئەبا! بە شاخ بڵێ، ئەڵێ ئەی من کێ دروستی کردووم؟! (کل قد علم صلاته وتسبیحه)، هەموان تەسبیحات و نوێژی خۆیان دەزانن، بەڵام ئێمە لێیان تێناگەین.

لەناو ئەم هەموو شتانەدا تۆی (مولحید) زۆر بێکەسی.
ئایا ئیلحاد ئەتوانێ پێنەی ئەم ناڕەحەتییە قوواڵە بکات؟
باسێکی ژیانی هەتا هەتاییت بۆ بکات؟

١٨. ئایا ئەگەر توشی شتێکی جیاواز بوویت پەنا ئەبەیتە بەر لێکدانەوە دینیەکان؟

هەندێکیان بێ ئەوەی بێڵن کەس بزانێ، کاتێک توشی شتێک دەبن، بێدەنگ دەچن و سەرچاوە دینییەکان تەماشا دەکەن بزانن ئەوان لەم بارەیەوە چ قسەیەکیان کردووە.

بێگومـان کاتێکیش دەچـن کـە هەمـوو درەگاکانیـان لـێ دادەخرێ. ئەوەش نیشانەی ئەو فیترەتە خوارسکەیە کە لە هەمـوو کەسێکدا هەیـە.

ئیلحاد ناتوانێ هیچ شتێک بۆتۆ دەستەبەر بکات، ناتوانێ وەلامـی ئەمانە بداتـەوە. ئایا هـەر گیز کورێک یـان کچێکتان بینیـوە، بەیانـی هەستێ، حەمـام بکات، قـژی دابێنـێ جلێکی جوان لەبـەر بکات، جانتا بگرێت بـە دەستیەوە بۆن بدات لـە خـۆی و بچێتـە بـەر دەرگا و رێک بێتـەوە و خـۆی بکاتـەوە بەناو جێگەکەیدا؟ کەس شتی وا ئەکات؟ خۆ ئەکرێ کەسـێ لەناو هـەزاردا وا بکات و ئێمـە بـەوە ئەڵێین ئەقڵی ناتـەواوە.

ئێستە ئەکرێ گـەردوون ئـەم هەمـوو وزەی تیـا سـەرف کـراوە، چـەن ملیـار ملیارملیـاری لـێ سـەرف بـووە، ئـەم هەمـوو میـوە پـێ ئەگات، ئـەم هەمـوو مەسـروفە لـە گەنجینەی پـەروەردگار کـە ئەکـرێ، ئایـا خـوای گـەورە ئـەم هەمـوو رێکوپێکیـە ئەنجـام ئـەدات بـۆ ئـەوەی دوایـی کـە تـۆ مردیـی زیندوو نەکرێیتـەوە؟!

بـاوەڕ بکـەن، ئیلحـاد هیـچ شـتێکی پـێ نییـە پێشکەشـی مرۆڤایەتـی بکات... خـۆ ئەگـەر موسڵمان لـە یەکـەم ڕۆژەوە قسـەی نەکردایـە، بەڵکوو تەنها بـە دڵ پەیامـەکان بنێردرایـە، وەکو تیشک بیزانیایـە کـێ ئیمـان وەرەگرێ یەکسـەر ئیمـان بچوایەتـە دڵی، واتـە هیـچ باسـێک نەبووایـە و کـەس هیچی نەبیسـتایە، تەنهـا دڵ شـتەکانی بخوێندایەتـەوە و نەهێڵرایـە

مولحید هیچ ببیستێ، ئەوا نەیئەتوانی یەک شت بڵێ لەبارەی گەردوونەوە.

نەیدەتوانی یەک شت پێشکەشی مرۆڤ بکات کە بێتە مایەی دڵخۆشی...

نەیدەتوانی وەڵامی یەک پرسیار بداتەوە، چونکە ئێمە ئەڵێین خوا هەیە ئینجا ئەو ئەڵێ نییە.. ئیماندار لەسەر هەرشتێ قسە بکات، ئینجا ئەویش قسەی لەسەر ئەکات.

لە کۆتاییدا پڕ بە دڵ:

سەلات و سەلام لەسەر پێغەمبەری پێشەوا ﷺ ئەو پێغەمبەرەی کە لە دایک سەدجار زیاتر بەرەحمتەرە بۆ مرۆڤایەتی و لە هەموان ئیماندار تر بووە؛ لە هەموان زیاتر متمانەی بە قورئان و بەڵێنەکانی ناوی هەبووە. لە هەموان زیاتر بڕوای بە نوێژ بووە بۆیە ڕۆژانە زیاتر لە ٥٠ ڕکات نوێژی کردووە؛ لە هەموان زیاتر لە هەڕەشەکانی قورئان ترساوە، بۆیە ڕۆژانە زیاتر لە ٧٠ یان ١٠٠ جار تەوبەی کردووە؛ لە هەموان زیاتر بڕوای بە ڕۆژوو بووە کە لە ساڵێکدا زیاتر لە ١٨٣ ڕۆژ بەڕۆژوو بووە. لە هەموان زیاتر تامەزرۆی بینین و دیداری پەروەردگاری بووە. لە هەموان زیاتر بەرهەمی هەبووە. داخۆ ئەبێ خەم و ئاواتی دڵی چۆن بووبێ، وا خوای پەروەردگار ئەو هەموو شتەی پێ بەخشیبێ؟ دیارە پەروەردگار بەخشندەیە ﷻ

خوایە سەلات و سەلامێ کە بگاتە دڵی، لەسەر خۆی و مال و منداڵ و هاوسەرەکانی؛ لە یارانی، ئەوانەی بەهۆی ئەوانەوە ئەم

نوورەمان پێ گەیشتووە؛ لە هەموو ئەوانەی لەم سەردەمەدا وەلی و خۆشەویستی خودان و ئیمە پێیان نازانین کە ڕەنگە زۆریش لێمانەوە نزیک بن و جاروبار عاجزیشیان بکەین.

اللهم صل وسلم على صاحب التاج والمعراج، سيدي وسندي محمد في القرآن، وأحمد في الإنجيل وأُحَيد في التوراة، صلاة يرضى بها الله، وتصل الي قلب نبيه المصطفى الذي هو أولى بنا من أنفسنا ويخاف علينا حين نعصي لأنه رأى بعينيه نارَ جهنم. اللهم اجعنا جاره وقريبه في الجنة ونشرب بيده الكوثرَ... اللهم آمين بعدد أنفاس أمته في الدنيا والآخرة وصل عليه بمثل هذا العدد وزيادة.

❖ ئەم کتێبە بێلایەنانە نەنوسراوە، وەک ئەوەی زۆرکەس بانگەشەی بێلایەنی دەکەن، بەڵکوو بەتەواوی لایەنگری بۆ ئیمان و سەلماندنی بەڵگەکانی و، ڕووخاندنی ئیلحاد و پوچەڵکردنەوەی ڕەخنەکانیان دانراوە.

❖ لەم کتێبەدا گرنگییەکی زۆر بە لایەنە هەستییەکان و پرسیارە قەلبییەکان دراوە و مولحید ناچار کراوە گوێ لە قوڵاییەکانی دڵی بگرێ و بزانێ ئایا ئیلحاد چەندە خۆشبەختیی ڕاستەقینەی پێ دەبەخشێ! ڕاستەقینە نەک کاتی و شتی پێنج دەقەیی!

❖ هەوڵ دراوە قسەی مولحیدە گەورەکان بهێنرێ و لێکدانەوەی قەلبی و ویژدانی و لە هەندێک شوێنیشدا عەقڵی بۆ قسەکانیان بکرێ.

❖ سەرچاوەکان و دەقی قسەکانیان وەک خۆی دانراوەتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر تەرجەمەکەشی بەدڵی هەندێک خۆشەویست نەبێ، وەک ئەمانەت دەقەکان هەبن و دواتریش وەک سەرچاوە بەکاربهێنرێنەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ئاماژە بەوەش بدرێ کە لەم کتێبەوە ئەو قسانە دەرهێنراون. دیارە ئەوە نیشانەی نرخاندنی ماندووبوونی کەسانی تر نیشان دەدات.

❖ لە کۆتاییدا بابەتێکی تێدایە کە هەوێن و ڕەحمی کتێبەکەیە. چونکە لەوێ کۆمەڵێ پرسیاری گرنگ لە مولحیدان کراوە کە دوای ئەوەشی زۆر خۆیان زەحمەت دەدەن، هەر ناتوانن وەڵامی بدەنەوە!

❖ کتێبەکە تەنها بریتی نییە لە وەڵامدانەوە، بەڵکوو لە چەندین شوێندا چەسپاندن و سەلماندنی ئیمانە کە هەر ئەوەش مەبەستە بنەڕەتییەکە، بۆیەش بەزۆری ڕوو لە دڵ کراوە.

٥٠٠٠ دینار

ISBN:978-0201-374-44-5

9 780201 374445